# پرۆژەی (100) ناميلكەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

بەرگی سێهەم

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نووسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێرانی: کۆمەڵێك نووسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (75)

# شێوەی حکومەت تا کوێ گرێداوەتەوە
# بە ویستو هەڵبژاردنی ئێمە؟

جۆن ستیوارت میل

وەرگێڕانی: محەممەد هاشمی

له هەموو بیرکردنەوەکانی تایبەت بە شێوەی حکومەت، کەم تا زۆر شوێن پێی دوو تیۆری ناکۆک دەربارەی دامەزراوە سیاسیەکان، یان بە واتایەکی تر شوێن پێی دوو هەڵهێنجانی دژ بە یەک لەم بابەتە کە دامەزراوە سیاسیەکان لە بنەمادا چین، دەبیندرێ.

هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن حکومەت جۆرێ هونەری کردەییەو پرسێکی تایبەت بەرهەم ناهێنێ، جگەلە ئامانجو رێگای گەیشتن بەو ئامانجە. ئەمانە شێوە جیاوازەکانی حکومەت بە مێتۆدە عادییەکانی تر کە بە مەبەستی دابینکردنی پێویستیەکانی مرۆڤایەتی بەکاردەهێندرێ و دەشوبهێنن، لەسەر ئەو باوەڕەن حکومەت بە هەموو بونیادەکانیەوە دروستکراوی دەستی مرۆڤە، بەم پێشەکیەوە بەڵگە دەهێننەوە چونکە مرۆڤ دروستکەری ئەم حکومەتانەیە، هەر ئەویش دەتوانێ دروستیان نەکات، یان ئەگەری سازیانی کرد، گەڵاڵەو پلانەکەی بەویستی خۆی هەڵبژێردرێ و دابڕێژێ. بەپێی ئەم بەڵگانەندنە پرسی حکومەت دەبێ وەک هەر پرسێکی تر کە مەبەستەکەی سود و بەرژەوەندییە بزانرێ و گەڵاڵەکەی بە وردی دابڕێژرێ. لەم بوارەدا مەرجی هەنگاوی یەکەم ئەوەیە ئێمە ئەو ئامانجانەی دەسەڵاتەکان بۆ پێشبردنیان دروستدەکرێ، پێناسە بکەین. دواتر لێکی بدەینەوەو بزانین کام بەشی حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستو ئامانجە بە کەڵکترە. ئەوکانەی خەیاڵمان لەم بارەوە ئاسودەبوو، واتە شێوەی حکومەتیمان دیاریکرد کە چاکە تێیدا لە لوتکەدایەو خراپە

کەمترنییە، تەنها شتێک کە دەمێنێتەوە ئەوەیە ڕەزامەندی هاونیشتمانەکانمان، یان ڕەزامەندی ئەو کەسانەی کە ڕێکخراوە بۆ ئەوان دامەزراوە بە دەستبهێنین‌و ناچاریان بکەین بەوەی باوەڕیێ کە ئێمە بەنهێنی دەربارەی شێوەی حکومەت پێی گەیشتوین و پەسەندی بکەن‌و ڕازی بن پێ.

دۆزینەوەی باشترین شێوەی حکومەت‌و ڕازیکردنی دیتران بەوەی ئەوەی ئێمە پێی گەیشتوین لە هەر حکومەتێکی تر باشترە، دواتر هاندانیان بەوەی خۆیان سوربن لەسەر وەها حکومەتێک، ئەم سێ شتە بە هەمان ریز کە باس کرا، لە بیرکردنەوەی هەمو ئەوانەی کە لایەنگری تیۆری سیاسی سەرەوەن جێی خۆشکردەوە. ئەمانە ڕاست وەک ئامرازی جوتکردن( کێڵان)، یان لە کینەی دانەوێڵە وردکردن چاو لە یاسای بنەڕەتی دەکەن.

لەبەرانبەر ئەم تاقمەدا، تاقمێکی تر لە بیریارانی سیاسی هەن کە ئامادەنین شێوەی حکومەت بە مەکینەیەک بشوبهێنن، بەڵکو وەک بەرهەمێک چاوی لێدەکەن، کە ئازادانە لە نەبونی بەرهەم هاتووە، ئەگەر کەسێک لە چاویلکەی ئەم گروپەوە چاو لە حکومەت بکات، زانستی دەسەڵاتدارێکی وەک بوارێ لە مێژوی سروشتی دەبینێ.

لە دیدی ئەمانەوە ئەوە ئێمە نین بەپێی حەزو وسیتی خۆمان شێوە و شکڵی حکومەت دیاریدەکەین، بەڵکو بەهەر شێوەیەک گەیشتین بەشکڵ و شێوەیەکی حکومەت، دەبێ بەهەمان دۆخ بیپارێزین. ناکرێ حکومەت‌و دەسەڵاتدارێتییەکان بە پێی پلانی پێشتر دابڕێژرێن و بونیادبنرێن. دەسەڵات و حکومەتەکان( سازکراوی دەستی مرۆڤ نین، بەڵکو دەڕوێن)، لە بەرامبەر وەها «ڕێکخراوەگەلێکی سیاسی روەکـدا» دەبێ هەمان کاربکەین کە لە بەرامبەر ڕاستیەکانی جیهانی دەوروبەرماندا ئەنجامی دەدەین، بەم مانایە کە تایبەتمەندییەکانیان قبوڵ بکەین.

لە روانگەی تاقمێکەوە کە سەر بەم قوتابخانە فیکرین، دامـەزراوەو ڕێکخراوە سیاسیەکانی نەتەوەیەک وەک نەمامێک دەچن کە لە خاکی، سروشت و خوو هەڵسوکەوتی ئەو نەتەوەوە سەریان هەڵداوەو بەتێپەڕینی کات بەهێز دەبن.

ئەم جۆرە دامەزراوانە خوڵقاوی دابو نەریت، غەریزە، ئاوات و خواستە نادیارەکانی نەتەوەکانن و زۆرکەم رودەدات بە بیرکردنەوەو پلانی پێشترەوە دابڕێژرێن. ئێرادەی خەڵک هیچ پشکدار نییە، لەم بوارەدا واتە لە رواندنی نەمانی دەسەڵاتدا، جگەلەوەی لە کاتی پێویستدا ڕێگا چارەو نەخشەیەک کەلە هەمانکاتدا بە مێشکی داهاتوە بباتەکار، ئەم ڕێگا چارەیە ئەگەر بەڕادەی پێویست لەگەڵ خوو هەستی نەتەوەیی ئەو خەڵکەدا بێنەوە زۆربەی کات رەگ دادەکوتێو دەمێنێنەوە. ئەوکاتەی بە تێپەڕینی کات ژمارەی ئەم جۆرە گەڵاڵەو (ڕێگە چارانەی سەرچاوە گرتوە پێویستییەوە)، زیادیکرد دەسەڵاتو یاسای نەتەوەیەک ساز دەبێ تەنها بۆ ئەو نەتەوەیە دەشێ و کارێکی بێ هودەیە ئەگەر بمانهەوێ دەسەڵات یان ئەو یاسایەکی بنەڕەتیی، بەسەر خەڵکێکدا داسەپێنێ کە لەگەڵ بـارودۆخ و خووی ئەو نەتەوەیەدا ناتەبایەو ئازادانە پەروەردەی نەکردوە.

ئەگەر بەراست دەکرێ لامان وابێ کە هەرکام لەم دوباوەڕە جیاوازە وەک تیۆرییەکی جێگیر پەسەند بکرێ کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، راستی ئەوەیە دژوار بوو مرۆڤ بڕیاربدات کامیان لەویتریان باشترە، بەڵام بەرهەمێک کە خەڵک بە وروژانەوە باسی لێدەکەن بە زۆری هیچ نییە، جگەلە دەربڕینی ناتەواوی باوەڕەکانیان، ئەگینا کەس باوەڕ ناکات ئەم کارە لە دەست هەر نەتەوەیەک بەدی بکرێ، کە هەرچەشنە دەسـەڵاتـداری، یان هەرچەشنە یاسایەکی بنەڕەتی پەسەندبکاتو بەختەوەر بێ بەهۆی پەسەندکردنییەوە،

ئەگەر شوبهاندنێک کە دەربارەی ئامرازی میکانیکی بەکاریان هێنا تا دوایین ئاست گەشەی پێ بدەن، دەبیندرێ مرۆڤ تەنانەت شیشو ئاسن پێویستی ژیانی تەنها لەو روەوە کە باشترین شیش و باشترین ئاسنەکانن هەڵنابژێرێ، بەڵکو بەر لەوە بیر لەوە دەکاتەوە ئاخۆ ئەو ئامرازانەی تری هەیە، کە دەبێ لەگەڵ ئەم دوانەدا پێکەوە بهێنرێن یان نە، بەتایبەت بیر لەوە بکاتەوە. ئەو کەسانەی کە بڕیارە ئەم ئامرازانە بەکاربهێنن زانیاری و لێهاتویی تایبەت بە بەکارهێنانیان هەیە.

لە لایەکی ترەوە، ئەوانە دامەزراوە سیاسیەکان بە گیانلەبەرو روەکەکان دەشوبهێنن بەپێچەوانەی ئەوەی وتەکەیان نیشانیدەدا، وەها نین بەرژەوەندی خۆیان بسپێرن بە قەزاو قەدەر. مەبەستی ئەوان ئەوە نییە، خەڵکی جیهان بێ کاریگەرن لە پرسی هەڵبژاردنی دەسەڵاتێک کە بە سەریاندا حکومەت دەکات، یان هەر ئەو خەڵکەی ئەو کاتەی بڕیاردەدەن حکومەت بەسەرتر بزانن لە دەسەڵاتەکانی تر کەمتەرخەمن لەوەی بیر لە ئەنجامەکانی سەرچاوە گرتووە، لە خوو سروشتی سیاسی حکومەتەکان بکەنەوە، بەڵام هەرچەند هەر کام لەم دوو گروپە، بەهۆی دژایەتیکردن لەگەڵ گروپەکەی تر هەموو کارێک دەکەن، بۆ گشتاندنی بیرو ڕای خۆیان و کەس ناتوانێ ئەم تیۆریانە بێ گۆڕان لەهەر کامەیاندا قبوڵبکات، خودی ئەم ڕاستییە کە دوو باوەڕی لێک دژ بەرامبەریەک وەستاونەتەوە، باس لە جیاوازی قوڵی نێوان ئەم دوو بیرکردنەوە دەکات، هەرچەند رون و ئاشکرایە، کەهیچ کامیان بە تەواوەتی راست نییە، بەڵام چونکە ئەمەش ئاشکرایە کە هیچ کامیان هەڵە نییە، کەوایە دەبێ هەوڵ بدرێ درز بکرێتە ناو رەگی ئەم دو تێوری، بۆ ئەوەی بزانرێ تا چەند راستی لە هەرکامەیاندا شاراوەیە.

لە پلەی یەکەمدا پێویستە ئەوە بە یاد بهێنینەوە دامەزراوەو رێکخراوە سیاسیەکان بەدەست خەڵک سازکراونو بونیان گرێدراوەتەوە بە ئیرادەو خواستی مرۆڤەوەو لەم بارەوە قەرزداری مرۆڤ و تاکەکانی کۆمەڵن. خەڵک بەیانییەک لە خەو هەڵنەسناون ببینن ئەم دامەزراوانە وەک قارچک لە خاکەوە سەریاندەرهێناوە، هەروەها ئەم دامەزراوانە وەک دار ناچن، لەگەڵ ئەوەی ناشتان چ ئاگابین و چ نوست و درێژە بە گەشەی خۆیان دەدەن.

ئەمانە لە هەرکام لە قۆناغەکان بونی خۆیاندا هەمان ئەو شتەن کە کارو هیمەتی مرۆڤ ویستویەتی، لەم روەوە وەک هەموو ئەو کارانەی بە دەستی مرۆڤ ئەنجامدراوە رەنگە باش یان خراپ لەگەڵ دەربێ، ئەمە گرێ دراوەتەوە بەو لێهاتویی و وردبینیەی لە بەرهەم هێنانیاندا بەکاربراوە، هەروەها ئەگەر نەتەوەیەک کەمتەرخەم بێت بەرامبەر بەم بابەتە، یان بەهۆی گوشاری دەرەکییەوە توانای ئەوەی نەبێ بەشێوە ئەزمونی( ژیان بینی و رێگاچارە هەڵبژاردن) بێ بەخاوەن یاسایەکی بنەڕەتی بەهێز، یان ژێر دەستانی ئەو نەتەوە بەهێز دەبن بەرامبەر چەوسێنەران ناوەستنەوە، بەڵکو شان و شکۆیان پێدەدەن، وەستانی پێشکەوتنی سیاسی لە ژیانیاندا بەهۆی کەمتەرخەمیەوەیە بە دڵنیاییەوە لە زەرەریاندایە، بەڵام ئیتر ئەمە بەو مانایە نییە، رێگاچارەیەک کەلە بواری تردا بەکاربراوە و ئەنجامی لێ کەوتۆتەوە، لە بارەی ئەوانەوە ئەگەر تاقی بکرایەتەوە ئەنجامی خراپی لێ دەکەوتەوە، یان ئەگەر رۆژێ هەمان رێگاچارەیان هەڵبژارد، بەزەرەریان نەبوو.

لەو روەوە دەبێ ئەمەش لەبەرچاو بگرین مەکینەی سیاسی لەخۆڕا کار ناکات، بەڵکو وەک ئەوەی بە دەست خەڵک سازکراوە، دەبێ بەدەست ئەو خەڵکەش بکەوێتە کار، ئەم خەڵکەش پێویست ناکا شارەزاو پسپۆر بن، تەنانەت خەڵکی ئاساییش دەتوانن ماشێنی حکومەت بخەنە کار، بۆ کارکردنی

تەنها ئەوە بەس نییە، کە خەڵک رازی بن، بەڵکو بەشداریان پێویستەو شکڵ و بینای مەکینەی حکومەت دەبێ لەگەڵ ستاتیکاو تایبەتمەندی ئەو خەڵکەی لەبەردەستدان بێتەوە ئەمەش پێویستی بە سێ شتە.

1. ئەو خەڵکەی دامەزراوەی حکومەتیان بۆ لەبەرچاوگیراوە دەبێ خۆیان ئەو دامەزراوەیە قبوڵبکەن، یان ئەوەندە کەمترخەم نەبن بەرامبەری کە ببن بە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم سەرهەڵدان و گەشەی وەها حکومەتێکدا

2. دەبێ بیانهەوێ و شیاوی ئەوەبن، بۆ پارێزگاری لەو حکومەتە ئەوەی لە دەستیان دێ ئەنجامیبدەن.

3. دەبێ بیانهەوێ و شیاوی ئـەوەش بن، داواکارییەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

وشەکانی»بیکەن» و «ئەنجامیبدەن» دەبێ وەها مانا بکرێنەوە کە خەڵکیش کارەکانی ئەو حکومەتەی هەڵیانبژاردوە قبوڵ بکەنو کاربکەن بۆ پاراستنی ئەو حکومەتە. بە کورتی دەبێ شیاوی ئەوە بن» هەلومەرجی «کارکردن» و» هاوسەنگی پاراستن» بپارێزن، چونکە ئەم هەلومەرجە هەم بۆ گەرەنتی ئەو حکومەتەی سازکراوە پێویستەو هەم بۆ هێزبەخشین بەو دەسەڵاتە بۆئەوەی ئەو ئامانجانەی هەڵی بژاردوە بە ئەنجام بگەیەنێ.

لە ئەگەری نەبونی هەر کام لەم هەلومەرجاندا، ئەو حکومەتەی بۆ نەتەوەیەک دیاریکراوە، هەرچەند داهاتوی لە رووی تەرەوەو لەرێگای تەرەوە، هیوا بەخش بێت، دەبێ گرێبدرێنەوە بەو نەتەوە تایبەتەوەو ئەنجامەکەی شکست دەبێ.

لەمپەری یەکەم، واتە بێزاری و رقی خەڵک لە پەسەندکردنی حکومەتێک کە پێیان پێشنیارکراوە، پێویست بە نمونە هێنانەوە ناکات، چونکە لە رووی تیۆرییەوە هیچ کات ناکرێ ئەم بابەتە لەبەرچاو نەگیردرێ. ئەم پرسە هەردەم

دێنە پێش و هیچ کاتێ نابڕێنەوە، هیچ هێزێ جگەلە زۆری شمیری دەرەکی ناتوانێ سور پێستەکانی ئەمەریکای باکور ناچار بکاتێ ملکەچی یاساکانی حکومەتێو دەسەڵاتێکی شارستانی بن. نمونەی ئەم شتە بە هەندێ گۆڕانی بچوکەوە دەکرێ دەربارەی ئەو وەحشیانە وەک نمونە بێنینەوە ئیمپڕاتۆری رۆمی کۆنیان نایە ژێر پێ. تێپەڕینی سەدەکانو گۆڕانی تەواوەتی بارودۆخەکە پێویستێ بوو، بۆ ئەوەی ئەم وەحشیە سەرکەوتوانە لەگەڵ بنەماکانی نەزمو پرەنسیپ دا ئاشنابنو ملکەچی فەرمانی رێبەرەکان، تەنانەتێ ئەو رێبەرانەی خۆیان هەڵیانبژارد بن. لەجیهاندا هەن نەتەوەگەلێک، کە هیچ کاتێ بەشێوەی خوازراو ملکەچی حکومەتێک، جگەلە حکومەتێ و دەسەڵاتدارێتی کۆمەڵێک بنەماڵەی رەسەن، کەلە کۆنەوە رێبەرانێکیان بۆیان بارهێنانەوە نابن.

هەندێ لە نەتەوەکان، جگەلەوەی خاکی وڵاتەکەیان لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە داگیربکرێ، دەسەڵاتی هیچ رژیمێکی پادشایەتیان قبوڵ نییە. هەندێ تر بە هەمان رادە لە حکومەتی کۆماری بێزارن. ئەم جۆرە لەمپەرانە زۆربەی کاتێ کێشە ساز دەکاتێ، بۆ کارکردنی حکومەتەکان.

بەڵام لە هەمانکاتیشدا نمونە گەلێک هەیە، کە خەڵک لەگەڵ ئەوەی دژ بە قبوڵکردنی حکومەتێک نین، بەڵکو رەنگە لە دڵیشەوە ئاواتی ئەو چەشنە حکومەتە بخوازن، بەڵام بەکردەوە نایانەوێ، یان ناتوانن هەلومەرجی هاتنە سەرکاری ئەو چەشنە حکومەتە برەخسێنن ئەوەندە توانایی و لێهاتوییان نییە، کە کۆمەڵێک لەم هەلومەرجانە کە تەنانەتێ بۆ ناوهێنان لەم حکومەتانە پێویستە برەخسێنن بەم شێوەیە رەنگە نەتەوەیەک حکومەتی ئازادی لەچاو سەرجەم چەشنە دەسەڵاتدارێتییەکان بەدڵ بێتێ، بەڵام ئەگەر هەر ئەم نەتەوەیە بەهۆی کەمتەرخەمی، ترس یان نەبوونی رۆحیەتی خزمەتێ بەخەڵک، ناتوانێ هەوڵ بداتێ بۆ پاراستنو هاتنە سەرکاری وەها دەسەڵاتێک، ئەگەر ئامادەنین بۆ

پاراستن و پاسەوانی لێی، ئەو کاتەی دەکەوێنە بەر هێرشی هێزە دەرەکیەکان خەبات بکەن، ئەگەر دەتوانن لە ئاست فێڵ و تەڵەکە چاویان بنوقێنن و بێ ئەوەی هیچ بەهایەک بدەن ئازادی لە دەست بدەن، ئەگەر بەهۆی بێ هیواییەک کە کوت و پڕ دەستیان پێ دەگات ترسێکی کورت ماوە، یان بەهۆی هۆگریان بە کەسێکی هەڵکەوتە، دەکرێ فریو بدرێن و ناچاربکرێن ئازادییەکانیان بکەن بە قوربانی بەر پێی پیاوێ، تەنانەت پیاوێکی مەزن، یان ئەوەی کە دەستی ئەو پیاوە ئەوەندە ئاوەڵ بێت کە بتوانێ دامەزراوەو قوتابخانە نەتەوەییەکانی خەڵک بڕوخێنێ، لە هەموو ئەم نمونانەدا ئەو خەڵکانەی ئەم کارانە دەکەن شیاوی ئازادی نینو هەچەنن رەنگە بەرژەوەندییان لەوەدا بێت کە ئەم ئازادیانەیان بۆ ماوەیەکی کورت هەبێت، بەڵام شتێکی بێ ئەگەرە بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ بە ئازادی بژین.

رەنگە نەتەوەیەکیش نەیهەوێ یان نەتوانێ ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە حکومەتێکی تایبەت پێی دەسپێرێ. تاکەکان ئەم نەتەوەو تورە هەرچەنە تا رادەیـەک ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی شارستانین، رەنگە بەکردەوە نەتوانن ئەو ئەرکو کارانەی پێویستە بۆ پاراستنی وەها کۆمەڵگایەک جێبەجێ بکەن. رەنگە ئەوەندە لوتبەرزبن ملکەچ بون بە یاسایەک بە شەرم بزانن بۆ خۆیان و ئامادە نەبن بەرژەوندییە تایبەتییەکانیان لە بەرچاو نەگرن و بە جێگەی یاسا خۆیان تۆڵە بسێننەوە، لەوەها نمونەگەلێکدا حکومەتێک ئەگەر بەراست بیهەوێ لە بەرژەوەندی جەماوەردا کار بکات ناچارە تارادەیەک دیکتاتۆری بێت. واتە حکومەتێک بێـت کە تاکەکان نەتوانن خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست، بەشێوەیەک کە سیستەمی حکومەت بتوانێ یاسا سەقامگیر بکات.

هەروەها ئەو خەڵکەی کە بەکردەوە هاوکاری بەڕێوەبەرانی یاسا ناکەن، تەنها شیاوی ئازادییەکی بەرتەسک و چوار چێوە دارن. ئەو خەڵکەی ئامادەن تاوانکارێ لە ماڵەکەی خۆیاندا حەشار بدەن بە جێگای ئەوەی لەمەترسی ئەو بترسن، ئەو خەڵکەی وەک هیندییەکان دزێ کە ماڵەکەیانی دزیوە لە ماڵەوە حەشار دەدەن و سوێند دەخۆن نەیاندیوە، نەوەک ئەگەر هاتو دژی شاهیدیان دا بکەونەبەر رق و تورەیی دزەکەوە، خەڵکانێک کە وەک بەشێک لەنەتەوە ئەوروپییەکان تا ئەم دواییانە، ئەگەر بەچاوی خۆیان دەیاندی چەقۆ کێشێ لەناو شاردا، خەریکە پیاوێ دەکوژێ، پشتیان تێ دەکرد لەو بەری شەقامەکەوە رەت دەبون، بەو بیانوی بەرگرتن بە وەها روداوێ کاری پاسەوان و پۆلیسە، باشتروایە مرۆڤ لە کارێکدا کە پێوەندی بەوەوە نییە، دەخاڵەت نەکات و خۆی تێ وەرنەدات، ئەو خەڵکانەی  بە بیستنی هەواڵی ئیعدامی کەسێک نیگەران دەبن بەڵام کە دەبیستن کەسێکی تر تیرۆرکراوە هەست بە نیگەرانی ناکەن، بۆ ئیدارە کردنی وەها خەڵکانێک بەرێوەبەرانی حکومەت و یاسا ناچارن هێزی زۆرتر بەکاربێنن لەچاو ئەوەی لە شوێنەکانی تر پێویستە، چونکە لەوەها دۆخێکدا ئەو هێزە تەنها گەرەنتی پاراستنی پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیانێکی رێکوپێک و شارستانیانەیە.

ئەم جۆرە هەستە ناخۆشە لە بارەی هەر نەتەوەیەک کە تازە لە گوشاری ژیانێکی وەحشیانە رزگاری بوە، بێ شک بەهۆی خراپی دەستەڵاتی پێشترەوەیە، کە فێریکردون شێوەی فێڵ و تەڵەکە، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجێک جگەلە بەرژەوەندییەکانی ژیانی ئەوان دروستکراوە، چاو لە یاسا بکەن، هەروەها وەک دوژمنانێکیش چاو لە بەڕێوەبەرانی یاسا بکەن، کە مەترسیان لەو کەسانەی بە ئاشکرا یاسا پێشێل دەکەن زۆرترە، بەڵام ئەو خەڵکانەی لەگەڵ ئەم چەشنە خوو عادەتانەدا گەورە بون، هەرچەند بێ تاوانیش بن، هەرچەند ئەو

ئەگەرەش هەبێت سەرەنجام لەژێر چەتری دەسەڵاتدارییەکی تردا چاک دەبن و دەگۆڕدرێن، تا ئەو کاتەی ئەو خوو عادەتانەیان ماوە، بەبێ داسەپاندنی هێز، ئەویش هێزێکی زۆر، ئیدارە ناکرێن. خەڵکانی شارستانی کە خۆیان پشتیوان و لایەنگری یاسان و ئامادەن هاوکاری بکەن بۆ بەڕێوەچونی یاسا، بە کەمترین هێز ئیدارە دەکرێن.

هەروەها ئەو کاتەی شارۆمەندانی وڵاتێک ئەوەندە گرێدراو نین بە دەسەڵاتەوە کە بڕۆنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگبدەن، یان ئەگەر دەنگیاندا لەرووی بەرژەوەندی گشتیەوە دەنگ نادەن، بەڵکو بەرامبەر بە پارە دەنگەکەیان دەفرۆشن یان دەنگ بە کەسانێک دەدەن کە دەسەڵاتیان بە سەریانەوەیە و تەنها بۆ خۆشیرین کردن و نزیکبوونەوە لێیان دەنگیان پێ دەدەن، لەلای وەها خەڵکانێک دامـەزراوە سیاسی و دیموکراتیکەکان، جگەلەوەی هیچ بەهایەکی نییە، بەڵکو رەنگە ئامرازێ بێت بۆ زۆر بێژی و فێڵ و تەڵەکە، ئەو هەڵبژاردنە گشتیەی لە وەها هەلومەرجێکدا بەڕێوەدەچێ لەبری ئەوەی گەرەنتی بێت بۆ باشکارکردنی مەکینەی دەسەڵات، جۆرێ لەمپەرە کەوتۆتە بەردەم ئەو مەکینە خراپە.

بەدەر لەم لەمپەرە ئەخلاقیانە، ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی تەکنیکدا رووبەرووین کە زۆربەی کات کۆسپێکی لە شکست نەهاتووە لە بەردەم رێگای هەڵبژاردنی شکڵی حکومەتدا. رەنگە لە جیهانی کەناردا سەربەخۆیی تەواوی تاکو ناوچەبونی بوبێت (زۆربەی کاتیش هەروابوە)، بەڵام حکومەت بەمانای حکومەتێکی رێکوپێکی نەتەوەیی تەنها لە دەروون چوارچێوەی دیواری کۆمەڵگایەکی جیاوازی شاریدا پێک دەهات و بڵاوبونەوەی بیروڕای گشتی بونی نەبوو، مەگەر بەناو ئەو نەتەوەو خێڵەدا کە لە بازاڕی گشتی شاردا کۆی دەکردنەوە بۆ ئەوەی دەربارەی پرسە گشتیەکانی گفتوگۆ بکەنو بڕیار بدەن.

ئەمڕۆکە بەگشتی لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ئەم لەمپەرە بە پەسەندکردنی سیستەمی حکومەتی دیموکراسی لەناوچووە، بەڵام بۆ شکاندنی تەواوەتی ئەم لەمپەرە پێویست بوو سەرەتا بڵاوکراوەکانو رۆژنامەکان بەتیراژی(ئەژمار) ی زۆرەوە لە کۆمەڵگەی مرۆییدا دروستببن، کە دەکرێ بە بەرامبەری راستەقینەی»پنۆکس» و »فورۆم (1)» ناویان لێ ببرێت، هەرچەند بەراوردکردنیان و لێهاتوییان لە هەموو بوارەکانەوە ناگاتە ئەم دوانە (2)

لە جیهاندا نمونەی ئەو کۆمەڵگایانە زۆر هەن کەلە رژیمی پادشایەتی سەرەڕای ئەوەی هەرێمی گەورەی بەدەستەوە بووە نەیتوانیوە درێژە بەژیانی خۆی بداتو بە تەواوەتی لێکترازاوەو دابەش بووە بەڵاتانێکی بچوکتر لەژێر دەسەڵاتدارێتی پاشایەتیە بچوکەکاندا، یان ئەوە بوە بە تەواوەتی لێک جیابونەتەوەو سەربەخۆبون، یان ئەوەی بە ئاڵگەیێکی زۆر لاوازو باریکەوە (وەک یەکێتییە فئوداڵیەکان) پێکەوە گرێ دراون. ئەم دابەش بوونە سیاسییو جوگرافیایە لەوێوە دێ کە مەکینەی هێزی پادشا، لەو روەوە بەرادەی پێویست ئامادەو پرچەک نەبووە نەیدەتوانی فەرمان و دەستورەکانی حکومەتی ناوەند لەو بەشانەی لە وڵاتدا کە دور بوون لە پایتەخت بەرێوە ببات.

ئەم حکومەتە بۆئەوەی بەهرەمەند بێت لە ملکەچبونی شارۆمەندانو ئەرتەشەکەی، زیاتر پشتی بە وەفاداربونی خوازیارانەیان دەبەست، هەروەها لەو سەردەمەدا کە بکرێ لە رێگایەوە باج لە خەڵک وەربگیردرێ، بۆ ئەو هێزانەی سەرف بکرێ کە بۆ ملکەچکردنی ناڕازییەکانی وڵاتێکی گەورە پێویست بوو، بەڵام دەبێ بزانین کە لەم دۆخەداو لە دۆخی وێکچووی ئەم دۆخەدا، رادەی ئەو لەمپەرانەی کە لە بەردەم دەسەڵاتێکدا هەیە رەنگە کەم یان زۆر بێت، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ببێ بەهۆی روخانی حکومەت لێدانە لە کارکردی حکومەت و زۆر زیانبەخشە بۆی، یان ئەوەیە شارۆمەندانی وڵاتێ

پەنا بباتە هەر جۆرە حکومەتێک کە بکرێ جێگای بگرێتەوە.

ئێمە ئێستا سێ مەرجی بنەڕەتیمان دایە بەرباس کە پێویستە شێوەی حکومەتێک لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەو جەماوەرەی کە بڕیارە حکومەت دەسەڵاتدارتیشیان بەسەردا بکات دابڕێژرێ، ئەگەر لایەنگرانی بۆچونی کە دەکرێ بە(تێوری گەشی سروشتی دامەزاوە سیاسیەکان) (The naturalistic chicory of politics)ناوی لێ ببرێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە کە دەبێ ئەم سێ مەرجە بوونی ببێت، ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت هیچ حکومەتێک ناتوانێ لەسەر دەسەڵات بمێنیتەوە، مەگەر ئەوەی مەرجی یەکەم و دووهەم و تارادەیەکی زۆریش مەرجی سێهەم جێبەجێ بکات، تیۆرییەکەیان کە بەمە بەرتەسک کراوەتەوە هیچ رەخنەیەکی لەسەر نییە، ئەوەی ئەمانە دەربارەی پێویستنیەکانی (بونیادێکی مێژویی بۆ قوتابخانەو دامـەزراوە سیاسیەکان، یان دەربارەی هاوئاهەنگ بونی ئەو دامەزراوانە) لەگەڵ داب و نەریت و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانو شتی تری لەم چەشنە پێمان دەڵێن، هەمویان لەقۆناغی کۆتایی یان ئەم سێ مەرجە کە لە سەرەوە باسکرا مانادەدا، یان ئەوەیە لە بابەتەکە بە تەواوی دوورە.

لەم دوو رستەو رستەکانی تری لەم چەشنەدا بەرادەیەکی زۆر تویکلێکی سەنتیمانتاڵی ئامادەیی هەیە کە ناوەکی لۆژیکی بابەتەکەی داپۆشیوە، بەڵام کە بەکردەوە لێکیان دەدەینەوە دەبینین هەموو ئەو شتانەی نەیاران بانگەشەی بۆ دەکەن پێویستی بنەڕەتی سەرهەڵدانی دامەزراوەی سیاسییە لە راستیدا هیچ نییە، جگەلە کۆمەڵێک ئاسانکاری بەکردەوە دەرهاتنی سێ مەرجی سەرەوە. ئەوکاتەی باوەڕو بۆچون و خوەکانی خەڵک رێگا خۆشکەر بوو، بۆ سەرهەڵدانی رێکخراوێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێک لەم ئۆرگانانە، جگە لەوەی دەکرێ ئاسانتر خەڵک ناچار بکرێ ملکەچی ئەو دامەزراوانەبن، بەڵکو ئاسانتر

دەکرێ هەر ئەو خەڵکە فێر بکرێ کە چۆن پاسەوانیان لێ بکەن و بیانپارێزن و چۆن بەکاریانبێنن هەتا ئەنجامی باشتریان لێ بکەوێتەوە.

هەرکات یاسا دارێژێ لەکاتی دارشتنی یاسادا کەڵک لەم خوو عادەتو هەستانە وەرنەگرێ کە رابردوییەکیان هەیە لەناو خەڵکدا، بێگومان توشی هەڵەیەکی گەورە دەبێ، بەڵام زێدەرۆییە ئەگەر پێگەی ئەم شتانە لە خۆڕا ببەینە سەرو بە» مەرجی پێویستٛ«، یان بزانین. راستە زۆر ئاسانتر دەکرێ خەڵک ناچار بکرێ کە شتێک کە خوی پێوە گرتووە ئەنجام بداتٛ و ئاسانتر دەتوانێ، بەڵام هەر ئەم خەڵکە دەتوانن کارگەلێک فێربن‌و ئەنجامی بدەن کە تازەیە بۆیان.

بێگومان ناسین یارمەتیدەرێکی گەورەیە، بەڵام کە مرۆڤ بە بەردەوامی لەسەر ئایدیاو بیرکردنەوەیەک وتوێژی کردو لێی راما سەرەنجام لەگەڵی ئاشنادەبێ، هەرچەند لە سەرەتادا هیچ ئاشناییەکی لەو بارەوە نەبوبێتٛ.

زۆرن ئەو نمونانەی کە تاکەکانی نەتەوەیەک خوازیاری تاقیکردنەوەی شتە نوێیەکان بوون. ئاستی توانایی نەتەوەیەک بۆ ئەنجامی کارە نوێکان و تواناییان بۆ خۆ سازدان لەگەڵ دۆخی نوێ سوچێکی تر لە باسەکەیە، هەروەها چۆنیەتییەکە کە لەودا نەتەوە جیاوازەکان و قۆناغە جیاوازەکان شارستانیەتٛ پێکەوە، جیاوازن. ناکرێ تواناییەکانی نەتەوەیەکی تایبەتٛ، بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی دەسەڵاتێکی تایبەتٛ، لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتی دا باسیان لێوە بکرێ و رێنوێنمان لەم بوارەدا ناساندنی ئەو نەتەوەیە، دادوەریەکی گشتی دەربارەی ئەو نەتەوەو هەروەها ئایندە بینە، هەروەها خاڵێکی تر هەیە کە نابێ لە بیربکرێ: رەنگە نەتەوەیەک ئامادە نەبێ دامەزراوەو رێکخراوە باشەکان پەسەند بکاتٛ، بەڵام داگیرسانی ئاگری حەزو ئاواتٛ لە دەروونی وەها نەتەوەیەکدا مەرجی پێویستە بۆ ئامادەکردنیان.

پڕوپاگەندە دەربارەی دامەزراوەیەک یان حکومەتێکی تایبەت، خستنەروی بەرژەوەندی و خاڵە پۆزەتیڤەکانیان بۆ جەماوەر خۆی یەکێک لەو شێوەکارانەیە کە بە یارمەتیان دەدات، جگەلە بیرکردنەوەی نەتەوەیەک بۆ پەسەندکردن و قبوڵکردنی وەها حکومەتێک، بەڵکو بۆ بەکارهێنانیش، دەکرێ پەروەردە بکرێ. ئەم شێوازە زۆربەی جار ئامرازی گەیشتن بەئامانجە، بۆ نمونە لە پاننایی ژیانی بەرەی رابردوو ئێستادا بۆ ئامادەکردنی خەڵکی ئیتاڵیا بە مەبەستی کۆ بونەوەیان لە ژێر ئاڵای یەکێتیو خەبات بۆ بە دەستهێنانی ئازادی، نەتەوە پەرەستانی ئەو وڵاتە چ ئامرازێکی تریان بە دەستەوە بوو، جگەلە جۆشدانی ئەو خەڵکەی ئازادیان دەویست؟ لە هەمانکاتدا ئەو خەڵکەی وەها ئەرکێکی پێویست بە ئەستۆ دەگرن نابێ بکەونە ژێر کاریگەری خاڵە باش و پۆزەتیڤەکانی ئەو حکومەتە کە باسی دەکەن بۆ خەڵک، بەڵکو دەبێ پێشتر دڵنیابن لە ئاستە ئەخلاقیو عەقڵی و کردەیەکان، بۆ بەجوڵە خستنی ئەو حکومەتەو تا ئەو شوێنەی دەکرێ لە باسکردن لەو ئاواتو حەزانەی کە هێشتا نەتەوەیەک توانایی جێبەجێکردنیانی نییە خۆیان ببوێرن.

لەوەی تائێستا باسمان لێوەکرد بەو ئەنجامە دەگەین لە سنوری ئەم سێ مەرجەدا ( کە پێشتر باسی لێوە کرا) دامەزراوە سیاسیەکان و شێوەکانی جیاوازی حکومەت ئازادانە هەڵدەبژێردرێ، لێکدانەوەی ئەم بابەتە کە باشترین شکڵی حکومەت کامەیە، بە پێچەوانەی بیروڕای کۆمەڵێک کەس، بەلارێدابردنی بیرکردنەوە نییە، لە رێگای نەخشەیەکی خەیاڵیدا، بەڵکو بەکارهێنانی بیرکردنەوەی زانستی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەی زانستی، چونکە ناساندنی باشترین دامەزراوە سیاسیەکان بۆ تاکەکانی نەتەوەیەک کە شیاوی قبوڵکردنی ئەو دامەزراوە سیاسیەن و دەتوانن مەرجەکانی جێبەجێ بکەن یەکێکە لە عاقڵانەترین ئامانجەکان کە دەبێ مرۆڤ بە کردەوە هەوڵی بۆ بدات.

هەر رەخنەیەک کە دەکرێ لەم بارەیەوە، واتە دەربارەی پرسی حکومەت، لە ئیدارەو ئامانجەکانی مرۆڤی بگیردرێ، بابەتەکانی تریش دەگرێتەوە. لە هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤدا سنورەکانی هێزی ئینسان زۆر بەرتەسکە.

ئیرادەی ئینسان تەنها بەکەڵکوەرگرتن لە هێزەکانی سروشت دەتوانێ کارێک ئەنجامبدات و لەم رووەوە هێزێ کە دەکرێ بۆ ئەنجامدانی خواستی مرۆڤ بەکارببرێ دەبێ لە پلەی یەکەمدا بوونی ببێت، ئەم هێزانەش وەک دەزانین، بەپێی یاسای دیاریکراوی خۆیان کاردەکەن. ئێمە ناتوانین بەر بە شەپۆلی چۆمەکان بگرین، بەڵام لەم زەلیلی و بێ دەسەڵاتیەمان بەهیچ ناگەین، کە» ئاشەباییەکان دروستکراوی دەستی مرۆڤ نین، بەڵکو روەکن!» لە تەکنیکی سیاسەتیشدا، وەک تەکنیکی میکانیکی هێزێ کە ماشێن دەخاتە جوڵە دەبێ لە دەرەوە دابین بکرێ. ئێستاکە ئەگەر ئەم هێزە بونی نییە، یان ئەوەی لە ئاستێکدا نییە، کە بەسەر لەمپەرەکانی جوڵەی ماشیندا زاڵ بێت، ئامرازە دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ لە کار دەکەوێ. بەڵام ئەم روداوە تایبەت نییە بە تەکنیکی سیاسەت، بەڵکو دەربڕینی بێ پەردەو ئاشکرای هیچ مانایەک نادات کە زانستی سیاسەتیش لەگەڵ رووبەرووی ئەو بەرتەسکیانە دەبێتەوە کە بوارەکانی تری زانست روبەروی دەبێتەوە.

پەراوێزەکان:

1. (pnyx)(کە دەبێ لە پنۆکس بخوێنرێتەوە) ناوی تەپۆڵکەیەکە کە ئەسینا لە سەردەمی دیموکراسی یۆنان کە ونارا. باسەکانی گرێ دراو بە جەنگو ئاشتی و هەڵبژاردنی فەرماندە نیزامییەکان و هتد لەوێ بڕیاریان لەسەر دەدرا. فۆڕم ناوی گۆڕەپانێکی گەورە بوو، لە رۆمی کەونارا کە ناوەندی کۆبونەوە سیاسیەکان بوو.

2. نابی لە بیربکرێ ستوارت میل ئەم بابەتەی نزیک بە 136 ساڵ لەمەوپێش نوسیوە، بەڵام ئەمڕۆکە هێزی میدیا گشتییەکان( رادیۆ و TV) لە بڵاوکراوەکانیش زۆر زۆرترە.

سەرچاوە:

کتێبی (درباره ێزادی- نوشته جان ستوارت میل- ترجمه جواد شیخ الاسلامی-نشر شرکت انتشارات علمی و فرهنگی 1338

# جۆن ستیوارت میل و پرسی ژن

ئا: پێشڕەو محەمەد

**پێشوتن:**

جۆن ستیوارت میل یەکەمین هزرڤانی مێژووی فەلسەفەیە، کە تێڕوانینێکی تەواو تازەی سەبارەت بە ژن و رەوشی ژنان هێنایە ئاراوە، کە تەواو جیاوازبوون و دابڕانێکیش بوون لە مێژووی فەلسەفەی سیاسیی و تێڕوانینی ئەم مێژووە بۆ ژنان. ئەو کتێبی چەوساندنەوە ژنان (The Subjection of Women) ی بۆ بەرخودان لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی ژناندا نوسی، لە قۆناغی شاژنە ڤێکتۆریادا، رەوشی ژیانی ژنان لە چڤاتی ئینگلاندا بریتیی بوو لەچارە ڕەشییەکی بێهوایانە. ژنان بێبەشکرابوون لە زانکۆو فێرکارییە باڵاکاندا.

مۆڵەتی هاوبەشیکردنیان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی پێنەدەدرا، نەیاندەتوانی بە پلە سیاسییە باڵاکان بگەن و دەنگ بدەن، مافی بوون بە ئەندام پارلەمانیان نەبوو. تاکە چالاکیی ژنان بە درێژایی سەدەکان تەنها بریتیی بوو لە خزمەتکردنی ماڵ و چێشتخانەی ماڵ. ئەوانەی دژ بەمافی ژنان بوون، چەندین بەڵگەو ئەرگیومێنتیان لەبارەی سروشتی ژنان دەخستەڕوو و تێڕوانینیان وەهابوو کە ژنان توانستی ئەوەیان نییە، رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی نەتەوەییدا بگێڕن. بە تێڕوانینی جۆن ستیوارت میل، سروشتی ژنان دەرەنجامی چەوساندنەوەو بەکۆیلەکردن و لێسەندنەوەی توانست و ئازادی ئەوان بووە. ئەم نایەکسانییە زۆر نادادپەروەرانە بووە.

میل دەڵێت هیچ کەسێک بە شێوەیەکی سروشتی بۆ کارو پیشەیەک نەهاتوەتە بوون، ئەگەر ژنان بە شێوەیەکی سروشتی لەتەک پیاواندا جیاوازییان

هەبێت، ئەوا ئەم جیاوازییە پایەی جیاوازی ئەوان نییە، لە هەر شوێن و بوارێکدا.

میل خوازیاری ئازادی ژنان و یەکەمین کەسێکیش بوو، کە پرسی مافی ژنانی لە پارلەماندا خستەڕوو. ئەو باوەڕیی وابوو ئەگەر هەلێکی وەکو پیاوان بە ژنان بدرێت، ئەوا بە تەواوی دەردەکەوێت، کە توانستی ئەوان هیچ کەمتر نییە، لەهی پیاوان پێدانی هەل بەژنان ئەوا بۆ چڤاتیش فرە بەهادارە، لەبەر ئەوەی لە هاوبەشیکردنی ئەوان، کە لە توانستە هۆشەکییەکانی ئەوانەوە دێنە ئاراوە، سودمەند دەبێت.

خوێندنی باڵای ژنان، هەلەکان بۆ سودمەندبوون لە توانستی ژنان، مافی دەنگدان پێیان و قبوڵکردنی لێهاتوویی ئەوان بۆ گەیشتن بە پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان، تا ئاستێکی زۆر دەرەنجامی بەڵگە و ئەرگیومێنت و هەوڵدانەکانی جۆن ستیوارت میل بوو. هاوکات هاوسەرەکەی میل، هارێت تایلۆر، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەو بەجێهێشت، لە تێڕوانینەکانی بۆ بەرخودان لەرێگەی بزوتنەوەی ژنان، هەروەها میل کتێبی لەبارەی ئازادی On Liberty پێشکەش بەهاوسەرەکەی کردووە.

میل لە پێشەکی ئەم کتێبەیدا سەبارەت بە کاریگەری هاوسەرەکەی دەڵێت: «ئەم کتێبەم پێشکەش بەرەوانی هاوسەری خۆشەویست و ناکامم دەکـەم، کە ئیلهامبەخش و داهێنەری گرنگترین بەرهەمی قەڵەمەکەم بووە[مەبەست لەم کتێبەیە]. ئەو لە ژیانی مندا هاوڕێ و هاوسەر بووە، هەروەها عەشقە بەتینەکەی بۆ ماف و حەقیقەت، بەهێزترین جوڵێنەری من بووە». هەر لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە چەند بەشێکی کتێبەکەی بە ناتەواوی بەجێهێشتووە، وەکو خۆی بڵاویکردوەتەوە، چونکە بڕیاربووە هاوسەرەکەی تێڕوانینەکانی خۆی بخاتەڕوو و پێداچوونەوەی بۆ

بکات، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەداوە .

پلاتۆن یەکەمین فەیلەسوف بووە، کە باوەڕیی بە پەروەردەکردنی ژنان هەبووە، دوای ئەویش تاکە هزرڤان بانگەشەی ئەم ئیدێیەی کردبێت، بێگومان ئێپیکوروسە، کە داوای یەکسانی پیاوان و ژنانی کردووە، لەدوای ئەو تا سەروبەندی هاتنی ئایدیا لیبراڵەکانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی، هیچ تێڕوانینێکی تازە نەهاتە ئاراوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرۆسیسە، بەڵگەیەکی باوەڕپێکەرمان لەبەردەستدا نییە، بە تایبەتی کە فەلسەفەی پلاتۆن بەدرێژایی دوو هەزار ساڵ کاریگەرییەکی مەزنی هەبووە.

کتێبی چەوساندنەوەی ژنان (The Subjection of Women)یەکەمین کتێب بووە، کە لەلایەن هزرڤانێکی تەواو ناسراوەوە نوسرابێت و داوای ئازادی ژنانی کردووە. جۆن ستیوارت میل بەهەموو توانستی خۆیەوە ئەم بانگەشەیەی پێشخستووە، هەروەها بانگەشەی ئازادی سێکسوالیتی کردووە. تێڕوانینەکانی ستیوارت میل تاهونەکەش لەلایەن زۆرێک لە فێمینیستەکانەوە سیناتا (اقتباس) ی لێدەگوازرێتەوە. بەم هۆیەوە ئێمە لێرەدا لەتەک تێڕوانینی یەکێک لە فێمینیستەکان بە ناوی سۆزان مۆلێر ئۆکین دەکەوینە خەریکگەرییەوە، کە کتێبێکی نوسیوە بەناونیشانی «ژن لە فەلسەفەی سیاسیی خۆرئاوادا»و ئێمە تێڕوانینەکانی ئەم فێمینیستە بەکورتی دەگوازینەوە.

## جۆن ستیوارت میل و پرسی ژن

ئۆکین سەبارەت بەمە دەبێژێت: تاوتوێکردنی فێمینیزمی جۆن ستیوارت میل، بێگومان دەرفەتێکی پڕ بایەخە، کە بەم ڕێیەوە نەک هەر قوڵایی هزرینەکانی ئەومان لەبارەی ڕزگارکردنی ژنان و گەیاندنیان بەئاستی پیاوان، هەروەها بەختەوەرکردنیان لە چڤاتدا بۆ دەردەکەوێت، بەڵکو لەوەش گرنگتر،

ئەو بەشەیە کە ئەو خوازیاری ئەوەیە سەرلەنوێ ریفۆرم لە رەگەزی مرۆڤ بکرێتەوە. دژایەتی میل، لەگەڵ ئەو دۆگماتیزم و دەمارگرژی و باوەڕییانەی لە تەواوی قۆناغەکانی ژیاندا، ژنان دەچەوسێنێتەوە، هەر لە سەرەتای لاوێتی و لە نوسراوە سەرەتاییەکانی ئەودا، کە لەبارەی بابەتە مۆڕاڵی و سیاسییەکان نوسراون، دەبینرێت.

بە تێڕوانینی میل، چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنی ژن بەپێی یاسا لەلایەن پیاوەوە، هەڵەیەکی گەورەیە، کە بووەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم پێداچوونەوە بە رەگەزی مرۆییدا، هەروەها جۆن ستیوارت میل بە تەواوی ئاگایی و شارەزایی لەبارەی رەوشی ژنان هەبوو و هاوکات ئاگاداری هەموو ئەو سیستەمە فەلسەفی و مۆراڵی گشتی و رەوشتی خەڵکی بوو، کە بووبوونە پێوەرێک بۆ چەوساندنەوەی ژنان. تێڕوانینەکانی میل لە بارەی ژنان تەواو نامۆ و جیاواز بوون لەتەک سەردەمی سەروەر، کە سەدەی نۆزدەهەم بوو. سەرباری ئەمە، میل باوەڕیی بەوە نەبوو، کە دەبێت یاساو رێساکانی زەماوەندکردن هەڵبوەشێنرێنەوە. بە کورتی میل تێڕوانینە سیاسیی-کۆمەڵایەتییەکانی بۆ رزگارکردنی ژنان لە چنگی رۆژگار، چڕکردبۆوە. ئۆکین دەبێژێت: دەرەنجامی باوەڕبوونی ستیوارت میل بە فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕبوونی بە یوتیلیتاریانیزم Utilitarianism (سودمەندخوازی). هەرچەندە یوتیلیتاریانیستەکان باوەڕییان بە یەکسانی لە مافی ژنان و پیاوان نەبوو، بەڵام میل لە هەردوو کتێبی (لەبارەی ئازادی و چەوساندنەوەی ژنان) جەختی لەسەر گرنگی یوتیلیتاریان (سودمەندی) کردۆتەوە .

لە کتێبی چەوساندنەوەی ژنان و بەرهەمە فێمینیستییەکانی دیکەی میلدا دوو پرەنسیپی بەرچاو هەن، کە یەکەم بریتییە لە ئازادی و ئەوی

دیکە بریتییە لە دادپەروەری، بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی یەکسانی بەبێ لایەنگری لایەنێک. ئەم دووانە پەیوەندییان بە مۆراڵ و گەشەکردنی توانستە ئاوەزییەکانی مرۆڤەوە هەیە، هەروەها پەیوەندییان بە بەختەوەری ژنانەوە هەیە، کە گەرەکە بەدەستی خۆیان جێبەجێ بکرێن. هەر سەبارەت بە ئازادی میل لە کتێبی چەوساندنەوەی ژناندا دەبێژێت: پاش پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان وەکو بژێوی و جلوبەرگ، ئەوا ئازادی بەهێزترین ویستی سروشتی مرۆڤە و هەبوونی تەواو زەرورییە. هاوکات ستیوارت میل ئازادکردنی ژنان بە کاریگەرییەکی مەزن دەزانێت، تەنانەت بە باوەڕیی ئەو ئەگەر ژنان بەم ئازادییە بگەن و لە توانستە ئاوەزییەکانی خۆیان بەهرەمەند بن، ئەوا کاریگەرییەکی پڕبایەخیشی لەسەر پیاوان دەبێنن و هاوکاریکردن لەلایەن هەردوو رەگەزەوە، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنیان لە هەموو بوارەکاندا .

هەروەها میل لە زۆر لایەنەوە بەتوندی جەختی لەسەر دەنگدانی ژنان کردوەتەوە و تەنانەت گوتارێکی دوورو درێژیشی بەناونیشانی «مافی دەنگدانی ژنان» نوسیوە. هاوکات سەبارەت بە ئابوری سەربەخۆ و داهاتی ژنان، چەندین تێڕوانینی گرنگی خستونەتە روو، کە تا ئەمڕۆش کاریگەرن و فێمینیستەکان سیستات لە گۆتنەکانی دەگوازنەوە.

ئەگەر بڕوانینە رەوشی ژنان لەم وڵاتەی ئێمە، کە هەرێمی کوردستانە، یان کولتوری خۆرهەڵاتیانەیە، یەکێک لە هۆکارەکانی رەوشی خراپی ژنان، نەبوونی سەربەخۆیی ئابورییە، خۆ ئەگەر بێت و لە زۆر لایەنەوە ژنان لە روانگەی ئابوورییەوە سەربەخۆ بکرێن، ئەوا دەبێتە پێشمەرج بۆ باشتربوونی رەوشیان، تایبەت ژنانی ماڵ، چونکە ئەوان زیاتر رووبەڕووی کولتوری توندوتیژی دەبنەوە. ئەم بۆچوونەی ئێمە هاوبۆچوونی ستیوارت میلە

که دەڵێت: ئەو ژنانەی هاوسەرگیریان ئەنجامداوە، گەرەکە بۆ خۆیان داهاتیان هەبێت، چونکە ئەگەر ئەوانیش هەم داهاتیان هەبێت و هەم مافی خاوەندارێتی، ئەوا رەوش و پێگەیان لەچڤاتدا بەشێوەیەکی باش بەرەوپێش دەچێت.

میل لە نامەیەکیدا بۆ هارێت تایلۆری هاوسەری دەنوسێت: بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی بیروڕای دەمارگرژانەی خەڵکی سەبارەت بەوەی، کە ژنان گەرەکە ژێردەستە و گوێڕایەڵی پیاوان بن، ئەوا دەبێت کارو چالاکییەکانی ژنانیان بەشێوەیەکی پراکسیس (یان کردەیی) نیشان بدەین . میل بەردەوام بەرگری لە ژنی هاوسەردار (یان بە زمانی نەریتی ژنی بەمێرد) کردووە و جەختی لەسەر سەربەخۆیی ئابوری ژنان کردوەتەوە (بۆ ئەوەی چاولەدەستی پیاوان نەبن)، هەروەها ئەم تێڕوانینەش رەتدەکاتەوە، کە دەڵێت: «ئەرکی ژن پەروەردەکردنی منداڵ و رازاندنەوەی ماڵی مێردە» .

سەرباری ئەمە، جۆن ستیوارت میل بـەردەوام بە ئارەزویەکی قوڵەوە هەوڵی دەدا پرەنسیپەکانی لیبەراڵیزم و یەکسانی بۆ ژنان بەکاربهێنێت. ئەو بە سەختی دژ بە سیستەمی باوکسالاری نێو خێزان بوو، هەروەها ژێردەستەیی و کۆیلەیی ژنانی لە کایەکانی سیاسەت و یاسا و ئاییندا رەتدەکردەوە. هاوکات ئەمانەی بە سوکایەتییەکی گەورە بە ئازادی و دادپـەروەری، هەروەها بە هەڵەیەکی مێژوویی دەزانین .

سۆزان مولێر ئۆکین لە کۆتایی کتێبەکەیدا رەخنەیەک ئاراستەی جۆن ستیوارت میل دەکات، کە تێڕوانینی سەبارەت بە سەربەخۆیی ئابوری و ژیان و منداڵ، ئەوا ژنی ناچار کردووە کە گەرەکە لەو دووانە یەکێکیان هەڵبژێرێت، هەروەها ئۆکین دەبێژێت کە میل بە پشتیوانیکردن لە سیستمی نەریتی خێزان، پرەنسیپەکانی ئازادیخوازی و یەکسانی و ئیدێی فێمینیستی خۆی بەرتەسک

کردۆتەوە، بەڵام هەرچییەک بێت تێڕوانینەکانی جۆن ستیوارت میل سەبارەت بە ژنان، تەواو تازە بوون، کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی سیاسیی، ژن لە دەرەوەی پرۆسیسەکەدا بوو، ئەگەر لە نێو پرۆسیسەکەشدا بووبێت، ئەوا وەکو پاشکۆی پیاو سەیرکراوە و تێڕوانینێکی تەواو پیاوسالارانە بۆ ژنان لە ئارادابوون. هەموو مێژووی فەلسەفەی سیاسیی، ژنی وەکو کۆیلە سەیرکردووە تا هاتنی جۆن ستیوارت میل، تێڕوانینەکانی رەتکردنەوەی نەریتی فەلسەفەی سیاسیی بوون سەبارەت بە ژنان.

سەرچاوەکان:


1. John Stuart Mill: On Liberty, edited by David Bromwich and George Kateb, Yale University Press, New Haven and London, 2003.

2. براین مگی: سرگـژشت فلسفه، ترجمه حسن کامشاد، چاپ دوم، نشرنی، تهران، 1387.

3. ئۆکین، سۆزان مۆلێر: ژن لە فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاوادا، وەرگێڕانی رەسوڵ سوڵتانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2010.

# ئەركە راستەقینەكانی دەزگاكانی هەڵبژاردن

جۆن ستیوارت میل

لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

لە ناوئوێی حکومەتی هەڵبژێردراودا، پێش هەموو شتێک پێویستە سەرنج بدەینە جیاوازیی نێوان ئایدیا(1) یان جەوهەرەکەی(2) ) و ئەو جۆرە تایبەتەی ئەم ئایدیایە لە میانەی وەرچەرخان و رووداوە مێژووییەکاندا، یان خود بەپێی ئەو بۆچوونە باوانەی کە لە هەر قۆناغێکدا بە خۆوە بینیویە. مانای حکومەت هەڵبژێردراو ئەوەیە کە گشت خەڵک یان زۆرینە بە ناوبژیوانیی ئەو نوێنەرانەی کە لە خولە دیاریکراوەکاندا هەڵیاندەبژێرن، دوایین دەسەڵاتی باڵ و چاوەدێری کردن کە هەر دەستورێک بە شێوازێک رێکی دەخات، بەکار بێنن.]لەم حکومەتەدا[خەڵک دەبێ ئەم دەسەڵاتە شیاوە ئاکامەیان* بە شێوەیەکی تەواو و کامڵ هەبێت. دەبێ هەرکات بیانەوێ، بەسەر هەموو کار و کردەوەکانی دەوڵەتدا چاودێری بکەن و وشیارییان هەبێت. پێویست بەوە ناکات کە یاسای بنچینەیی ئەم مافە چاودێریەیان پێ بدات، وەک چۆن لە یاسای بریتانیادابەم چەشنە نییە، بەڵام بە هەر شێوەیەک کە ئەم باسە لە دووتوێی دەستوردا بهێنرێتە گۆڕێ، لە کردەوەدا ئاکامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی سەرەتا. دەسەڵاتی حکوومەتی ئاکام بە هەمان رادەش لە حکومەتێکی پێکهاتە و هاوسەنگدا بە جەوهەر دەسەڵاتێکی تاقانەیە هەتا لە حکومەتێکی پادشایەتیی رەها یان دیمۆکراسیدا. ئەو بۆچوونەی کەلە زەینی خەڵکی پێشوودا هەبوو و بیرمەندانی سەردەمی ئێمە گیانێکی تازەیان پێ بەخشی، ئەمەیە کە بوونی دەستۆرێکی بنچینەیی هاوسەنگ(3) نەلواوە و ناگونجێ.

هەمیشە دادپەروەرییەک لە ئارادایە، بەڵام هیچ کاتێ سەنگەکان بە تەواوەتی هاوسەنگ نین. ناکرێ هەمیشە بە رواڵەتی رێکخراوە سیاسییەکاندا هەڵبلێی کە کام لە سەنگەکان بەسەر سەنگەکانی دیکەدا قورسایی دەکاتێ. لە یاسای بنچینەیی بەریتانیا، هەرکام لە سێ بەشی سەروەریی سیاسی، خاوەنی دەسەڵاتێکە کە ئەگەر بەشێوەیەکی شیاو بخرێتە کار، ئەو دەسەڵاتێو توانایەی تێدایە کە ماشێنی حکومەتێ بە تەواوەتی لە حەرەکەتێ و جوڵە بخاتێ. لەم رووەوە لە رواڵەتدا، هەرکامەیان دەسەڵاتی پوچەڵ کەرەوە و کۆنترۆڵی دوو بەشەکەی دیکەیە ئەگەر هەرکام لەو سێ دەسەڵاتە ئەم هیوا و ئومێدە لەلای خۆی پەرە پێ بداتێ، کە بەکەڵک وەرگرتن لەو دەسەڵاتە، دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە دۆخ و پێگەیەکی لەبارتر، رەوتی ئاسایی ژیانی خەڵکی ئێمە لە هەر چەشنە گومانێک دەرەوێنێتەوە کە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بخرێتە گەڕ گومانێک نییە، کە هەرکام لەو سێ دەسەڵاتە لە حاڵەتی بەرگریدا، واتە لە دۆخێکدا کە هەستێ بە هێرشی یەک، یان هەردوو بەشەکەی دیکە بکاتێ، هەموو دەسەڵاتی خۆی بۆ بەرەنگاری بەکاردێنێ. بەم پێیە چ شتێک دەبێتە کۆسپ و رێگر کە ئەو دەسەڵاتە حاڵەتی هێرشبەرانە بەخۆوە نەگرێ؟ بێگومان ئەویش جەوهەرو هەوێنی نەنوسراوی یاسایی بنچینەیی، یان بە واتایەکیتر ئەخلاقی سیاسیی پۆزەتیڤی کۆمەڵگای بەریتانیایە، ئەگەر بمانەوێ بزانین لەراستیدا دەسەڵاتی بەرین لە کام لە بەشەکانی یاسای بنچینەیی دایە، دەبێ بگەڕێینەوەو بڕوانینە هەمان ئەخلاقی سیاسیی پۆزەتیڤ.

بەپێی یاسای بنچینەیی، پادشا دەتوانێت لە واژۆ و پەسەندکردنی هەرکام لە بەندە یاساییەکانی پەرلەمان خۆ ببوێرێ، یان بیهەوێت هەرکام لە وەزیرەکان بەهۆی دژایەتییەکانی پەرلەمان دابمەزرێنێ یان وەلا بنێت، بەڵام مۆڕاڵ (ئەخلاق)ی دەسەڵاتی سیاسیی4)) کۆمەڵگا، هەموو ئەم دەسەڵاتانە

پوچەڵ دەسڕێنەوە و هیچ کاتێ ئیزنی کارکردن بەوان ناداتێ، لەو روانگەوە کە دەبێ پەرلەمانی خەڵکی سەرۆکی دەوڵەتێ دەستنیشانبکاتێ، ئەو پەرلەمانە دەبێتە دەسەڵاتدار و حاکمی راستەقینەی وڵاتێ، کەوایە ئەم یاسا نەنوسراو و مەرجدارانە کە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتە فەرمییەکان کەم دەکەنەوە، کاتێک کاریگەرو جێگیر دەبن کە لەگەڵ دابەشکردنی واقیعی دەسەڵاتی سیاسیی راستەقینەدا هاوسەنگ بن، لە هەر یاسایەکی بنچینەییدا یەکێک لە دەسەڵاتەکان، دەستێ رۆیشتوترە، لەدۆخێکدا خۆی دەردەخاتێ کە ئەو رێککەوتنانەی کە یاسای بنچینەیی بە شێوەی هاودەم و هۆگر لەگەڵیان کار دەکاتێ، ئێکبچێ و رووبەڕوو بوونەوەیەک بۆ مسۆگەرکردنی دەسەڵاتێ بێتە ئاراوە. بناغەی یاسای بنچینەیی هەتا ئەو ئاستە پێڕەوییان لێ دەکرێ، لەکردەوەدا کاریگەر دەبن کە دەسەڵاتێ و چاودێریی بە نفوز و شایستە لە یاسای بنچینەییدا بە بەرزترین پلەی دەسەڵاتی چالاک لە کۆمەڵگا بسپێردرێ.

ئەم دەسەڵاتە، لە بەریتانیا دەسەڵاتی خەڵکە. بەم پێیە ئەگەر بێتێ و بەندەکانی یاسای بنچینەیی بەریتانیا لەگەڵ ئوسوڵ و بنەمای نەنوسراو (عورفی) مەرجدار کە بەڕاستی رێکخەری هەڵسوکەوتی یەک بەیەکی بەرپرسانی سیاسییە، ئەو دەسەڵاتێ و چاودێرییە پڕ بەهایەی بەسەر هەموو بەشەکانی حکومەتێ نـەدەدا، بە خەڵک پرسێک کە لەگەڵ دەسەڵاتی راستەقینەی خەڵکدا یەکسانە) یاسای بنچینەیی نەیدەتوانێ ئەو سەقامگیریەی هەبێتێ کەلە تایبەتمەندییەکانیەتی،] بەدەر لەم حاڵەتە[ هەم یاسا کۆکراو و نوسراوەکان و هەم پرەنسیپی نەنوسراو (عورفی) بەخێرایی گۆڕانیان بەسەردا دەهاتێ.

کەوابوو حکومەتی بەریتانیا، حکومەتێکی هەڵبژێردراوی بەواتای هەقیقی چەمکە، تەنیا بەو هۆیە دەسەڵاتێ بەو کەسانە دەداتێ، کە راستەوخۆ لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەر نین، کە دەسەڵاتی زال و حاکم دەیهەوێتێ پشتیوانییەکی5))

له بەرامبەر هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیدا هەبێت. واتە پاڵپشتێکی لەم چەشنە لە هەموو سیستەمە دیموکراسییە بەرهەڤ و رێکوپێکەکاندا هەبووە. یاسای بنچینەیی «نەمسا» زۆرێک لەم جۆرە بەندە ]چاودێری[یانەی تێدا هەبووە و یاسای بنچینەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەم چەشنەیە.

هەرچەند کە مەرجی سەرەکیی حکومەتی هەڵبژێردراو ئەمەیە کە دەسەڵاتی بەرینی دەوڵەت بەکردەوە لە ئیختیاری نوێنەرانی خەڵکدا بێت، ئەم پرسیارە لەجێی خۆیەتی کە کام لە ئەرکەکان بەکردەوە، واتە بە دروستی کامە رۆڵ لە دەزگای حکومەت، دەبێ لە بنەڕەتداو بە شێوەی راستەوخۆ لە رێگای رێکخراوی هەڵبژێردراوەوە بەڕێوە بچێ؟ لەم زەمینەیەدا زۆر شێوازی جیاواز لەگەڵ ناوەڕۆکی حکومەت هەڵبژێردراودا دەگونجێ، بەو مەرجەی ئەرکەکان بە چەشنێک بێت، کە پرۆسەی ئاکامی چاوەدێری هەموو شتێک بۆ رێکخرای هەڵبژێردراو بپارێزێ.

جیاوازییەکی بنەڕەتی و ریشەیی لە نێوان چاودێریی کاری دەوڵەت و راپەڕاندنی راستەوخۆو بە کردەودا هەیە. لەوانەیە تاکێک یان رێکخراوێک بتوانێ چاودێری بەسەر هەموو کارەکاندا بکات، بەڵام لەوانەیە پێی نەکرێ هەموو کارەکان بە ئەنجام بگەیەنێ و زۆرجار هەرچی خۆی کەمتر کاروبارەکان راپەڕێنێ، چاودێری و پێڕاگەیشتنی ورد و رێکوپێکتر دەبێت. فەرماندەی سوپایەک پێی ناکرێ جوڵەو حەرەکەتەکانی سوپاکەی بەشێوەیەکی گونجاو و لەبار رێبەری بکات، ئەگەر خۆی لە بەرەکانی شەڕدا بێت رۆڵی هەبێت یان رێبەری و فەرماندەیی هێرشێک وەئەستۆ بگرێ.

ئەم مەسەلەیە لەبارەی ئەنجومەنی نوێنەرانیشەوە وەڕاست دەگەڕێ. هەندێ کاروبار جگەلە ئەنجومەنەکان بۆ لایەنەکانی تر بەڕێوە ناچن، هەندێکیتر بەڕێوەچوونیان بەشێوەیەکی شیاو لەوانەوە ناوەشێت و پێیان

ناکرێت. کەوابوو پرسیار ئەمەیە کە پەرلەمانی هەڵبژێردراو دەبێ چ کاروبارێک بسپێرێتە چاودێران و چ کاروبارێک دەبێ خۆی تایبەتی و راستەوخۆ بەئەنجامی بگەیەنێ؟ هەروەک پێشتر وتمان پەرلەمانی هەڵبژێردراو دەبێ چاودێری بەسەر هەموو کاروبارەکانی دەوڵەتدا بکات، بەڵام بۆ ئەوەی بۆمان روون بێتەوە ئەم چاودێرییە گشتییە لە چ رێگایەکەوە دەکرێ بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێ و کام بەش لە کاروباری حکومەت دەبێ پەرلەمانی هەڵبژێردراو بیگرێتە ئەستۆ، ئەم خاڵە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ کە کام بەش لەکار و ئەرکەکان پەرلەمانی هەڵبژێردراوی گەورە پێی دەکرێ کە بەشێوەیەکی شیاو بەڕێوەی بەرێت.

ئەنجومەنی هەڵبژێردراو تەنیا ئەو کارەی کە بە شێوەی گونجاو و شایستە دەتوانێت ئەنجامی بدات، دەبێ راستەوخۆ لە ئەستۆی بگرێ. دەبێ لە باقیی کاروبارەکان، خۆی بکشێنێتەوە و تەنیا دەرفەتی بەڕێوەبردنی شیاوی کارەکان، بۆ خەڵک و لایەنەکانی تر برەخسێنێ.

بۆ نمونە پەسەندکردنیماڵیات و سەرانە لەو چەشنە ئەرکانەیە کە پێش لەهەر ئەرکێکی تر پێوەندیی بە ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکەوە هەیە، جیا لەوەش لە هیچ وڵاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەران هیچ کات بە دەستی خۆی، یان دەست نیشان کراوەکانی خۆی گەڵاڵەو لیستی نرخی کاڵا و شتومەکی پێشنیاری داناڕێژێ. هەرچەند کە بایەخ و بەها دەوڵەتییەکان تەنیا دەبێ لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی خەڵک پەسەند بکرێت، بۆ تەرخانکردنی داهاتەکان بەچینی جۆراوجۆری هەژارو دەست کورتەکان خەرجی دەوڵەتییەکان پێویستە، رێوشوێنی یەکسانی یاسای بنچینەیی نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا دەکرێ متمانە بەپێشنیاری پادشا بکرێ.

بێگومان وا هەستکراوە کەدابەشکردنی دادپەروەرانەی کەلوپەلەکان، بودجەکان، وردبوونەوە، هەڵسەنگاندنی وردەکاریی تێچووەکانیان، تەنیا کاتێک

دەکرێ چاوەڕوانیی لـێ بکرێ کە دەزگاو دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی راکێشەری بودجەکان، بەرپرسیایەتیی بەرنامەو ئەو تاوتوێیە ژمێریارانیانەی هەبێت کە پارە دراوەکان بەپێی ئەو بنەمایانە جێبەجێ دەکرێن.

لەم رووەوە ئەنجومەن نە چاوەڕوانیی لـێ دەکرێ، نە تەنانەت ئیزنیشی هەیە کە راستەوخۆ خۆی بە مەسەلەی سەرانە، یان خەرجی بودجەکانەوە خەریک بکات. تەنیا شتێک کە داوای لـێ دەکرێ، پەسەندکردنیانەو تەنیا دەسەڵات و دەسەڵاتێک کە هەیەتی، دەسەڵاتی خۆ بواردنە لە پەسەند کردنیان.

ئوسوڵ و رێوشوێن لەمەڕ ناسین و تێگەیشتنی تیۆریی یاسای بنچینەیی6))، ئەگەر بێت و یەکسان پێڕەویان لـێ بکرێ، دەتوانن بۆ دیاریکردنی سنور و پێناسەی ئەرکە گشتییەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان رێ نیشاندەربن.

سەرەتا ئەوەی کە هەموان لە گشت ئەو وڵاتانەی کە تێیایاندا سیستەمی پەرلەمانی هەتا رادەیەک دەرک پێکراوە، قبوڵیان کردوە کە ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوانەی کە ئەندامیان زۆرە، نابێ کاری بەڕێوەبەری ئەنجام بدەن.

ئەم یاسایە نەتەنیا لەسەر بنەڕەتی ترین پرەنسیپی حکومەت باش و خوازراو، بەڵکو پابەندە بە ئوسوڵ و رێوشوێنی سەرکەوتوانەی هەر چەشنە کارێکەوە. هیچ تاقمێک لە خەڵک، مەگەر لە حاڵەتی پێکهاتەیی، قەوارەی ژێر فەرمان و دەستوردا بە واتای هەقیقیی وشە، دەنا بۆ راپەڕاندن و کاری کردەیی شایستە نییە. تەنانەت لیژنەیەکی هەڵبژێردراو، پێکهاتوو لە چەند ئەندام کە لەو کارەدا شارەزاییەکی تایبەتییان هەبێت، هەمیشە لە بەراورد لەگەڵ کەسێک لە نێوانیاندا کارایی و کاریگەریی کەمتری هەیە و کار ناوەڕۆکی باشتری دەبێت، ئەگەر بێت و ئەو کەسە بگاتە پلەو مەقامی سەرۆکی و بەرپرسی و ئەوانی تر لە ئاستی ژێردەستەکانیدا ئەودا بمێننەوە. تەنیا مەسەلەیەک کە لیژنەیەک باشتر لە تاکێک دەتوانێت ئەنجامی بدات، راگۆڕینەوەو راوێژو تێڕامانە. کاتێک

گوێگرتن و راو دەنگە دژ بە یەکەکان زۆر پێویست و گرنگ بن.

لێژنەی راوێژکارو بیردۆز لە پێویستیەکانی حکومەتە. لەم رووەوە ئەم جۆرە لێژنانە جاربەجار، تەنانەت بۆ کاری بەڕێوەبەری بەکەڵکە، بەڵام بەگشتی هەمیشە دەبێ رۆڵی راوێژکار و ژمێریاری هەبێت، کاروباری ئیداری و بەڕێوەبەری بەپێی یاسا، کاتێک بسپێردرێتە بەرپرسێکی دیاریکراو باشتر بەڕێوە دەچن. تەنانەت کۆمپانیایەکی هاوبەش، هەمیشە لە کردەوەدا ئەگینا لە تیۆریدا خاوەنی بەڕێوەبەرو بەرپرسێکە، باش و خراپیی بەرپرسەکەی لە راستیدا بەستراوەتەوە بە تواناو شایستەیی بەڕێوەبەرییەوە، ئەندامانی دیکەی لیژنەی بەڕێوەبەری تەنیا لەرێگای دانی پێشنیار بە بەرپرس، یان بەکەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی چاودێری بەسەر کارەکانی ئەودا، بەکەمکردنەوەی دەسەڵات یان گۆڕینی ئەگەر توشی هەڵە بێت، دەتوانن هەوێنێکی کاریگەربن، ئەگەر ئەوان لە بەرێوەبەریدا لەگەڵ بەڕێوەبەر یەکسان و هاوبەش بن بەقازانج نییە، بە پوانێک لە قەڵەم نادرێ، بەڵکو کۆسپێکی گەورەیە لە بەرامبەر کاری باشتردا کە دەبێ توانای بەئەنجام گەیاندنیان هەبێت: وەها دۆخێک هەست بە بەرپرسیاریەتیی تاکێکی بەڕێوەبەرە لە هەمبەر ئەرکێکدا کە دەبێ بە تەواوەتی لە ئەستۆی بگرێ، لە روانگەی خودی ئەو و خەڵکانی دیکەوەی بە ئەستەمی و بەشێنەیی لاواز دەبێت، بەڵام پەرلەمانێکی شۆرای نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار، یان داڕشتن و پەسەندکردنی بڕیاری وردو لاوەکی بۆ کەسانێک، کە ئەرکە بەڕێوەبەرییەکانیان لەسەر شانە، لەهەر کۆمەڵێکی تر نەشیاو نە گونجاو ترە.

تەنانەت کاتێکیش ئامانج و راستگۆیانە بێت، دەستێوەردانی لانیکەم هەمیشە زەرەرمەند بووە. هەر بەشێک لە بەرێوەبردنی کاروباری گشتی، کارێکە لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕی کە بنەمای تایبەت و یاسای

بنەڕەتیی خۆی هەیە. تەنانەت بەشی هەرە زۆریان تەنیا بۆ کەسانێک بەشێوەی کاریگەر دەرک پێدەکرێ کە سەردەمێک لە راپەڕاندنو بەڕێوەبردنیاندا دەستیان هەبووە، کەسانێک کە بەکردەوە لەگەڵیان ئاشنایەتییان نەبێت و ناشارەزا بن، ناتوانن گرنگیی شایستەیان دەرک پێ بکەن. مەبەستم ئەوە نییە کە راپەڕاندنی کاروباری گشتی و دەوڵەتی رازی نهێنی و شاراوەی تێدایە، کە تەنیا دەوروبەر و خۆییەکان لێی شـارەزان. ئوسوڵ و پرەنسیپی ئەم کارە بۆ هەر تاکێکی خاوەن شعور دەرک پێکراوە، کەلە بیر و ئەندێشەیدا وێنایەکی راستەقینەی لە بارودۆخێک کە دەبێ لەگەڵیان بەرەوڕووبێتەوەو هەبێت، بەڵام بۆ کێشانی وەها وێنایەک ناسین و شارەزایی لەو بارودۆخە پێویستە و وەها ناسینێک لە رێگەی دۆزینەوە کەشفەوە بەدی نایەت. زۆرێک لە یاساو رێوشوێنە گرنگ و پڕ بایەخەکان لە هەرکام لە لق و شاخەکانی کاری دەوڵەتیدا هەن (وەک چۆن لە هەموو کارو پیشە تایبەتی و تاکەکەسیەکاندا هەیە)، تاکی تازەکار نەتەنیا هۆکارەکانی نازانێ، بەڵکو لە جەوهەر و ناوەڕۆکیشیان گومانی هەیە، چونکە ئەوانە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسی، یان دژوارییەکان بەدی هاتوون کە هیچ کات بەزەینی ئەودا نەهاتووە و من دەسەڵاتداران، چەشنی وەزیر گەلێک دەناسم کە خاوەنی شارەزاییەکی زۆرن کە لە یەکەم رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارێکی نوێ سەرسوڕمانی ژێردەستەکانی خۆی بەم شێوەیە هەڵخڕاندوە کە ئەو شتەی کە هەتا ئێستا بە هیچ دانراوە، بە حاڵەتێکی تایبەت وەکو راستییەک لەبەرچاو گیراون و رووناکییان خستۆتە سەر شتێک کە لەوانەیە لە یەکەم روانین و بەهێند گرتنی تاکێک بۆ تەوەرێک لە زەین و بیردا جێگیر بێت، بە پشتکردن لە روانگەیەک و پەرژانە سەر تەوەر و باسێکی تر لە بیر بچێتەوە.

راستە کە سیاسەتڤانێکی گەورە کەسێکە کە تێدەگات و دەزانێت کە چ کات پشت لە نەریتە دێرینەکان بکات و روویان لی وەربگێڕێ، چ کاتێ روویان تێ

بکاتْ، خوویان لەگەڵ بگرێ، بەڵام ئەگەر وا بیرکەینەوە بەنامۆ و بێگانەبوون لەگەڵ ئەو داب و نەریتانە، کاری خۆی باشتر بەئەنجام دەگەیەنێتْ، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووین. بۆ ناسینی کامڵی رێکارە کردەییەکان تەنیا کەسێک کە دەتوانێ دادوەری بکاتْ، کە پشتْ بە ئەزمون ببەستێ کەلە چ دۆخ و هەلومەرجێکدا روو وەرگەڕاندن لە شێوەو نەریتە باوەکان پێویستە.

تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندی لەسەر بنەمای کاروکردەی رێکخراوێکی دەوڵەتی و بەرەنجامێک کەلە جۆری تایبەتی بەڕێوەبردنی ئەو کارانەوە بەدی دیتْ، چەشنە زانستێکە بەتایبەتْ پێویستیی بە ئەزمونی کارناسانەیە کە بە دژواری لەلای کەسانێک پەیدا دەبێ، کە پەروەردەی ئەوە نەبن، بە چەشنێک کە ناکرێ رێفۆرمی یاسایی لە کەسانێک چاوەڕوان بکەی کە تایبەتی و پسپۆڕانە لێکۆڵەری ئەو بوارانە نەبن، بێگومان پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو کە هەوڵ بداتْ لەبارەی کارە پسپۆڕایەتییەکانی دەزگای بەڕێوەبەرییەوە بڕیار بداتْ، هەموو ئەم دژوارییانە لەبەرچاو ناگرێ و بە نەدیتراوی دادەنێ، لە باشترین حاڵەتیدا بێ ئەزمونییە کە بەبێ ئەزمون و ناشارەزایانە لەمەڕ زانایی و وشیاری دەستْ دەداتە دادوەری. نەزانێک کە لەمەڕ جەوهەری ئەو شتەی کە لێی نازانێ گومان و دڕدونگییەکی نەبێ چەندە کەمتەرخەمە کە خۆ بەزلزانی، هەموو داواکارییەکان بەبوونی دادوەرییەک، تەنانەتْ ئەگەر بەرزترو بە بایەختر لە دادوەریی خۆشی بێتْ، ئەگەر نەبنە هۆی رەنجاندنیشی بە چاوی سوک و کەم بایەخەوە لێیان دەڕوانێتْ. تەنانەتْ ئەمە کاتێکە کە بەرژەوەندییەکی تایبەتْ نەبێتە هۆی هەڵخڕاندنی کردەوەیەک، ئەگەر بەم چەشنە نەبێتْ، بەرەنجامی کار چەشنە هەلپەرستیەکە لە پلەو مەقام و هەلپەرەستییەکی ناڕەوایە کەلە خراپترین جۆری گەندەڵی لە دەزگایەکی دەوڵەتیی پێوەندیدار بە حکومەتْ خەڵکەوە بێ شەرمانەتر و جەسورانەترە.

پێویست ناکات کە مەیل و بەریانی بەرژەوەندییانە، زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن بگرێتەوە، لە بارەی هەر مەسەلەیەکی تایبەت تەنیا بەسە دوو یان سێ نوێنەر وەها مەیل و ویستێکیان هەبێت. ئەو دوو سێ کەسە لە هەڵە و بەلارێدا چوونی ئەنجومەندا تەنیا هۆگرییەکی بەدەسەڵاتتریان لە نوێنەرانی دیکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەنجومەن بۆ سەر ڕێگای ڕاست هەیە. لەوانەیە زۆرینەی نوێنەرانی ئەنجومەن پشت لە کردەی لە ناپاکی بکەن، بەڵام ناتوانن زەینی خۆیان لەبارەی ئەو مەسەلانەی کە بەتەواوەتی نامۆن، وشیاربکەن و دەسەڵاتی لێکدانەوەی خۆیان ئەکتیڤ و چالاک بپارێزن و زۆرینەی پاسیڤ و سەقەت، وەکوو تاکی غەیرە چالاک، بە دوای کەسێکدا دەکێشرێ کە زیاترین زەحمەت و ڕەنج دەکێشێ و خۆ ماندوو دەکات. ئەنجومەن دەتوانێت ئاکارو کردە نابەجێ و دەست نیشانکردنە(7) خراپەکانی وەزیرێک هەڵسەنگێنێ و چاودێریی بەسەردا بکات، بەرژەوەندیی وەزیران لەبەرگری، پشتیوانی، بەرژەوەندیی رکەبەران لە هێرشدا گفتوگۆیەک دێنێتە ئاراوە کە هاوکات لەگەڵ قورسایی و پێگەی هەردوولا هەتا ڕادەیەک قبوڵ دەکرێ، بەڵام چ کەسێک ئەنجومەن دەخاتە ژێر چاودێری و تاوتوێکردنەوە؟ ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسی ڕێکخراوێک لە بەرامبەر چ کارێکدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکات؟ ئەنجومەن لە وەها دۆخ و حاڵەتێکدا هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک ناکات، چونکە کام نوێنەری ئەنجومەن بۆ دەنگدان لەمەڕ ئەوەر و باسێکی لاوەکیی بەڕێوەبەری، پێگەو کورسییەکەی خۆی لەدەست داوە؟ بۆ وەزیرێک یان بەرپرسی ڕێکخراوێک، دادوەریی داهاتوو لەبارەی شێوەی کارکردی زیاتر لە دادوەریی ئێستا شیاوی بایەخ پێدانە. بەڵام ئەنجومەنێک ئەگەر بێت و هاوار و دادی سەردەم، هەرچەندەش دەسکرد و بەپەلە بێت، هاوتەریبی ڕێگاو ئامانجێکی بەرز بێت، ئاکامی کارو کردەکانی هەرچەندەش ئەستەم و دژوار بێت، خۆی و خەڵکانی تر

بەسەربەسێ و خاترجەمی دادەنێن. جیالەمە ئەنجومەنێک هیچ کاێ راستەوخۆ ئەو دژوارییانەی کەلە ئەنجامی کردە خراپەکانی خۆیەوە سەریان هەڵداوە هەتا کاتێک لە ئاستی گشتیدا هەسێ بەئازار و رەنج نەکاێ، ئەزمونی لێ وەرناگرێ.

وەزیر و بەڕێوەبەرەکان هاتنە ئارای ئەودۆخە دەبینن و دەبێ هەموو دژواری و دەرد و ئازارەکانی هەوڵ و تەقەلا بۆ پێشگیری کردنیان تەحەمول و قبوڵ بکەن. ئەرکی راستەقینەی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو، لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی بەڕێوەبەریدا ئەوە نییە، کە بە دەنگ و هەڵوێستی خۆی لەسەریان بڕیار بداێ، بەڵکو مەسەلەکە گوێدان و لەبەرچاو گرتنی ئەمەیە کە بڕیاردەران کەسانێکی شیاو و شایستە بن، تەنانەێ ئەم کارەش لە رێگای دەستنیشانکردنی کەسانی شایستەو بەکەڵکیشەوە نابێ. هیچ کارێک زیاتر لە دەستنیشانکردن و دانانی کەسەکان لە پۆسێ و پلە جۆراوجۆرەکاندا نییە، کە دەبێ بە هەسێ بە بەرپرسایەتی کردن بەڕێوەبچێ.

ئەزمونی هەر کەسێک کە لەگەڵ کاروباری دەوڵەتیدا شارەزایی هەبێێ، بەرەنجامی ئەم وتەیە کەلە دانان و دەستنیشانکردنە دەوڵەتییەکاندا ویژدانی تاکێکی میانەڕەو کەمتر لە هەر کارێکی تر لەخۆیەوە دژکردەوە نیشان دەداێ، بە دەگمەن جارێک روو دەداێ کە تێدا کەمتر ئاوڕ لە شایستەیی و تواناییەکان بدرێتەوە، ئەمە هەتا رادەیەک بەو هۆیەوە کە خەڵک لە کێشە و دژایەتی شایستەیی و تواناییەکانی تاکێک لەگەڵ تاکێکی دیکەدا، بۆ وەها دەستنیشان کردنێک ناشارەزان و هەتا رادەیەک لەبەرئەوەیە کە بایەخ و گرنگی ئەم بابەتە لەبەرچاو ناگرن، کاتێک وەزیرێک ئەوەی کە بەناوی هەڵبژاردنێکی راستگۆیانەوە ئەنجامیدەداێ، واتە کاتێک لەو دەسێ نیشانکردنەدا پێوەندی و ئامانجە تاکەکەسی یان حیزبیەکانی خۆی ناگونجێنێ، تاکێکی ناشارەزا

لەوانەیە وای لێکبداتەوە کە ئەو هەوڵدەدات کە پلەو مەقام بە گونجاوترین و شایستەترین کەس بسپێرێ، بەم شێوەیە نییە، وەزیرێکی ئاسایی ئەگەر بێت و ئەو مەقامە بە کەسێکی شایستە یان کەسێک کە بە شێوەیەک خەڵک پێی قەرزدارن، بسپێرێ کە خۆی بە نمونەی پاکی و مەعریفە دادەنێ، هەرچەند کە ئەو مافە یان شایستەییە لەوانەیە شتێکی بە دوور و غەیر لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی ئەو پلەیە بێت.

ئەم رستە فەرەنسییە کە: «ژمێریارێک پێویست بوو، بەڵام سەماکەرێک کارو پۆستەکەی بەدەستەوە گرت»(8) هەر وەکو سەردەمی فیگارۆ(9) شۆخی و گاڵتەیەکی نزیک بە راستییە، ئەو وەزیرە ئەگەر کەسی دەست نیشان کراو[ سەمای جوان بکات، نەتەنیا گلەیی و لۆمە بۆخۆی بە رەوا نازانێت، بەڵکو خۆی زۆر بە شایستەتر لە قەڵەم دەدات، جیالەوە توانایی و لێهاتویەک کە خەڵک بۆ کارە تایبەتییەکان شایستە بار دێنن تەنیا بۆ کەسانێک باوە کە بۆیان ناسراوبن، یان بۆ کەسانێک کە کار یان ناسینی تاکەکان بە متمانەو دەرک پێکردنی دەسکەوتەکانی پێشینیان یان بەخاتر جەمییەوە شاهێدی دادوەرانی خاوەن بیروڕان.

کاتێک ئەم ئەرکە ویژدانیانە کە پلەو پایە بەرزە دەوڵەتییەکان کە دەبێ وەڵامدەری دەست نیشانکردنەکان بن، بەم چەشنە بە چوکە دادەنێن، چۆن دەکرێ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان کە دوورن لە هەرچەشنە وەڵامدانەوەیەک، بایەخی زیاتریان هەبێت؟ تەنانەت لەم سـەردەمـەدا، خراپترین دەست نیشانکردنەکان، ئەو دەست نیشان کردنانەیە کە بۆ مسۆگەرکردنی پۆستی نوێنەرانی ئەنجومەن، یان چەککردنی باڵی بەرامبەر لە ئەنجومەندا بە ئەنجام دەگات، ئێستا ئەگەر ئەم دەست نیشانکردنانە لەلایەن خودی ئەنجومەنەوە بەڕێوەبچێ، دەکرێ چ چاوەڕوانییەکت لێ هەبێت؟ ئەو ئەنجومەنانەی

ئەندامیان زۆرە بەهیچ شێوەیەک توانا تایبەتییەکانیان لەبەرچاو ناگرن. تەنیا لە حاڵەتێکدا کە تاک مەحکوم بە ئیعدام نەبێ، لانیکەم بۆ هەر کارێک کە پێی بکرێ خۆی کاندید بکات، یان شانبەشانی ئەوانی دیکە شایستەی ئەو کارەیە. کاتێک دانان و دەست نیشانکردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بنەمای پێوەندیی حیزبی، یان پێوەندییە تاکەکەسییەکان نەبێ، هەرچەند کە زۆر کەم ڕەنگ و ناوازەیە، هەڵبژاردنی تاک یان بەهۆی ناوبانگێک بۆ توانایی و مسۆگەری گشتی، زۆرجار بەتەواوەتی ناڕەوا، یان زۆر جار بەهۆیەکی نە سەرتر لە خۆشەویستی و خۆشناویی تایبەتیی تاک، بەڕێوە دەچێ.

تەنانەت دانانی ئەندامانی کابینە لەلایەن ئەنجومەنەوە هیچ کات بە مەسەلەو کارێکی خوازراو لە قەڵەم نەدراوە. تەنیا بەسە کە بەڕاستی بڕیار بدات کە چ کەسێک سەرۆک وەزیر بێت، یان دوو سێ کەسێک هەڵبژێرێ، کە یەک لەوان بکاتە سەرۆک وەزیرو بەم کارە تەنیا ئەم راستییە دەنوێنێ کە کەسێکی دیاریکراو کاندیدای ئەو حیزبەیە کە پرۆگرام و سیاسەتی گشتی، نیشانەی پشتیوانی کردنییەتی، بەڕاستی تەنیا شتێک کە ئەنجومەن لە بارەیەوە بڕیار دەدات ئەمەیە کە کام یەک لە دوو، یان بەلانی زۆرەوە تاقمێک لە خەڵک، دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بەدەستەوە دەگرێ؟ راو روانگەی خودی حیزبی بڕیاردەر ئەوەیە کە کام یەک لە ئەندامەکانی بەرزترین تایبەتمەندی و شایستەییان بۆ بەرپرسایەتی و بەڕێوەبەری هەیە.

کارو کردەی ئەمڕۆیی یاسای بنچینەیی بەریتانیا، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم چەشنە کارانە بە باشترین ئاستی شیاوی خۆیان بە ئەنجام دەگەن. ئەنجومەن هیچ کات وەزیرێک کاندید ناکات، بەڵام پادشا سەرۆکی دەزگای بەڕێوەبەری بەپێی ویست و داواو پێکهاتەی گشتی ئەنجومەن دەست نیشان دەکات، وەزیرەکانی دیکە بە پێشنیاری سەرۆک وەزیر دادەنرێن،

هەر وەزیرێک لە دیاریکردنی کەسانی شایستە بۆ مەقام و پۆستی کاتیی دەوڵەتی، بەرپرسیارێتی ئەخلاقی نەگۆڕێ هەیە. لە سیستەمی کۆماریدا، یاسا و ڕێوشوێنەکانی تر پێویستە، بەڵام لە کردەوەدا هەرچی بە شێوەی دێرینی بەرێتانیاوە نزیکتر بێنەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە زیاتر و باشتر کار بکات. یان وەکو کۆماری ئەمەریکا سەرۆکی دەسەڵات و دەزگای بەڕێوەبەری دەبێ لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوە هەڵبژێردرێ، کە بە تەواوەتی جیاواز لە پەرلەمان، یان پەرلەمان دەبێ بەناساندنی سەرۆک وەزیر قاییل و رازی بێت، ئەو بکاتە بەرپرسی هەڵبژاردنی هاوکاران و ژێردەستەکانی خۆی. من بەشداریی هەموان، لانیکەم لە دنیای تیۆریدا بەسەر هەموو ئەم دەنگانەدا لەسەرتر دادەنێم و بە تەواوەتی لەبەرچاوی دەگرم، هەرچەند لە کردەوەدا مەیلێکی بەدەسەڵات بە بەشداری کردنی هەرچی زیاتری ڕێکخراوە هەڵبژێردراوەکان لە وردەکاتییەکانی کاروباری بەڕێوەبەریدا هەیە، چونکە لەسەر ئەم یاسا سەرەکی و گشتییە پێداگری دەکرێ کە خاوەندارترین دەسەڵاتی سیاسی هەرچی زیاتر لەو رادەیە کەڵکی لێ وەربگیردرێ بەلاڕێدا دەچێ و ئەمە یەکێک لە مەترسییە راستەقینەکانە کەلە داهاتودا هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراو لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێت.

بەڵام بە هەمان رادە دروستە (هەرچەند کەلە قۆناغی دواییدا دروستی و راستیی بەرەبەرە دەردکەوێ) کە پەرلەمانێکی فرە ئەندام زیاتر بۆ کاری راستەوخۆی دۆخ و وەزعی یاساکان نەشیاوە، نەک بۆ کاروباری بەڕێوەبەری. دەگمەن کاری بەرچاو هەیە کە بەچەشنی دۆخی یاساکان پێویستی بەوە بێت کە نەتەنیا لە ڕێگای مێشکە تەیارو بەئەزمون و شارەزاکانەوە، بەڵکو بەهۆی مێشک و ئەندێشە گەلێکەوە دابنرێ کە بە لێکۆڵینەوەی بەردەوام و درێژخایەن و پڕ لە رەنج و سەختی، پسپۆڕی پێویستیان بەدەست هێنابێ، ئەگەر هۆیەکی

دیکە نەبێت. هەر ئەم هۆیە بەسە کە نەتەنیا کۆمیتەو لیژنەیەکی کەمینە ئەندام دەتوانێت بەشێوەیەکی باش و خوازراو یاساکان دابنێ و پەسەندیان بکات، هۆیەکی دیکە بە ئاستی خۆڕاگری و نەگۆڕیی هۆکاری پێشوو، ئەو شتەیە کە هەر خاڵێکی یاسا دەبێ لەگەڵ وردترین و دووربینترین دەرک پێکردنی، کاریگەریی لەسەر خاڵەکانی دیکەی یاسا هەبێت و کاتێک یاسایەک داڕێژرا و پەسەندکرا، دەبێ بتوانێ لە کۆمەڵەو کۆکراوەیەکی یەکسان و لە پەنای یاسا پەسەندکراوەکانی پێشودا دابنرێ. ناکرێ ئەم بارودۆخە بە هەموو ئاستێک لێک بدرێتەوە کاتێک یاساکان، بەند بە بەند لە پەرلەمانێکی پێکهاتوو لە نوێنەری خەڵکی جیاواز، بخرێتەوە بەردەم دەنگدانەوە. ئەگەر یاساکانی ئێمە، لەباری شێوە و پێکهاتەوە، وەک ئێستا کۆمەڵە یاسایەکی ئاڵۆز نەدەبوون کە لەرادەبەدەر نوێ نوێنی نەبێتە هۆی زیاد بوونی ئاڵۆزی و دژایەتییەکانی، نایەکسانی و ئاڵۆزیی شێوەو جۆری یاسادانان بیروڕای هەموانی بەتەواوەتی دەوروژاند. سەرەڕای ئەمە ئەمڕۆکە، نەگونج و ناشایستە بوونی سەرلەبەری دەزگای یاسادانانی ئێمە لەگەڵ ئاکامی کۆتاییەکەی، هەر ساڵەو زیاتر خۆی دەردەخات.

تەنیا ئەوکاتەی پێویستە بۆ پێداچوونەوەی گەڵاڵەکان تەرخان دەکرێ و زیاتر لە پێشوو، لە هەرچەشنە کردەیەکی بنەڕەتی بەمەبەستی پەسەند کردنی یاسا، بێجگە لە بواری چاودێری و تاوتوێ کردنی خاڵگەلی بەرباس و چوارچێوەدار پێش بە پەرلەمان دەگرێ. ئەگەر بێت و گەڵاڵەو بەرنامەیەک دابرێژرێ کە دەبێ چاودێر بێت بەسەر هەموو باسەکەدا (نەکرێ جگەلە دۆخ و حاڵەتی گشتی بیخەینە بەرباس)، تەنیا بەو هۆیەی کە کاتی پێویست بۆ چاودێری و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە لە گۆڕێدا نییە، لە کۆبوونەوەیەکەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. گرنگ نییە کە گەڵاڵە لەوانەیە بەوپەڕی

وردبینیەوە لەلایەن کەسانێکی جێگای باوەڕەوە کەلە شایستەترین کەسەکانن و بەکەڵک وەگرتن لە هەموو پێکهاتەو روانگەکان داڕێژرابێت، یان لەلایەن کۆمیسیۆنێکی هەڵبژێردراوەوە داڕێژراوە کە هۆکاری وەرگرتنی ئەندامەکانی ئاشنایەتییان لەگەڵ  باس و تەوەردا بووە و ساڵانێک بە تێرامان و راڤەکارییەوە بەتایبەتی کاریان کردبێت، ئەو گەڵاڵەیە پەسەند ناکری، چونکە پەرلەمانی خەڵک لە ئیمتیازو پوانی پڕبایەخی خۆیان بۆ پینەکردن و پاساو هێنانەوە ناڕوانێتە ئەزمونی شارەزایی و پسپۆڕی.

ئەم شێوە باوە ئێستا هەتا رادەیەک جێگای خۆی کردۆتەوە کە کاتێک ناوەرۆکی گشتیی گەڵاڵەیەک لە خوێندنەوەی دووەمدا(10) پەسەند بکرێ، بۆ هەڵسەنگاندنی بیروڕاکان بسپێردرێ بە لێژنەیەکی هەڵبژێردراو، بەڵام نەبینراوە کە بەم  چەشنە، بۆ پەسەندکردنی گەڵاڵە لە دانیشتن و کۆبوونەوەی گشتیی پەرلەمانی خەڵک، لە بەفێڕۆدانی کاتێکی زیاتر بەرگری بکرێ. خەیاڵ و فانتازیا یان بۆچوونی هەڵە کەلە بەرامبەر زانستدا شکستیان خواردوە، نابی بەردەوام لە دادگای نەزانیدا، دەرفەتی دیکەیان پێ بدرێ.

بەڕاستی رەوش و شێوەی ئاماژە پێکراو لە بنەڕەتدا لە پەرلەمانی ئەعیان (نجیبزادگان)ەوە وەرگیراوە کە ئەندامەکانی لە بەراورد لەگەڵ  پەرلەمانی خەڵکی ئاساییدا کەمتر مەیل و هۆگرییان بە بەشداری کردن هەیە و کەمتر لە بەرامبەر گرنگیی چاودێریی تاکەکەسیەوە هەڵوەستە و دژکردەوە نیشان دەدەن. کاتێک گەڵاڵەیەک بتوانێت بە خاڵی زۆرەوە لە قۆناغی هەڵسەنگاندنی وردەکارییەکان تێپەڕ بکات، بە چ دۆخ و حاڵێکەوە لە ئەنجومەنی خەڵکی ئاسایی سەردەکەێ! خاڵگەلێکی لێ سڕاوەتەوە کە بۆ کاریگەر بوونی بەندەکانی دیکە بوونیان پێویستە، بەندگەلێکی نەگونجاو لە گەڵاڵەکە نەگونجێنراون کە مەبەستیان تێرکردن و بەجێهێنانی هەندێ مەیل و ویستی تایبەتی یان ویستی

نوێنەرێکی هەوەسباز و سەرسەخت بووە کە هەڕەشەی لە بەدواخستنی گەڵاڵەکە کردوە، بەندێک بە پێشنیاری کەسێکی بیرتەسک و خاو بە دەربڕینێکی سەقەت و ناتەواو لە گەڵاڵەکەدا گونجێنراوە کە بنەماکانیان، کەسان و لایەنگرانی دیکە لەکاتی هێنانەگۆڕێ تەوەردا لە پێشدا لەبەرچاویان نەگرتووە، کەوایە یاسایەکی سەقامگیر پێویستە بۆ پێداچوونەوە و راست کردنەوەی هەڵەکانیان کەلە کۆبوونەوەی دواتردا بخرێتە بەرباس. ئەمە یەکێک لە زیانەکانی شێوەی ئێستای بەڕێوەبردنی وەها کاروبارێکە، کە شرۆڤە کردن و دیفاع لە گەڵاڵەیەک و بڕگە جۆراوجۆرەکانی بە دەگمەن لەلایەن کەسێک کە زەین و ئەندێشەی جێگای ویستی ئەوانە بووە، لەوانەیە پێگەیەکی لە پەرلەماندا نەبێت، بە ئاکام دەگات. پشتیوانی لەوان دەکەوێتە ئەستۆی وەزیرێک یان نوێنەری پەرلەمان کەلە ئامادەکردنیاندا رۆڵیان نەبووە و بێجگەلە بابەت و تەوەرە بەرچاوەکان زانیاریی بێ بنەما و لەرزۆکیان خێرا بۆ هۆکارەکانی خۆیان کۆکردۆتەوە، کەسانێک کەلە خاڵە بەدەسەڵات و زەقەکانی بابەتی بەرباس ناشارەزان و لە باشترین رێگای پشتیوانی کردنی نائاگان و لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رەخنە چاوەڕوان نەکراوەکان بەتەواوەتی دەستەوداوێن و پەککەوتەن. ئەم زیانە، لە پێوەندی لەگەڵ گەڵاڵە و پلانە دەوڵەتییەکاندا، بەرگر و دوورخەرەوەیە و لە هەندێ یاسای بنچینەیی حکوومەتە پەرلەمانییەکاندا بە ئیزن دان بە دەسەڵات و دەزگای بەڕێوەبەری بە مەبەستی بوونی نوێنەری متمانە و جێگای باوەڕ لەلایەن خۆیەوە دەبێ لە هەرکام لە ئەنجومەنەکانی یاساداناندا بەشداری بکات و خاوەنی مافی قسە کردن بێ، هەرچەند کە بەبێ مافی دەنگدان، پێشی پێگراوە و رەت کراوەتەوە.

ئەگەر ئەو زۆرینە بەرچاوەی پەرلەمانی خەڵکی ئاسایی کە هیچکات خوازیاری پێشنیاری گەڵاڵەیەک یان دەربڕینی بیروڕایەک نین، لەمەوبەدوا

کاروبارەکان بەو کەسانەی کە وەها ویستێکیان هەیە نەسپێرن، ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە نێرامان و هەڵوەستەیەک بکەن، کە لەحاڵەتی گەڕان و پەیجۆر، بۆ دارشتنی دەستور، شایستەیی و توانایی باشتر لە ئاخاوتن و دواندەریی بێ گرێ، هەروەها توانایی مسۆگەرکردنی دەنگەکان لە گۆڕێدا بێت، ئەوکات خێرا دەردەکەوێ کەلە دارشتنی دەستور، هەروەها لە کاروباری بەڕێوەبەریشدا تەنیا ئەرکێک کە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو دەتوانێ بەشایستەیی و تواناییەوە بەڕێوەی بباتن، ئەنجامدانی کار نییە، بەڵکو پێکهێنانی زەمینەو دەرفەتی ئەنجامدانیەتی لەسەر دەستی خەڵکانی تر، ئەرکی دیاریکردنیەتی کە بە چ کەسێک، یان بە چ جۆرە کەسانێک ئەو کارە بسپێرێ و ئەنجامی کارەکەش بخاتە بەردەم پەسەندکردن، یان رەت کردنەوەی نوێنەرانی خەڵکەوە، لە جەوهەری پێکهاتەی هەر حکومەتێک کە شایستەی ئاستێکی بەرز لە ژیاری بێت، دەکرێ چەشنی رێکخراوێکی گچکە بێت، کە رێژەی ئەندامەکانی لە رادەی ئەندامەکانی کابینەیەک تێناپەڕێ.

ئەم رێکخراوە بەناوی کومیسیۆنی کۆکردنەوەی یاساکان(11) ئەرکی دیاریکراوی ئامادەکردن و نوسینی رەشنوسی یاساکان دەبێت، ئەگەر یاساکانی ئەم وڵاتە بخرایەتە بواری پێداچوونەوەوە، بە شێوەی کۆمەڵەیەکی بەرهەڤ بـەردەوام گۆڕانی بەسەردا دەهاتن، کە بێگومان بەمزوانەئەم گۆڕانەی بەسەردا دێت، کۆمیسیۆنی ئامادە و دارێژەری یاساکان کە بەڕێوەبەری ئەم پرۆژەیە، دەبێ وەکو بنیاتێکی نەگۆڕو پتەو بمێنێتەوە هەتا چاودێری بەسەر کارەکاندا بکاتن، لە هەڵەو بە لارێداچوون بەرگری بکاتن، لە کاتی پێویستدا رێگاچارەی بۆ بدۆزێتەوە. هیچ کەس نایهەوێ کە ئەم بنیاتە ]کۆمیسیۆن[ە خۆی چاودێری دۆخی یاساکان بکاتن، ئەم کۆمیسیۆنە تەنیا وێنایەکە لە توخمی زانیاری و ئەنجومەنی ئیرادەی گشتی لە پێکهاتنی یاساکاندا.

هیچ گەڵاڵە یان پڕۆگرامێک هەتا کاتێک بە تەواوەتی پەرلەمان پەسەندی نەکات، نابنە یاساو ئەنجومەنەکان یان هەرکام لەوان، نەتەنیا دەسەڵاتی رەتکردنەوەی گەڵاڵەی هەیە، بەڵکوو دەتوانێ بۆ پێداچوونەوە یان رێفۆرم بیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمیسیۆن، هەروەها هەرکام لە ئەنجومەنەکان دەتوانن بەخسنتە بەردەمی بابەتێک بۆ کۆمیسیۆن و دەرکردنی بڕیارگەلێک بۆ ئامادەکردن و داڕشتنی دەستورێک، داهێنان و نوێگەرایی بخولقێنن.

روون و ئاشکرایە کە کۆمیسیۆن ئەم دەسەڵاتەی نییە، کەلە هەوڵ و خزمەتی تایبەتی خۆی بۆ ئامادەکردنی هەرکام لە یاسا خوازراوەکانی وڵات خۆ ببوێرێ. بڕیارەکان بۆ رێکوپێک کردنی گەڵاڵە بە مەبەستێکی تایبەت، کە هەردوو ئەنجومەن هاودەنگ بن و رایان لەسەر بێت، بۆ ئەندامانی کۆمیسیۆن پێویستە، مەگەر ئەوەی کەوای بەباش بزانن لە پێگەو مەقامی خۆیان بکشێنەوە، بەڵام کاتێک گەڵاڵەیەک رێکخرا، پەرلەمان دەسەڵاتی گۆڕینی نییە، بەڵکو تەنیا دەتوانێ پەسەندی بکات یان رەتی بکاتەوە، یان ئەوەی بەشێک لەو گەڵاڵەیە رەت بکاتەوە، یان بۆ دوبارە پێداچوونەوەی بینێرێتەوە بۆ کۆمیسیۆن. ئەندامەکانی کۆمیسیۆن لەلایەن پادشاوە دیارییان دەکرێن، بەڵام دەبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت، بۆ نمونە پێنج ساڵ، پلەو مەقامی خۆیان بپارێزن، مەگەر ئەوەی کە بەهۆی خراپەکاری و هەڵەی تاکەکەسی (وەکو دادوەران) یان پشتکردن لە رێکخستنی گەڵاڵەیەک کە بڕیارەکەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا بێت، بەپێی پێشنیاری هەردوو ئەنجومەن لەسەر کار وەلا بنرێن، لە کۆتایی خولی پێنج ساڵەدا، ئەندامی کۆمیسیۆن دەبێ پلەو مەقامی خۆی وەلا بنێ، مەگەر ئەوەی کە دوبارە دیاری بکرێتەوە. ئەم تەکوز* مەندییە لەبەر ئەوەیە کە ئەو هەلە بڕەخسێ، واتە کەسانێک کە شایستەی کارو ئەرکەکانیان نین، شوێن و مەیدان بۆ کەسانی تازەکارو بەتوانا و لاوتر چۆڵ بکەن.

زەرورەتـی رێکخستن، هاوچەشنی ئەوەی کە باسکرا تەنانەت لە دیمۆکراسیی «ئەسینا»دا هەست پێکرابوو، لە بڵیندترین و بەرچاوترین ئاستی قۆناغی فراژو بوونیدا، «ئیکلیزیای12)«) هەڵبژێردراو دەیتوانی «پسە فیزمەکان»(13) (بەگشتی بڕیارگەلێک لەمەڕ تەوەرە ئاساییەکانی سیاسەت) پەسەند بکات، بەڵام ئەو شتەی کە ناوی یاسای لێدەنرا دەکرا لەلایەن بنیات، یان ئەندامێکی ترەوە دابڕێژرێ یان بگۆڕدرێ.

ئەم رێکخراوە کە ساڵانە نوێ دەبۆوە نێوی «نۆمۆتی14)«) بوو، کە یەکێکی تر لە ئەرکەکانی پێداچوونەوەی هەموو یاساکان و راگرتن و پاراستنی هاوسەنگی نێوانیان بوو، لە یاسای بنچینەیی بەریتانیادا داڕشتن و رێکخستنی هەر گەلاڵەیەک کە لە روخسارو ناوەرۆکدا نوێ بێت، زۆر ئەستەم و دژوارە، بەڵام بە نیسبەت بەدیهێنانی بەرەنجامی نوێ لە رێگای گۆڕین و دەستکاریی شێوەو فۆرم و نەریتە باوەکان، دژکردەوەی کەمتر دێنێتە ئاراوە.

بەڕای من دەکرێ بە کەڵک وەرگرتن لە ئەنجومەن رێگاگەلێک بۆ کەڵک وەرگرتن لە یاسای بنچینەیی لەم گۆڕانکارییە بەربڵاوانە بدۆزرێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێ. کۆمیسیۆنی ئامادەو رێکخستنی گەلاڵەکان لە یاسای بنچینەییدا شتێکی نوێتر لە لێژنەی چاودێری بەسەر یاساکانی هەژاران(15) یان کۆمیسیۆنی ئابڵۆقەکان(16) نییە، بەپێی بایەخ و سەنگی ئەم ئەرکە راسپاردەیە، ئەگەر بگونجێندرێ کە هەرکەس ببێتە ئەندامی کۆمیسیۆنی یاسادانان دەبێ بۆ هەمیشە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیانیش مەگەر ئەوەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە لە ئەندامەتیی کۆمیسیۆنی ناوبراو لاببرێت. بگرە هەمان ئەو عەقڵە سەلیمە و باشیی راو تەگبیر بێت، کە ئەرکەکانی دادوەری ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیان بەکردەوە ئەسپێرێتە

دادوەرە دەرەکییەکان(17)، دەنا کاری داڕشتنی یاسا (بێجگە لە نموونەگەلێک کە تێیدا ئوسوڵ و بنەماو بەرژەوەندیی سیاسی لە گۆڕێدا بێت) ئەسپێرێتە یاسادانەرانی پسپۆڕ و شارەزا، هەروەها لەوانەیە گەڵاڵە پێشنیارکراوەکان لەلایەن ئەنجومەنی ئەعیان، هەروەها لەلایەن وەها کەسانێکەوە رێکبخرێ و دەوڵەتیش ئەرکی رێکوپێک و داڕشتنی گشت گەڵاڵەکانی خۆی بسپێرێتە ئەوان و ئەندامانی تایبەتیی18)) ئەنجومەنی خەڵکی ئاسایی (عوام) نەختە نەختە هەستیان پێ کردبا کە ئەگەر لەباتی هێنانی هەر گەڵاڵەیەک و پێشکەشکردنی راستەوخۆی بە ئەنجومەن بیانتوانیایە گەڵاڵەکە بدەن بە کومیسیۆن، هەم کارەکەیان ئاسانتر دەبوو و هەم پرۆژە و گەڵاڵەکانیشیان بەشێوەیەکی ئاسانتر لەلایەن ئەنجومەنەکانەوە پەسەند دەکران، چونکە هەڵبەتە ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتەی دەبێت کە نەتەنیا هەر بابەتێک، بەڵکوو هەر پێشنیارێکی تایبەت یان رەشنووسی گەڵاڵە، کە هەرکام لە ئەندامان لە ئامادەکردن و داڕشتنیدا بە مەبەستی پەسەندکردنی خۆی بە توانا بزانێ، بە تێرو تەسەلی بۆ تاوتوێ و چاو پێداخشاندن رەت یان پەسەند بکات. بێگومان ئەنجومەنیش هەرکام لەم رەشنوسانە ئەسپێرێتە کۆمیسیۆن، بەڵام وەکو مەسەلەیەک کە دەبێ کاری لەسەر بکرێت، یان بۆ بەکارهێنانی پێشنیارگەلێک کە لەوانەیە تێدا بێت دەبێ کاری تێدا بکرێت. هەر بەم پێیە ئەنجومەن هەر گۆڕین و گۆڕانکاری، یان ناڕەزایەتییەک کە بە نوسراوەیەک لەلایەن هەرکام لە نوێنەران و دوای هاتنە دەرەوە لە کۆمیسیۆن پێشکەش بکرێ، بە هەمانشێوە رەوانەی کۆمیسیۆنی ئەکات.

گۆڕینی گەڵاڵەکان لە کومیسیۆنەکانی پەرلەماندا بەشێوەی فەرمی ناسڕدرێنەوە، بەڵکو بەهۆی نابابەتی و ویرانییەوە (متروکیت) رادەگیرێ، بە واتایەکی تر، بەڵکو ئەم مافە پشت گوێ ناخرێ وەک مافی ڤیتۆی

پادشا و مافی خۆدەرباز کردن لە دابینکردنی پێویستی و ئەرکەکان و کەرەسەکانی دێرینی دیکەی ململانێی سیاسی لە زەڕادخانەیەکدا دەپارێزرێ، کەرەسەگەلێک کە هیچ کەس کەیف و مەیلی بەکارهێنانیانی نییە، بەڵام لە هەمانحاڵدا لە خۆیشی دووری ناخاتەوە، نە وەکو جارێکی تر لەکاتی پێویستدا، بە کاری بێنن.

بە وەها کارێکی لەبارو رێکوپێکەوە یاسادانەرێک پێگەی خۆی وەک کارێک کە پێویستی بەشارەزایی و لێهاتوویی و خوێندنەوەو ئەزمونی پسپۆڕی هەیە مسۆگەر دەکات، لە هەمانحاڵدا گرنگترین ئازادیی خەڵک، واتە سازان و هەڵکردن لەگەڵ یاسایەک کە بە ناوبژیوانی نوێنەرانی خۆیان پێی رازی بوون، بە تەواوەتی ئەپارێزرێ، ئەگەر بێت لەو کوسپ و تەگەرە دژوارانە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی ناچار خۆی دەرباز بکات، کە ئێستا وەکو یاسادانەرێکی ناشارەزا و ناعەقڵانی لەگەڵی دایە، بەهاو بایەخێکی زیاتر پەیدا دەکات.

ئەرکی سەرەکیی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو، چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی حکومەتە نەک حکومەت کردن بە دەستی خۆی، چونکە ئەمە لە بنەڕەتدا نەشیاو و نابەجێیە، ئەرکەکەی ئەوەیە کە کردەوەکانی حکومەت بخاتە بەردەم بیروڕای گشتییەوە، حکوومەت ناچار بکات کە بۆ هەرکام لە کارەکانی خۆی کە لەروانگەی خەڵکەوە جێگای پرسیار بێت، شیکردنەوەو پاساوێکی گونجاو بێنێتەوە، رەخنە لەکارە نابەجێیەکان بگرێ و ئەندامانی بەڕێوەبەریی حکومەت، ئەگەر لە ئەمانەتی خەڵک بێت و کەڵک وەربگرن یان وای بەکاربێنن کە بەپێچەوانە و دژی شعوری ئاگا و بەخەوەری حکومەت بێت، لە پلە و مەقام وەلایان بنێت و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەسانێک بەجێی ئەوان دابنێت. ئەمە بێگومان دەسەڵاتێکی پێویست و گونجاو و

پاڵپشتێکی لەبارە بۆ ئازادیی خەڵک، جیالەوە پەرلەمان رۆڵێکی دیکەی هەیە کە گرنگی و بەهای تەنانەت کەمتر لە بایەخی رۆڵی پێشووی نیە، ئەمەیە کە پەرلەمان هەم سەرچاوەی پێگە و توانایییەکانی خەڵکە و هەم تریبوون و جێگای رەنگدانەوەی بیروڕاکانیان، مەیدانێکە کە تێیایدا نەتەنیا رای گشتیی خەڵک، بەڵکو هەر بەشێکی و هەتا ئەو جێگایەی دەلوێ بیرو بۆچوونی هەر تاکێکی شایستە و هەڵکەوتە کە شیاوی باسکردن بێت، دەتوانێ بیروڕای خۆی لەوپەڕی شەفافییەت و بەراشکاوی دەرببڕێ و تەوەری باس و دیالۆگ بکاتەوە، پێگەو شوێنێک کە هەر هاوڵاتییەک لەوێدا دەتوانێ بە هەستکردن بەتوانایی و کەسایەتیی خۆی دڵخۆش بێت و پڕ بەتوانایی و لێهاتوویی خۆی یان باشتر لەخۆی، بۆچوون و ئەندێشەی خۆی دەرببڕێ، نەتەنیا لە بەرامبەر دۆستان و لایەنگران، بەڵکو لە بەرامبەر دژو نەیاراندا ئەم کارە ئەنجام بدات و ئەزمونی  رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ بیروڕای دژەبەر تاقی بکاتەوە، جێگایەک کە تێیایدا ئەو کەسانەی کە روانگەکانیان لە بەرامبەر روانگەی کەسانی دیکەدا ئەسڕدرێنەوەو سەر ناکەوێ، لە گوێگرتن لە بیروڕاکانیان هەست بە خۆشحاڵی دەکەن، نەتەنیا لە رووی مەیل و ئیرادەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای هۆکارگەلێکی لۆژیک و ژیربێژی، بیروڕای خۆیان وەلادەنێن، لەبەرامبەر نوێنەرانی زۆرینەی خەڵکدا ملکەچ دەکەن، جێگایەک کە لەوێدا هەر حیزب و خاوەن روانگەیەک لە وڵاتدا دەتوانێ دەسەڵات و دەسەڵاتی خۆی کۆ بکاتەوە (پێگەو رەوشی خۆی بەدروستی هەڵسەنگێنێ)، لە هەر ترس و دڵەڕاوکێیەک بە نیسبەت رادە یان دەسەڵاتی دەسەڵاتی لایەنگرەکانی خۆی دەرباز بکات، جێگایەک کە لەوێدا هەر روانگەو بۆچوونێک کە پێگەیەکی بە تواناو کاراتری لەنێو نەتەوەدا هەیە، خۆی وەک روانگەی پیرۆز و بەرچاو دەردەخات و بە دەسەڵاتی خۆیەوە لە بەرامبەر حکومەتدا

خۆی دەنوێنی، ئەگەر توانایی بەرچاو و چالاکیی ئەو روانگەیە دەنگی دایەوە، حکومەت بەبێ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵات و دەسەڵاتی خۆی ناچار دەبێت لە بەرامبەر باس و لێدوان و دیالۆگدا ملکەچ بکات، جێگایەک کە دەسەڵاتداران دەتوانن خۆیان، بە هۆکارو فاکتەری سەرترو بەجێتر لە هەر هۆکارێکی تر، دڵنیابکەن کە کام توخم و پێکهاتەی فکری و لێهاتوویی لەحاڵی گەشەو سەرهەڵدان و کامیان لەحاڵی کزی و نزم بونەوەدان، بەم شێوەیە دەتوانن کارەکانی خۆیان، نەتەنیا بە لەبەرچاو گرتنی پێویستیەکانی سەردەم، بەڵکو بەپشت بەستن بە بەریانە رواوەکان، فۆرم و بیچمی پێ ببەخشن. دوژمنان و نەیارانی پەرلەمانە هەڵبژێرداوەکان زیاتر ئەو شوێنانە تەنیا بۆ قسەکردن و فرەوێژی لە قەڵەم دەدەن و بە گاڵتەیان دەگرن.

مخابن دەگمەن گاڵتەو بە هێند وەرنەگرتنی لەم چەشنە نارەوایە. من نازانم بە چ شێوەیەک پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو ئەتوانێت کاریگەرییەکی بەسودتر لە شوێنی قسەکردنی هەبێت لەوێدا کە تەوەری دواندن و ئاخاوتن، گەورەترین مەسەلە و بابەتی گشتیی وڵات و هەر دێڕێکی رەنگدانەوەی بیرورای کۆمەڵێکی گرنگ و بەرچاو لە کۆمەڵانی خەڵک، یان روانگەی تاکێک بێت کە تاقمێک لە خەڵک بەنوێنەر و ئەمینی خۆیانیان زانیوە.

شوێنێک کە لەوێدا هەر هۆگری، یان روانگەیەک لە وڵاتدا بتوانێت تەنانەت بە هەستیاریشەوە، لە بەرامبەر حکومەت و هەموو هۆگری و روانگەیەکی تردا بێتە گۆڕێ و بتوانێت ئەوان ناچار بکات، کەلە رێگای وتوێژ و دیالۆگەکەیانەوە یاساکان پەسەند بکرێن، یان هۆکارەکانی رەتکردنەوەی بەڕوونی ئاشکرابکرێ، وەها شوێنێک بەم ئەرکانەوە، ئەگەر هیچ مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نەبێ، یەکێک لە گرنگترین رێکخراو و دامەزراوە سیاسییەکانە کە دەکرێ لە وڵاتێکدا هەبێت و یەکێک لە بەرچاوترین قازانج

و دەسکەوتەکانی حکومەت ئازادە. وەها «دوانده‌رییەک» ئەگەر ئیزنی وەرنەگرتبا کە پێشگیرو بەرەبەستی «کردە» بێت، ئەگەر پەرلەمانەکان بیاتوانییایە و قبوڵیان کردبایە کە قسەکردن و دیالۆگ کاری دروست و سەرەکیی ئەوانەو کردەوە و ( پراکتیک )یش، وەک بەرەنجامی باس و وتووێژەکان، کە نەتەنیا کاری پەرلەمانێکی پێکهاتەیی و تێکەڵاوە، بەڵکو پیشەی خەڵکانێکی لێهاتوو و پسپۆڕە، هیچ کات بە روانگەیەکی سوک لێیان نەدەڕوانی و رۆڵی شیاوی پەرلەمانێک، ئەوەیە کە کەسەکان بەشارەزایی و راستگۆیانەو بە وشیارییەوە هەڵبژێردرێن، بێجگەلە بواری فرەلایەنی رەخنەو پێشنیارەکان و قبوڵ و پەسەندکردنی ئەنجامی بیروڕای خەڵک، یان خۆبواردن لێی، وەک دەستێوەردانێکی دیکە لە کاری حکومەتدا سەیر نەکرێت، بەهۆی نەبوونی ئاست و سنوری عەقڵانیی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان هەوڵ دەدەن کارگەلێک وەکو: حکومەت کردن و داڕشتنی یاسا ـ کەلە توانایاندا نییە، جێبەجێ بکەن و هیچ دەزگا و دامەزارەیەکی تر، جگەلە رێکخراوی خۆیان بۆ زۆرینەی ئەو کاروبارانە سەرنەخەن.

دیارە کە هەر کاتژمێرێک کە بەقسەو ئاخافتن تێ ئەپەڕێ، کاتژمێرێک لە کاری بەسود و قازانج کەم دەبێتەوە. هەڵبەت ئەمە راستییەکە کە ئەگەر بێت، بەباشترین رێکار وەها پەرلەمانێک شایستەی کاری «لێژنەی داڕشتن و نوسینی یاساکانیان»(19) نەبێت، زیاتر لەهەر شتێکی تر ئەوان بۆ گێڕانی رۆڵی کارگەلی دیکە رەواییەتیان پێدەدات، بەو مانایەی کە ئەوان گروپێکی هەڵکەوتە لە باشترین مێشکە سیاسییەکانی وڵات نین کە روانگەکانیان دەربڕو رەنگدانەوەی تەواوی بیروڕای گشت خەڵک بێت، بەڵام کاتێک لەرێگای شایستەوە پێکهاتبن و داڕێژرابن، دەتوانن نمونە گەلێکی گونجاو بن لە ئاست و پێگەی جۆراوجۆر لە عەقڵی خەڵکی کەلە کاروباری سیاسیی خەڵکدا

مافی دەنگدانیان هەیە، رۆڵ و ئەرکی ئەوان ئەمەیە کە پێداویستییەکان باس بکەن، ئۆرگان و ناوەندێک بن بۆ رەنگدانەوەی ویست و داخوازە گشتییەکان و دەرفەتێک بۆ هێنانە بەرباسی و روانگە دژەبەرەکان لە بواری پرسی لاوەکی و سەرەکیی نەتەوەیی، بڕەخسێنن، هاوکات، لە رێگەی رەخنەوە یان لە ئاکامدا لە رێگای بەدەست هێنانەوەی دەنگی متمانەی لێپرسراوانی باڵا دەست کە بەڕێوەبەر و لێپرسراوی کاروباری سیاسین، یان دەست نیشانکەری کەسانێکن کە وەها کارگەلێک بەڕێوە دەبەن، بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و چاودێرییەوە، ئەگەر تەنیا رۆڵی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان لەم چوارچێوە و سنورە لۆژیکیانە لێک بدرێنەوە، قازانجی چاودێریی خەڵک لە پەیوەندی لەگەڵ زەرورەتەکانی شارەزایی لە نوسین و داڕشتنی یاساکان و کاروباری بەڕێوەبەری، کە بەهایان لە چاودێریی خەڵک کەمتر نییە، ئیمکانی جێبەجێ کردنیان هەیە (ئەم پێویستیانە هاوکات لەگەڵ گەشەکردن و پڕژی و ئاڵۆزیی زیاتری کاروباری مرۆڤ بەها و بایەخیان زیاتر دەبێت).

کۆی ئەم قازانج و سوودانە بەدی نایەت و نالوێ مەگەر ئەوەی کە رۆڵ و ئەرکی پێکهاتە و دامەزرێنەری قازانجەکان لە یەکتر جیا ببنەوە، دەبێ رۆڵی چاودێری و رەخنە لە رۆڵی تایبەتیی دۆخی هەنوکەی کاروبار جودا بکرێنەوە، رۆڵی یەکەم و سەرەکی بسپێردرێتە نوێنەرانی زۆرینە(20)و رۆڵی دووەم و لاوەکی، لە بەرامبەر بەرپرسیایەتی جیددیی خەڵکدا، بخرێتە ئەستۆی کەمینەی پسپۆڕ و بەئەزموون(21).

پێویستە کە باس و مەسەلەی پێشوو لە بارەی ئەو رۆڵانەی کە دەبێ بسپێردرێتە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی نەتەوەیی، بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ رۆڵ و ئەرکە گونجاوەکانی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی بچوکتر، واتە پەرلەمانە ناوچەییەکان لەبەرچاو بگیرێ. وەها توێژینەوەیەک

بەشێکی سەرەکی و جەوهەرییە لەم نامیلکەیە، بەڵام هۆکارەکانی وەدواخستنی هەتا ئەوکاتە دەخوازێ کە دەستمان بە شایستەترین پێکهاتەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی گەورە رابگات، پەرلەمانێک کە دەبێ لەباتی دەسەڵاتدارێکی دەست رۆیشتوو، بارودۆخی یاساکان و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵات بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

سەرچاوە:

کتێبی «چەند تێڕامانێک لە حکومەتی هەڵبژێردراو»

نوسینی جۆن ستیوارت میل، وەرگێڕانی بۆ فارسی د. عەلی رامین

# نەتەوە و
# حکومەتی هەڵبژێردراو

جۆن ستیوارت میل

لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

کۆمەڵێک مرۆڤ ئەوکاتە نەتەوەیەک(1) پێکدێنن، کە بەهۆی هۆگری و ویست و داخوازێکی هاوبەشەوە پێکەوە گرێ بدرێن کەلە نێوان ئەوان و گروپ و تاقمەکانی‌تردا لە ئارادا نەبێت ـ ئەم هۆگری، ویست و داخوازیانە دەبنە هۆی ئەوەی کە بە مەیلێکی بەرچاوتر هاوکار و یارمەتیدەری یەکتربن، هەوڵ بدەن لەژێر سێبەری حکومەتێکی یەکگرتوودا بژین، هەروەها بیانەوێ کە ئەو حکومەتە تەنیا لەلایەن خۆیان یان بەشێک لە خۆیانەوە بەڕێوە بچێت.

ئـەم هەستە نەتەوەییە دەتوانێت بەهۆی هۆکارگەلی جـیـاوازەوە سەرهەڵبدات. هەندێ کات یەکێتی نەژاد و بنەچە هۆکاریەتی. زمان و دینی هاوبەشیش کاریگەری زۆری هەیە، سنورە جوگرافیاییەکان یەکێک لە هۆکارەکانیەتی، بەڵام بەرچاو و بەدەسەڵاتترین هۆکار، یەکسانی و یەکێتیی پێشینە سیاسییەکانە، بوونی مێژوویەکی نەتەوەیی و لە ئەنجامدا بوون بەخاوەنی بیرەوەریی هاوبەش، پیرۆزی، شانازی، شکست و سەرشۆڕیی هاوبەش، خەم و شادیی پێوەدیدار بەو ڕووداوە هاوبەشانەی کە رابردوو لە نێوانیاندا روویان داوەکەلە پێکهێنانی هەستی نەتەوایەتیدا زیاتر لە هۆکارەکانی تر کاریگەرن، بەڵام هیچکام لەم هەلومەرجانە نە زەڕورەتی رەهان و نە لە ئاستی خۆیاندا هۆکاری شایستەن. لە سووئیسرا سەرەڕای ئەوەی کە «کانتۆنەکان» خاوەن نەژاد، زمان و دینی جیاوازن، هەستێکی نەتەوایەتیی بەدەسەڵات لە ئارا دایە.؟ «سیسیل»و «ناپل» بەبوونی دینی هاوبەش، هەتا رادەیەک زمانی هاوبەش

و شایستەیی هاوبەش بەپێشینەی مێژوویی، بە درێژایی مێژوو خۆیانیان لە بواری نەتەوەییەوە جیاواز لە یەکتر هەست پێکردوە. هەرێمەکانی «فلاندێرز» و«والۆن»ی بلژیک سەرەڕای بوونی جیاوازیی نەژاد و زمان، خاوەنی هەستی نەتەوایەتی هاوبەشن و ئەم هەستە لە هەستی هاونەتەوەیی هەرێمی «فلاندێرز» لە ئاستی هۆڵەندا و هەرێمی «والۆن» لە ئاستی فەرەنسادا بە دەسەڵاتترە.

بەم پێیە هەستی نەتەوەیی بەگشتی لە ئاستی کەموکوڕیی هەرکام لەو هۆکارانەی کەلە پێکهێنانیدا کاریگەرن، سست و لاواز دەبێت. زمانی هاوبەش، ئەدەبیات و هەتا ڕادەیەک نەژاد و سەربوردە و بیرەوەرییەکان، هەستی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بەرچاو و بەدەسەڵات لە نێوان تاقمێکی خەڵک کە بە «ژێرمەن» دەناسرێن ـ سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کات لەژێر ئاڵای وڵاتێکی یەکپارچەدا بە تەواوەتی یەکیان نەگرتووە ـ پاراستووە، بەڵام ئەم هەستە هیچ کات نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەوڵەتە سەربەخۆکان چاوپۆشی کردن لە خودموختاریی خۆیان بکەن، لە نێوان ئیتاڵیاییەکاندا تەنیا هەستێکی یەکپارچەی ناتەواو لە بواری زمان و ئەدەبیات، هاوکات لەگەڵ هەڵکەوتەی جوگرافیایی تایبەت کە ئەوان لەگەڵ هێڵێکی دیاریکرا لە وڵاتانیتر جیادەکاتەوە و لەوانەیە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، بە بوونی ناوێکی هاوبەش کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسکەوتە مەزنەکانی هونەر، شەڕ، سیاسەت، سەروەریی دینی، زانست و ئەدەبیاتەوە شانازی بکەن، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی لە ناخی خەڵکدا.

ئەم هەستە هەرچەند کە هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستی عەقڵانیەت، شایستەیی ئەوەی هەبووە کە ئەو ڕووداوە مەزنانەی کە ئێستا بەرەوڕوومان دەبنەوە بخۆڵقێنێ، جیالەوەی کە فرەچەشنی و جیاوازییەکی بەرچاو لە نەژادەکان و ئەم ڕاستییە لە ئارادا بووە کە ئەوان هیچکات، چ لە سەردەمی

کۆن و چ لە سەردەمی نوێدا، لەژێر چەتری حکومەتێکی یەکپارچەدا نەژیاون، بێجگەلە سەردمێک کە ئەو حکومەتە(2) دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێکی گەورە و بەرچاو لە جیهانی ناسراودا بڵاوکردۆتەوە.

هەرکات کە هەستی نەتەوەیی بەهەر ئاستێکی لە توانایی لە ئارادا بێت، بیانوو و مەسەلەیەک بۆ یەکگرتوویی هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو هەستەیان لەلا هەیە لە چوارچێوەی حکومەتێکی یەکپارچەدا کە تایبەت بە خۆیان بێت لە ئارا دایە. مانای ئەم وتەیە جگە لەوە شتێکی دیکە نییە، کە خەڵکانی پەیڕەوی حکومەت دەبێ خۆیان لەمەڕ ئەو حکومەتە بڕیار بدەن، ئەگەر هەر تاقمێک لە مرۆڤەکان سەربەست نەبن خۆیان بڕیار بدەن کە لەگەڵ کام کۆمەڵاله کۆمەڵە جیاوازە مرۆییەکاندا پێوەندییان هەبێت، روون نییە کە بۆ هەڵبژاردنی چ شتێک ئازاد و سەربەست دەبن، بەڵام کاتێ کۆمەڵێک خەڵک بۆ رێکخراوە سەربەستەکان لە بواری پەروەردەوە شایستە و پێویست بن، هێشتا مەسەلەیەکی شیاوتر شایستەی گرنگی و بایەخ پێدانە.

وڵاتێک کەلە نەتەوەی جیاواز پێکهاتبێ، بوونی رێکخراوە ئازادەکان هەتا رادەیەک نەگونجە و ئیمکانی نییە، لەناو ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ هاونیشتمانانی خۆیان بێبەرین لە یەکدڵی و تەبایی، بەتایبەت ئەگەر بە زمانگەلی جیاواز بئاخوێن و بخوێنن، ئەو بیروڕا گشتییەی کە بۆ کارو پێشکەوتنی حکومەت هەڵبژێردراو پێویستە، بوونی نییە، هۆکارگەلی کاریگەر کە پێکهێنەری بیروڕای گشتی و رێ نیشاندەری کار و کردەوەی سیاسین، لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا پێکەوە جیاوازن، هەر دەستە و تاقمێک لە سەرکردەو رێبەرانی وڵات جێگای متمانەی بەشێک و ناوچەیە لە وڵاتن. کتێب، رۆژنامەکان، نامیلکەو ئاخاوتنەکان بە دەربڕین و ناوەڕۆکی یەکسان ناگەنە دەستی خەڵک.

بەشێک لە کۆمەڵگا لە بیروڕاو ئەو روانگەو رەوتە فکری و داخوازییانەی کەلە بەشەکانی دیکەلە ئارا دان، بێ ئاگایە. رووداو و پێشنیارەکان کارکرد و سیاسەتی یەکسان بە شێوازی جۆراوجۆر کار دەکەنە سەر بیروڕایان و هەر نەتەوە زیاتر ترسی لە زیان و خەساری نەتەوەکانی دیکەیە هەتا لە دەسەڵاتی هاوبەش(3) واتە دەوڵەت بێزاری و وەڕەزی بەرامبەریان بە یەکتر بەگشتی لە قین و ئیرەیی بردن بە پلەو پایە حکومەتییەکان زیاترە.

ئەگەر هەرکام لە نەتەوەکان لە بەرنامە و سیستەمی حکومەت گازندەو رەخنەیان هەبێت، هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەیەکی تر لایەنگری لە حکومەت بکات، تەنانەت ئەگەر هەموو نەتەوەکان ئازاریان چەشتبێ و وەزاڵە هاتبن، هیچکام لەوان هەست ناکات کە بۆ خەبات و بەرگرییەکی هاوبەش دەکرێ بە وەفا و بەڵێنی نەتەوەکانی دیکە متمانە بکات.

دەسەڵات و دەسەڵاتی هیچکام لەوان بە تەنیایی بۆ بەرگری و بەرخودان لە بەرامبەر حکومەتدا بەس نییە، لەوانەیە هەرکام عەقڵانی وای لێکبداتەوە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی لە بەرامبەر گەلانی دیکەدا دڵی حکومەت بەدەست بێنێ و سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشێ. پێش لە هەموو شتێ، گرنگترو دوایین پارێزەر و فاکتەری کاریگەر لە بەرامبەر سەرەڕۆیی حکومەت، واتە هاودڵی و تەبایی سوپا لەگەڵ خەڵک، لە وەها دۆخ و حاڵەتێکدا لە ئارادا نییە، سوپا بەپێی  بنەما و جەوهەری خۆی، بەشێکە لە هەر کۆمەڵگایەک کە تێیدا، قوڵترین و بەدەسەڵاتترین سنوربەندی لە نێوان هاونیشتمانان و بێگانەکان لە ئارا دایە، لە روانگەی خەڵکی مەدەنیەوە، بێگانەکان تەنیا کەسانێکی بیانین، لە روانگەی سوپا و سەربازانەوە، ئەوان کەسانێکن کە هەرکات و سات لەوانەیە بە حەوتوویەک ئاگادارکردنەوە ببێتە فەرمانبەر، بۆ مەرگ و ژیان لە بەرامبەریاندا راوەستێت و خەبات بکات.

جیاوازیی بێگانە و خۆیی بوون لە روانگەی سەربازەکانەوە وەکو جیاوازیی نێوان دۆست و دوژمنە، تەنانەت دەکرێ بڵێین وەکو جیاوازیی نێوان هاوڕەگەزان و گیانلەبەرانی دیکەیە: چونکە لەبارەی دوژمنەوە، تەنیا یاسای کاریگەر یاسای زۆرەملێ و لێبوردن و لێخۆش بوونە وەکو گیانلەبەرانی دیکە کە تەنیا خەسڵەتی مرۆڤایەتییەوە {هەڵێنجراوە}.

ئەو سەربازانەی کە ناو، یان سی لە چواری هاونیشتمانانی خۆیان بە بێگانە دابنێن، لە کاتی کەوتن و شکستی ئەوان بە هەمان ئاست لەوانەیە دوودڵی و گومان بخەنە دڵەوە، یان وەدوای هۆکارێک بکەون کەلە کاتی شەڕو ململانێ لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی وڵاتی دوژمن و نەیاردا، سوپایەک کەلە گەلانی جیاواز پێکهاتبێ، جگەلە ملکەچ کردن و کڕنۆش بردن بۆ ئاڵای وڵات هیچ هەستێکی نیشتمانپەروەری دیکەی نییە، وەها سوپاگەلێک لە سەرانسەری مێژووی سەردەمی نوێدا، دوژمنانی خوێنڕێژی ئازادی بوون.

تەنیا زنجیرەی پێوەندیی ئەوان، فەرماندەکان و حکومەتێکە کە خزمەتی دەکەن و تەنیا بیرو ئەندیشەیان سەبارەت بە ئەرکی گشتی (تەنانەت ئەگەر ئەندیشەیەکیان هەبێت) پەیڕەوەی کردنە لە دەستور و فەرمانەکان.

حکومەتێک کە وەها پێگەیەکی هەبێت، بە هێشتنەوەی سوپاکانی «مەجار» لە ئیناڵیاو سوپاکانی ئیناڵی لە پۆڵۆنیا، ئەو وڵاتە دەتوانێ بە رمبەی ئاسنی سەرکەوتوانی بێگانە، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەهەر دوو وڵاتدا درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات، ئەگەر بگوترێ کە هەست کردن بە وەها کێشەیەکی مەزن لە نێوان کەسێک وەک هاونیشتمان و کەسێک وەکو مرۆڤ، شایستەی مرۆڤە دڕندەکانە هەتا مرۆڤ گەلی شارستانی، دەبێ بە هەموو تواناوە رووبەڕووی بینەوە و دژایەتی بکەین، من زیاتر لە هەرکەس پەسەندی دەکەم و پشتیوانی لێ دەکەم؟ بەڵام ئەم ئامانجە کە یەکێک لە پڕبایەخ و بەرزترین

ئەو ئامانجانەیە کە مرۆڤ دەتوانێ لە پێناویدا هەوڵا بدات، بەهیچ شێوەیەک لە هەلومەرجی ئێستای شارستانیەتدا، لە هەلومەرجێکدا کە بوونی گەلانی جیاواز بەدەسەڵات و توانای یەکسان لە پەیڕەوی کردن لە حکومەتێکی یەکپارچە، مسۆگەرو گونجاو نییە، لە دۆخی ترس و بێدەنگی کۆمەڵگا، مەسەلەکە هەندێ جار بەشێوەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ.

حکومەت لە وەها دۆخێکدا لەوانەیە هۆگرو مەیلی بە هێور کردنەوەی قین و رقی نەژادەکان بێت، هەتا ئاشتی و ئاسایش سەقامگیر بکرێ و کاروباری وڵات ئاسانتر بەڕێوە بچێت، بەڵام کاتێک دامەزراوە و رێکخراوە سەربەستەکان سەرهەڵبدەن یان خەڵک نەیانهەوێت، لەنێوان ئەو کەسانەی کە پەیوەندییەکی سروشتیان پێکەوە نییە، هۆگری و مەیلی حکومەت رێک بەشێوەیەکی پێچەوانەو بەراوەژو دەبێ، ئەوکات ئیدی خوازیاری ئەوەیە کە رق و قین لەنێوانیاندا هەڵگیرسێنێ و بگاتە ئاستی ژەهراوی، هەتا بتوانێ پێوەندیی نێوانیان بپچڕێنێ، بگرە هەندێ لەوان وەکو ئامرازێک بە دژی یەکترو بۆ زیندانی و یەخسیر و کۆیلە کردنی لایەنی بەرامبەر بچەوسێنێتەوە.

دەرباری نەمسا بە درێژایی تەمەنی نەوەیەک لەم فێڵ و تەڵەکانە، وەکو ئامرازی حکوومەت کەڵکی وەرگرتووە، دونیا لەبەختەوەریی خوێناوی ئەو حکومەتە لە کاتی ]سەرکوتی[ شۆڕشی ڤییەن و خەباتی مەجارییەکان ئاگادارە. (4) بەختەوەرانە ئێستا هێماو نیشانگەلێک لە ئارا دایە کە چاکسازیی بارودۆخ لە ئاستێکدا بووە کە نەهێڵێ لەمەوبەدوا وەها شێوازگەلێک بەئەنجام بگات، بەپێی ئەو هوکارانەی کە باسکرا، بەگشتی ئەمە مەرجێکی پێویستە بۆ رێکخراوە ئازادەکان کە سنورو چوارچێوەی حکومەتەکان دەبێ لە بەشی سەرەکیدا لەگەڵ چوارچێوەی نەتەوەکاندا پێکەوە بگونجێ و تەبایی هەبێت، بەڵام چەندین تێبینی لەکردەوەدا دەکرێ لەگەڵ ئەم بنەما سەرەکییەدا ناتەبا بێت.

سەرەتا ئەوەی کە کۆسپ و تەگەرە جوگرافیاییەکان زۆر جار پێش بە کارایی و کاریگەریی دەگرێت.

تەنانەت لە ئەوروپاش ناوچەگەلێک هەن کە تێیدا نەتەوەگەلی جیاواز لە بواری جوگرافیاییەوە ئەوەندە تێکەڵاون کە چوونە ژێر رکێف و پەیرەوی کردنی ئەوان لە حکوومەتە سەربەخۆکان ئیمکانی نییە، و نەگونجە.

خەڵکی پۆڵۆنیا پێکهاتوو لەمەجارەکان، ئیسلواکییەکان، کۆرواتەکان، سێربەکان، رومەنەکان و (لە هەندێ ناوچە) ژێرمەنەکان، ئەوەندە پێکەوە گری دراو و تێکەڵاون کە جیاکردنەوەی ناوچەی ئەوان ناگونجێ و بۆ ئەوان هیچ رێگایەک، جگەلە قبوڵی کەتواری رۆژو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و هاوکات پیڕەوی لە یاساو رێوشوێنە یەکسان و بەرامبەرەکانی وڵات لەبەر دەستیاندا نییە.

کۆمەڵگەی ژێر رکێف و کۆیلەی ئەوان کە تەنیا لە سەردەمی روخانی مەجارەکان لە ساڵی1849 دا پێکهاتووە، دەڵێی پەروەردەی پێویستی بۆ پێکهێنانی وەها یەکێتیەکی یەکسان بەدیهێناوە.

ژێر چەپۆکەی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی کە لەلایەن بەشێک لە هەنگاریای کۆنەوە لە ئەڵمانیا جیا دەبێتەوە، لەبەرئەوەی لاوازتر لەوەیە کە خۆی دەسەڵات و وڵاتێکی سەبەخۆی هەبێت، (ئەگەر بێت و بارودۆخی هەنوکەیی جوگرافیایی بمێنێتەوە)، یان پەیرەوی لە حکومەتێکی غەیرە ئەڵمانیایی بکات، یان ناوچەی نێوەڕاستی هەنگاریا دەسەڵاتی حکومەتێکی ئەڵمانی قبوڵ بکات.

ناوچەیەکی شایستە و جێگای سەرنجی دیکە کە تێیدا قەومی ئەڵمانیایی زاڵە، واتە ئیتاڵیاییەکانی «کورلاند»(5)، «ئێسنۆنی»6)) و «لیوونی7)«)، بەهۆی هەلومەرجی ناوچەیی خۆیان ناچارن بەشێک لە دەوڵەتی «ئێسلاونیایی8)«) پێک بێنن. لە بەشی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیادا حەشیمەتێکی مەزنی ئێسلاونیایی

دەژین: حەشیمەتی «بووهمی9)«) لە زۆربەی شوێنەکان ئیسلاونیاییەکان، بەڵام «سیلسی10)«)و ناوچەکانیتر تەنیا لە هەندێ شوێندا بەم چەشنەن.

یەکگرتووترین وڵاتی ئەوروپا، واتە فەرەنسا، لە چەندایەتی و فرەچەشنیی گەلان بەدەر نییە: جیالە گروپ و تاقمەگەلێک لە نەتەوە بیانیەکان لە دورترین شوێنەکانی فەرەنسا هەر وەک: زمان و مێژوو دەریدەخات، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێک هەتا رادەیـەک تەنیا حەشیمەتی گلی ـ رۆمی لەخۆ گرتووە و لە بەشێکی دیکە «فرانکەکان»، «بوزگوندییەکان»و «توتونیەکان» زۆرینەی حەشیمەت پێکدێنن، کاتێک مەسەلەو بابەتی پێوەندیدار بە پێویستیە جوگرافیاییەکان بە رێکوپێکی لەبەرچاو گیرا، ئێبینی و رووداوێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی پەتی و پوختتر دێتە ئاراوە.

ئەزمون نیشانی دەدات کە لەوانەیە نەتەوەیەک تێکەڵی نەتەوەیەکی دیکە ببێت و تێیدا بتوێتەوە: کاتێک نەتەوەی یەکەم تاقمێکی لاوازتر و دواکەوتووتر لە مرۆڤەکان لەخۆ بگرێ، ئەم تێکەڵ بوون و توانەوەیە زۆر بە قازانجی دەشکێتەوە.

کەس حاشا ناکات کە بۆ خۆماڵییەکی «بەریتانی» یان کەسێکی «باسکی»ی دەورووبەری فەرەنسا تەنیا قازانجی لەوە دایە، کەلە رەوتی بیروباوەڕ و هەستی نەتەوەییدا بکەوێتە ژێر کاریگەریی نەتەوەیەکی بە شارستانی تر، (واتە ببێتە ئەندامی نەتەوەیەکی فەرەنسی، بەپێی هەموو پوانێکی یەکسان لە کۆمەڵگای هاوڵاتییانی فەرەنسیدا وەربگیردرێ و پوانی پشتیوانیی دەوڵەتی فەرەنسای پێ ببەخشرێ و ببێتە خاوەنی پێگەو متمانەو بایەخی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە) نەک ئەوەی لە گۆشەگیری و دووره پەرێزیی خۆیدا بژاکێ و پاسیڤ ببێت، یان لەگەڵ پاشماوەی زیخی مردووی سەردەمی نیوە وەحشی پێشودا هەڵبکات، لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئەندیشە و زەینی خۆیدا ببەسترێتەوە و

لە ڕەوت و بزاڤی گشتیی جیهاندا هیچ بەشداری و ڕۆڵێکی نەبێت.

ئەم وتەیە سەبارەت بەخەڵکی «وێلزیا»، یان دانیشتوانی ئێسکاتلەندی باکوری وەک ئەندامی نەتەوەی ئینگلیز وەڕاست دەگەڕێت.

ڕەوت و ئاراستەی تێکەڵ بوونی نەتەوەکان و گرێدانی خۆوخدە و خەسڵەتەکانیان لە یەکێتیەکی هاوبەشدا بە قازانجی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. هەرچەند کە ئەم قازانجە تەنیا بە تێپەڕاندنی توانەوەی هەندێ لە نەتەوەکان، (کە لەم نێوەدا بێگومان نمونە و نیشانەی بەرچاویان لێ دەمێنێتەوە)، بەڵکو لە ڕێگای هێورکردنەوەی بارودۆخە توندەکان و دیاردەی پڕ کردنەوەی ئەم کەلێن و بۆشاییە لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە.

نەتەوە پێکەوە گرێدراوەکان، وەکو نەژادگەلی تێکەڵاوی گیانداران، (بەڵام بەچەندین پلەی بەرزتر، چونکە لە تێکەڵاویی نەژادە مرۆییەکاندا جیالە هۆکارە مادییەکان هۆکارگەلی ئەخلاقیش کاریگەرن) سەمبولی توانایی و خەسڵەت و تایبەتمەندییە بەرزەکانی پێشینیانیان بەهۆی تێکەڵاوییەوە خۆیان لە مەیل و بەریانە توندڕەوییە زەرەرمەندەکان دەپارێزن، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەم تێکەڵاوی و پێکەوە ژیانە بگونجێ، دەبێ بارودۆخێکی تایبەت لە ئارادا بێت.

کۆمەڵە دۆخ و هەلومەرجێک کە لەسەر بەرەنجامی ئەم کارە شوێندانەرن، بەشێوەی جۆراجۆر خۆ دەردەخەن و فۆرم و بیچم دەگرن.

ئەو نەتەوانەی کە لەژێر سێبەرو چەتری حکوومەتێکی یەکگرتوودا لە دەروەی یەک کۆ دەبەنەوە، ڕەنگە حەشیمەت و دەسەڵاتی یەکسانیان هەبێت، یان لەوانەیە زۆر نا بەرامبەرو نایەکسان بن. لە هەلومەرجی نا بەرامبەرو ناتەبادا، ئەو لایەنەی کە حەشیمەتی کەمترە لەوانەیە خاوەنی شارستانیەتێکی بەرزتر یان نزمتر بێت، یان وای دابنێین کە شارستانیەتێکی بەدەسەڵات و بەرزتری هەبێت، لەوانەیە بەهۆی سەروەریی خۆیەوە، بتوانێ بەسەر ئەوی

دیکەدا زاڵ بێت، یان بەهۆی دەسەڵاتی دەڕندانەی نەتەوەی کەم شارستانی تر، شکست بێنێ و ببێنە کۆیلە و یەخسیری.

ئەم دۆخ و حاڵەتەی کۆتایی بۆ نەوەی مرۆڤ زەرەرمەندە و کۆمەڵگای شارستانیەتی مرۆیی دەبێ شانبەشانی بۆ پێشگیری لەو بیرۆکە و بزاڤە، پڕ چەک و تەیار خۆی دەربخات. زاڵبوون و دەستبەسەر داگرتنی «مەقدونییەکان» بەسەر یۆناندا، یەکێک لەو گرنگترین چارەڕەشییانە بوو کە بەسەر جیهانی مرۆڤایەتیدا هاتووە، کۆیلەیی هەرکام لە وڵاتانی سەرەکیی ئەوروپا بە دەستی روسیە کارەساتێکی وەک ئەو رووداوەیە.

ئەگەر بێت و نەتەوەی کەم حەشیمەت تر، بەهۆی پێشکەوتوو بوونیەوە، بتوانێ بەسەر نەتەوەی پڕحەشیمەتدا سەرکەوێ (وەکو مەقدونیەکان بە هاوکاریی یۆنانیەکان بەسەر ئاسیاییەکان، ئینگلیزییەکان بەسەر هێندییەکاندا سەرکەوتن) زۆرجار بەرەنجامی ئەم کارە بە قازانجی شارستانییەتە، بەڵام داگیرکەران و داگیرکراوان ناتوانن لە وەها دۆخێکدا لەژێر رکێڤ و پەیڕەوی لە رێکخراوە سەربەخۆکاندا یەکەیەکی تەباو پێکەوە ژیان دابمەرزێنن.

راکێشانی داگیرکەران لەناو خەڵکێکی ئاساییدا کارێکی نابەجێ و زەرەرمەندە: ئەم خەڵکە دەبێ وەک دانیشتووی ملکەجی دەسەڵات هەڵسوکەوت بکەن و ئەگەر بێت و خەڵکی یەخسیرکراو بە قۆناغێک نەگەیشتبێتن کە بێبەشی لە حکومەتێکی ئازاد وەکو زیانێک بۆیان بێتە ئەژمار، هەروەها داگیرکەران سەروەریی خۆیان بە چەشنێک بەکار بێنن کە داگیرکراوان بۆ قوناغێک سەرتر لە پێشکەوتن ئامادەو تەیار بکەن، وەها دۆخێک دەبێتەهۆی دەستەبەر بوونی قازانج و ئەگەر شتێکی جیاواز لەمە بێت، دەبێتە هۆی زەرەر و زیان، ئەم بابەتە بە شێوەیەکی وردو تێرو تەسەل لە بەشی داهاتوودا دێتە بەرباس.

کاتێک نەتەوەی زاڵ هەم لەباری حەشیمەت و هەم لەباری پێشکەوتن و شارستانیەتەوە لە نەتەوەی ژێردەست سەرتر بێت و بەتایبەت ئەگەر بێت و نەتەوەی ژێردەست لاوازو هیچ چەشنە هیوا و ئومێدێکی بە گەڕانەوەی سەربەخۆیی خۆی نەبێت، ئەوکات ئەگەر بێت و ئەو نەتەوەیە بە دادپەروەرییەکی پەسەندکراو بکەوێتە ژێر رکێفی دەسەڵاتەوە، ئەگەر ئەندامانی نەتەوەی بەدەسەڵاتتر بەهۆی پوانی پاوانخوازانەوە نەکەونە بەر رق و نەفرەتەوە، نەتەوەی بچوک و لاوازتر بەرەبەرە شوێن پێی خۆی دەکاتەوە، لەگەڵ نەتەوەی گەورە و باڵا تێکەڵ دەبێت.

هیچ هاوڵاتییەکی خەڵکی باس ـ بەریتانی، تەنانەت هیچ کەسێکی «ئالزاسی» لەم سەردەمەدا کەمترین هیواو ئومێد بۆ جیابوونەوە لە فەرەنسای لەسەردا نییە، ئەگەر ئەمڕۆکە هەموو ئیرلەندییەکان هێشتا نە گەیشتوونەتە دۆخێکی وەکو ئینگلیز، هەتا رادەیـەک هۆی ئەوەیە کە حەشیمەتیان ئەوەندە زۆرە کە بتوانن نەتەوەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵام هۆی سەرەکی ئەوەیە کە تا ئەم ساڵانەی دوایی، ئەوەندە حاکم و دەسەڵاتێکی زاڵم و چەوسێنەریان بۆ دانراوە کە باشترین و خراپترین هەستەوەرییەکانیان لە وروژاندنی جەزرەبەو ئازارو رق لە بەرامبەر حکومەت بەریتانیا پێکەوە کۆبۆتەوە، لەوانەیە بە دروستی بتوانین بڵێین کە ئەم بێزارییە لە بریتانیا و ئەم دوژمنایەتییە لەگەڵ جەوهەری ئیمپراتۆری، هەتا رادەیەک بەرادەی تەمەنی نەتەوەیەک بە تەواوەتی راگیراوە.

هیچ ئیرلەندییەک ئێستا کەمتر لە بریتانیاییەک خاوەنی ئازادی نییە، لە بەرژەوەندیی گشتی و تایبەتیی خۆیدا بەش و مافێکی کەمتر لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی چوارچێوەی بەریتانیادا نییە، تەنیا ناخۆشیی راستەقینەی بەجێماوی ئیرلەندییەکان، واتە ناخۆشی و بێزاری لە کلێسای دەوڵەتی،

شنێکە کە تێیدا هەتا ڕادەیەک لەگەڵ نیوەیەک لە خەڵکی دورگەی گەورە و بەرینتر، واتە بەریتانیا شەریک و هاو قازانجن.

ئێستا جگەلە بیرەوەرییەکی پێشوو و کێشە لەمەڕ مەزهەبی زاڵ، هەتا ڕادەیەک کێشەیەک لە ئارادا نییە، کە دوو نەتەوە لێکدابڕێت کە لەوانەیە لە جیهاندا تەنیا دوو نەتەوەی تر بتوانن تەواوکەری یەکتر بن.

ئەم زانیارییە بۆ ئیرلەندییەکان کەلە ئاکامدا نەتەنیا خاوەنی ماف و یاسای یەکسانن، بەڵکو دەبنە خاوەن بایەخ و سەرنجێکی یەکسان و بە خێرایی ڕێگاو جێگای خۆی لە زەین و دڵی نەتەوەی ئیرلەندا دەکاتەوە.

ئەم زانیارییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرنگی بەو پوانانە نەدەن و هەندێ بەرژەوەندی پشتگوێ بخەن کە نەتەوەیەکی کەم حەشیمەتتر و کەم سامانتر پێویستەو دەبێ لە تاقانەبوون نەک لە بێگانە بوون، لەگەڵ نەتەوەیەکی گەورەو بەدەسەڵاتتر و ساماندارتردا، بەدەستی بێنێ بە تایبەت ئەوەی کە ئەگەر بێت، نەتەوەی مەزنتر نەتەنیا نزیکترین دراوسێ، بەڵکو ساماندارترین و یەکێک لە ئازادترین و شارستانیترین و بە دەسەڵاتترین نەتەوەکانی دنیا بێت.

کاتێک ئەو نەتەوانەی کە لەباری حەشیمەت و هۆکارەکانی دیکەی دەسەڵاتەوە هەتا ڕادەیەک پێکەوە یەکسان و بەرامبەربن، گەورەترین کۆسپی کردەیی لەبەردەم  ڕەوتی پەیوەندیان لە ئارادایە.

لە وەها حاڵەتێکدا هەر نەتەوەیەک متمانە و باوەڕی بە دەسەڵاتی خۆی هەبێت و هەستکردن بە توانایی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ لەگەڵ خەڵکانی تردا بە شیاو بزانێت، مەیل و بەریانی بۆ تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی دیکەدا نابێت، هەر نەتەوەیەک دەیەهەوێت پێداگرانە تایبەتمەندییە قەومییەکانی خۆی پەروەردە بکات، داب و نەریتی فەرامۆش کراو زیندو بکاتەوە، تەنانەت زمانە مردووەکانیش بەهۆی واتا بەخشین بە ]هەستی

سەربەخۆیی و[جوادیی]قەومی[ دوبارە زیندوو دەبنەوە، هەر نەتەوەیەک ئەگەر بێت و لەلایەن نەتەوەی بەرامبەرەوە دەسەڵاتی سیاسیی لەسەر جێبەجی بکرێ، هەست بە سەرەڕۆ بوونی خۆی لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا دەکات، هەروەها هەمان شت ئەگەر بێت، بە یەکێک لە نەتەوە نارازییەکان بدرێ، خەڵکانی تر، وەکو ئەسناندنی مافێک لەلایەن بەرامبەرەوە لە قەڵەمی دەدەن.

کاتێک نەتەوەکان، بەم شێوەیە جیالە یەکتر، پەیڕەوی لە حکومەتێکی رەها بکەن کەلە بەرامبەر هەموویاندا نامو بێت و ئیمتیاز بە هیچکام لە نەتەوەکان نەدات، هەموویان بە شێوەیەکی یەکسان وەکو کەرەسە و ئامرازی کار بەکار بێنێ، لە رەوت و تەمەنی چەند نەوەدا، هاوچەشنیی بارودۆخ زۆرجار دەبێتە هۆی رەخسان و هاتنە ئارای تەبایی و هاوئاهەنگیی هەستەوەرییەکان و گەل و نەتەوە جیاوازەکان دوای ماوەیەک خۆیان بە هاونیشتمانی یەکتر دادەنێن، بەتایبەت ئەوەی کە ئەگەر لە ناوچەیەکی یەکپارچەدا پرژوبڵاو بن، بەڵام ئەگەر بێت و سەردەمی هیواخوازی بۆ حکومەت ئازاد پێش لە جێبەجێ بوونی ئەم تێکەڵاوی و پێکەوە ژیانە بێتە ئاراوە، هەل و دەرفەتی جێبەجێکردنی دەڕەوێتەوە.

لەوە بەدوا ئەگەر بێت و ئەو گەلانەی کە پێکەوە کە لەسەر مافی نەتەوەییان کۆڵ نادەن و ئاشتیخواز نین، لەباری جوگرافیاییەوە لە یەکتر جودابن، بەتایبەت ئەگەر هەڵکەوتەی شوێنی ژیانیان، ئاسانکاری و ئەگەری سروشتیی پەیڕەوی لە حکوومەت یەکگرتوو نەڕەخسێنێ (وەکو لە حاڵەتێکدا کە هەرێمی ئیتاڵی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا یان ئەڵمانیا)، نەتەنیا بەرژەوەندیی، بەڵکو (ئەگەر ئازادی یان تەبایی و هاوڕایی مەبەست بێت) هەلومەرج وا دەخوازێ کە بە تەواوەتی هەموو پێوەندییەکان بپچڕێ، لەوانەیە هەندێ کات چەند هەرێمێک دوای جیابوونەوە بتوانن بەهرەمەندانە لە حکومەتێکی یەکگرتووی

فیدراڵدا بمێننەوە: بەڵام بەگشتی وا دێتە پێش کە ئەگەر بیانەوێ بە تەواوەتی چاوپۆشی لە سەربەخۆیی بکەن و ببنە ئەندامی فیدراسیۆنێک، هەرکام لە هەرێمەکان دراوسێی بۆ خۆی هەیە کە بەهۆی ویست و داخواز و پێکهاتەی هاوبەشی زیاتر، هەروەها لەوانەیە بەهۆی بەرژەوەندیی هاوبەشی زیاترەوە، هاوپەیوەندیی لەگەڵ ئەوان باشترو ئاسانتر بەڕێوە بچێت.

**سەرچاوە:**

کتێبی «چەند تێڕامانێک لە حکومەتی هەڵبژێردراو»

نوسینی: جۆن ستیوارت میل ، و بۆ فارسی دکتۆر عەلی رامین

# جۆن ستیوارت میل و
# لێکگرێدانەوەی لێبوردەیی و ئازادی

هاوار محەمەد

وا دەردەکەوێت لای جۆن لۆک ئازادی بریتی بێت لەوەی کە تاکەکان هەرچییان بوێت و چییان پێ پەسەند بێت هەڵیبژێرن، هەر چیشیان پێخۆش بێت بیکەن، بە مەرجێک ئەمە لە چوارچێوەی یاسای سروشتی ئەخلاقیدا بێت، ئەم یاسایەش لای هەمووان هەیە، بۆیە دۆخی باو لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردنە. لەمەوە دەتوانین بڵێین لای لۆک ئازادی لە سنورەکانی لێبوردەییدایە.

لای جۆن ستیوارت میل (1806–1873) لێبوردەیی دەبەسترێتەوە بە ئازادییەوە و بە قەولی (رافاییل کوهن–ئالماگور) لە سەرجەمی فەیلەسوفەکان زیاتر بابەتەکانی لێبوردەیی و ئازادی پێکەوە بەستوەتەوە، لە ڕوانگەیەکی لیبراڵی–سودگەراییەوە لە بارەیانەوە دواوە. هەڵبەت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان لۆک و میلدا، کە لێرەدا ناتوانین ئاماژەیان پێبدەین، بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە گەر خەمی لۆک ئەوە بووبێت کە کاری دەوڵەت چاودێریکردنی کاروبارە گشتی مەدەنییەکان بێت و دەستوەرنەداتە کاروباری گەلەوە (بە تاک و گروپەکانیشەوە)، بەردەوامی بە دۆخی پێکەوە هەڵکردن بدات، ئەوا خەمی گەورەی میل پاراستنی تاکەکان و ئینجا گروپەکانە لە زۆرەملێی دەوڵەت و کۆمەڵگە و ڕای گشتی. پرسیارەکەی میل ئەمەیە: «ئایا مافی کۆمەڵگەیە کە بە زۆر و لەڕێی یاساوە ئەوە بەسەر تاکەکانیدا بسەپێنێت کە چییان پێ خۆش بێت و ڕقیشیان لە چی بێت؟.

وێڕای ئەوەی میل لە کتێبەکەیدا جەخت لەسەر چەندین بۆچوونی لۆک

لەبارەی ئازادی و لێبوردەییەوە دەکاتەوە، بە تایبەت ئازادیی مومارەسەی ئاینی و سەربەستی بیروڕاو و پەیڕەونەکردن لە زۆرەملێ و ناچارکردن، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا خەمی میل پاراستنی تاکەکەسە لە دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆمەڵگە، چونکە بە بڕوای ئەو ئەکرێت لە هەر چرکەساتێکدا دەوڵەت لەو دەستور و پرەنسیپانە دەربچێت کە پێشتر بۆی دیاریکراوە و خۆی دەست وەربداتە ژیانی کەسەکان، واتە لە چاودێرەوە ببێتە گەمەکەر، لە دادوەرەوە ببێتە ستەمگەر. لۆک کێشەکەی بەمجۆرە چارەسەر دەکـرد، کە هەرکات فەرمانڕەوای مەدەنی لە سنوور و ئەرکی خۆی دەرچوو تاکەکان دەتوانن بیگۆڕن بە فەرمانڕەوایەکی تر. وا دیارە لای میل کارەکە بەو ئاسانییە نییە. وێڕای ئەوەش لۆک لێبووردەیی وەکو مافێکی سروشتی پێناسەکردوە و وەک بەشێک لە سروشتی مرۆیی تەماشایکردوە( )، وەلێ میل بە مافێکی مەدەنی پێناسەی دەکات، و پێیشی وایە نالێبوردەیی بەشێکە لە سروشتی مرۆیی. ترسی میل لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یان دەوڵەت لەوێوە دێت، کەئەشێت زۆرینەیەک دەسەڵات بە دەستەوە بگرن و بەناوی زۆرینەییەوە کەمینە و تاکەکانی دیکە بچەوسێننەوە. میل، لەژێر کاریگەری تۆکڤیلدا، ترسی لەوە هەیە بە ناوی ڕای گشتییەوە ستەمێکی کۆمەڵایەتی ترسناکتر و خنکێنەرتر لە چەوساندنەوەی سیاسی درووست ببێت، واتە (ستەمکاریی زۆرینە). بۆیە دووەم پرسیار لە خەمی میلدا ئەمەیە: «چۆن بگەینە ڕێکەوتنێکی گونجاو لەنێوان سەربەخۆیی تاکەکان و دیسپلینی کۆمەڵایەتیدا؟». هەر لەبەر ئەمە لای میل «سەربەخۆیی تاک» و «ئازادیی تاک لەبەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگە و ڕای گشتی» و «ئازادی ئەوانی دیکە لە بەرامبەر زیادەڕەوییەکانی تاکدا» سەرهەڵدەدات. گەر میل نایەوێت کەمینە غەدر لە زۆرینە بکات، بە هەمانشێوە ناشیەوێت زۆرینە غەدر لە کەمینە بکات. تەنانەت میل نایەوێت تاکەکەسێکیش لە ئازادی بێبەش بکرێت

و زیاتر لەوەش ئەو لەو کەسانەیە زۆر بڕوای بە جەماوەر نییە، گومانی لەوە هەبوو کە جەماوەر لە پەیامە ئاڵۆزەکان تێبگات.

بە بۆچوونی من میل لە تەواوی کتێبەکەیدا سەرقاڵە بە ڕوونکردنەوەی ئەو سێ کەوانەیەی سەرەوە، ئەویش لەسەر یەک بنەما؛ میل دەڵێت: «ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە جەخت لەسەر یەک بنەمای ساکار بکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە پێی دەوترێت تەحەکومکردنی ڕەها لە مامەڵەکانی کۆمەڵگەدا بە ڕەفتاری تاکەکانەوە بە ڕێگەی زۆرە ملێ و باڵادەستی و کۆنترۆڵکردن، جا ئیتر میکانیزمەکان هێزی جەستەیی بن، یان سزا ڕێپێدراوەکان، یان ناچارکردنی ئاکارەکی کە ڕای گشتی مومارەسەی بکات. ئەم بنەمایەش دەڵێ: ئەو تاکە ئامانجەی کە پاساوی دەستوەردانی خەڵکی، بە تاک و گروپەکانەوە، دەدات لە ئازادی کارو ڕەفتاری هەر ئەندامێک لە ئەندامەکان، بریتییە لە پاراستنی خودی خۆیان، واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئەو تاکە ئامانجەی تێیدا بە ڕێگەیەکی ڕەوا دەسەڵات دژی تاک یان ئەندامێکی کۆمەڵگەی مەدەنیی، واتە دژی ئیرادەی، بەکار دەهێنرێت، بریتییە لە ڕێگریکردنی تاک لە زیانگەیاندن بەوانی دیکە و ئازاردانی کەسانی تر». لەم کۆدە درێژەوە تێدەگەین کە تاک لە سنورەکانی خۆیدا لە کار، بیروباوەڕ، ئایین و گوزەرانی خۆیدا ئازاد و سەربەستە و نابێت بە هیچ بیانوویەک ناچار بە دژی ویست و حەزی خۆی بکرێت، تا ئەو کاتەی زیانی بۆ کەسانی دیکە نەبێت و دەست وەرنەداتە ئازادی و شێوازی ژیانی تاکەکانی ترەوە. تاکە پاساوێک بۆ ڕێگرتن لە ڕەفتاری کەسێک ئەوەیە، کە ئەو ڕەفتارەی ئازار و زیانمەندیی و مەینەتی بۆ کەسانی دیکە بهێنێت.

لای میل چەمکی «زیان» چەمکێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ئازادی. زیان و زیانگەیاندن دەتوانن لە هەر چرکەساتێکدا ئازادی پوچەڵبکەنەوە. زیانگەیاندن تەنانەت ئەو کاتەیشی کە دەتوانێت بەختەوەرییەکی کەم بۆ

زیانلێدراو دابین بکات هەر جێگای ڕەزامەندی نییە. لەبیرمان بێت لای میل زیان واتە دەستوەردان و دروستکردنی کۆسپ لە سەر ڕێی ئارەزووەکانی تاکدا. زیانگەیاندن واتە ڕێگریکردن لەبەردەم ئازادی کەسانی دیکە لە کردنی کارێکدا کە بیانەوێ ئەنجامی بدەن، تەنانەت ئەگەر ئەو کارە ناڕەحەتی دنیاکەی دیکەشیان بۆ بهێنێت. کەواتا زیان کۆسپێکە کە هەمیشە لە دەرەوە دەخرێتە سەر ڕێگەمان لە کردنی کارێکدا، ئەگەر ئەو کارە زیانیشی بۆ خۆمان هەبێت (جگە لە خۆبەکۆیلەکردن و خۆکوشتن)، بەو مانایەی ئەگەر تاک کارێکی ئازادانە ئەنجامبدات و تەنیا زیانی بۆ خۆی هەبێت ئەوا ئەشێت ئەمە ببێتە ئەزموونێک بۆ ژیانی و هاوکاری بکات لەوەی کە ئاگایی بە کارەکانی پەیدا بکات، بەڵام هەموو دەستوەردانێک، گەر لە بەرژەوەندی کەسەکەش بێت، ئەوا هەر هەڵگری تۆوی زیانە، چونکە سنوری ئازادی بەر تەسک دەکاتەوە. (وندی دونەر) ئەم خاڵە بەم جۆرە ڕووندەکاتەوە: «زیانگەیاندن بەوانی دیکە بەزاندنی ماف و ئەرکەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە گرنگەکانی ئەوانی دیکەیە، ناکرێت ڕەوایەتی پێبدرێت و لە قورساییەکەی کەم بکرێتەوە تەنیا لەبەرئەوەی بڕێکی کەم بەختەوەری بۆ ئەوانی دیکە دابین دەکات». لەدیدی وندی دونەرەوە بنەمای ئازادی لای میل لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی هەردوو چەمکی زیان و بەرژەوەندی دەخرێتە ڕوو، ئەم دوو چەمکە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ پێکەوە پەیوەستن. ئەرگومێنتەکە ئەوەیە کە ئازادی بنەمایەکی عەدالەتە، کەبەرژەوەندییە مرۆییەکان لە زیانی زۆرەملێ و ناچارکردنەکانی دەرەوە دەپارێزێت، ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت یان هەر گروپێکی دیکە بۆی نییە تاکەکان ناچار بە کارو بیروباوەڕێک بکات یاخود ڕێگریی لە کار و چالاکییەک بۆ درووست بکات کە پەیوەندی بە ژیانی تاکەکەسیی خۆیەوە هەیە.

لای میل دەوڵەت دەبێت سنوری ئازادییەکانی تاک بپارێزێت بە تایبەت لەو جێیانەدا کە ئەو سنورانە تێکەڵ بەیەک دەبن، لەدوای ئەم کارە ئەبێت دەوڵەت لەیادی بێت کە بە بیانووی ڕێگریکردن لە دەستوەردانی ئەوانی دیکە لە ژیانی تاکەکەس، خۆی دەستوەرنەداتە ئازادییەکانەوە، واتە نابێت گواستنەوە ڕوو بدات لە دەستوەردانی گرووپەکانەوە بۆ دەستوەردانی دەوڵەت. لای میل بوارەکانی ئازادی ئەمانەن:

1- بواری هۆشیاری ناخەکی: واتە ئازادی بیروباوەڕ و هەستکردن و ئایین و ئاکار.

2- ئازادی چێژوەرگرتن: هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و هەڵبژاردنی میکانیزمەکان و دانانی پلان و ئازادیی کارکردن.

3- ئازادی کۆبوونەوەی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا: ئازادی یەکگرتن و هاوکاری و هەرەوەزی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی بێ زیان بۆ ئەوانی دیکە.

سەرجەمی ئەم ئازادییانە دەبێت ڕێگرییان لەبەردەمدا دروست نەکرێت لەلایەن کۆمەڵگەوە و لەلایەن دەوڵەتەوە کۆسپ نەخرێتە بەردەمیان، چونکە لە غیابی ئەم ئازادییانەدا کۆمەڵگە ناتوانێت ئازاد بێت، بۆیە ئازادی لای میل ئازادی نێگەتیڤە، بەپێی دابەشکردنە دووانییەکەی ئێزایا بێرلین بۆ ئازادی، بەسەر «ئازادی پۆزەتیڤ» و «ئازادی نێگەتیڤ»دا.

لای بێرلین، ئازادی جۆری زۆرە و دەکرێت لە زۆر دیدەوە لێی بڕوانرێت، بێرلین تەنیا باسی دوو جۆرییان دەکات، کە پێیوایە لەوانی دیکە گرنگترن، ئەوانیش «ئازادی نێگەتیڤ» و «ئازادی پۆزەتیڤ»ن. ئەو ئازادی پۆزەتیڤ بەم جۆرە دیاریدەکات: «مانای پۆزەتیڤی وشەی ئازادی لە ئارەزووی تاکەوە بۆ خۆ سەروەری هەڵدەقوڵێت. من دەمەوێت لە ژیان و بڕیارەکانمدا پشت بە خۆم ببەستم نەک هیچ هێزێکی دەرەکی». هەروەها «بەر لە هەموو شتێک دەمەوێت سەبژێکتێکی هۆشیار بم بە خودی خۆم وەک بوونەوەرێکی خاوەن

عەقڵ و ئیرادە و چالاکی». لەمەوە ئەوە تێدەگەین کە ئازادی پۆزەتیڤ بریتییە لە دەسەڵاتی نواندنی کردار و ، پانتاییە ناوەکییەکانی تاک بۆ بڕیاردان و کردنی کارێک. «من سەروەری خودی خۆمم»، «کۆیلەی هیچ کەسێک نیم»، «من ئاگایی تەواوم بە بڕیار و کردارەکانم هەیە». سەرجەمی ئەم گوزارانە گوزارشت لە ئازادییەکی عەقڵی- ناوەکی دەکەن. بە مانایەکی تر گەڕانەوە بۆ نێو سەنگەر و قەڵا روحییەکانی خود و «لەبیرکردن» و «فەرامۆشکردن»ی هەموو دەسەڵاتە دەرەکییەکان. من خۆم دەزانم چیم دەوێت و چی دەکەم، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەبەرئەوەی خەڵکی جاهیلن و هۆشیارییان بە خۆیان نییە، بۆیە ناشزانن چییان دەوێت و چی بۆیان باشە، بۆیە ناشتوانن «ئازادیی حەقیقی» بناسن، بەڵام «من باشتر لەوان دەزانم کە بە ڕاستی پێویستیان بەچی هەیە!». لێرەوە لەوە تێدەگەین کە «خەڵکی بە ناوی ئامانجێکی وەک (عەدالەت یان تەندروستی گشتی..هتد) دەچەوسێنرێنەوە، چونکە ئەگەر ئەوان زیاتر ڕۆشنبیر بوونایە ئەوا خۆیان هەوڵیان بۆ دەدا». لەم دیدەوە ئازادی من ئازادییەکی هۆشیارانە و ناوەکییانە و عەقڵییانەیە، هەر بۆیە (بەلای بانگەشەکەرانییەوە) ئازادییەکی حەقیقیشە، بەڵام ئەوانی تر لەبەرئەوەی جاهیلن و کەڕو کوێرن ناشتوانن هەڵبژاردنی باش ئەنجامبدەن، بۆیە لەبەر بەرژەوەندی ئەوان، نەک بەرژەوەندی خۆم، ناچار بە ئەنجامدانی ئەو کارەیان دەکەم، بۆ ئەوەی چێژ لە ئازادی خۆیان ببینن. هەڵبەت کە ئازادییەکی لەم جۆرە بوار دەهێڵێنەوە بۆ دەستوەردان و چەوساندنەوە لەلایەن ئەوانی دیکەوە. لە دیدی ئازادی پۆزەتیڤەوە دەسەڵاتێک هەرچۆن دەستوەربدات لە ژیانی منەوە دواجار هەر ناتوانێ من ڕام بکات، چونکە ناتوانێت تەواوی ئیرادەم کۆنترۆڵ بکات، بە تایبەتیش بواری عەقڵیم، من دەتوانم بە عەقڵم بیربکەمەوە و وێنای ژیانێکی باشتر بکەم، دەتوانم بە خەیاڵ زۆر شت ببینم، پلان دابنێم، دەسەڵات ناتوانێت عەقڵ و خەیاڵ و پلانەکانم لێ زەوت بکات (کەسێک کە بڕوای بە

ئازادی پۆزەتیڤ هەبوو، وایوت)...ئازادی پۆزەتیڤ بڕوای بە میتافیزیکا و باڵابوونی بوونەوەریی مرۆیی هەیە، واتە ئەو پنتە ئەفسونیانەی ناو دەروون و ناخی مرۆڤ کە بە ئاسانی لەلایەن دەرەوە هەژموون ناکرێن و ڕام ناکرێن؛ باوەڕی بەو «درز» و «کەلێن»انە هەیە کە پێیوایە لەلایەن دەسەڵاتی دەرەوە پڕ ناکرێنەوە، بڕوای بەو ڕۆشناییانەی ناو ناخ هەیە کە تاریک و ناکرێن و ئەو دەنگانەی کە بێدەنگ ناکرێن. ئەم بۆچوونە ئازادی لەنێو ئەو کە لەبەر و درزانەدا دەبینێتەوە کە دەسەڵاتی دەرەوە دەستی پێی ناگات. ئەم پنتە سحراوییانە دەشێت لە هەر چرکەساتێکدا کە لە بەرێکی گەورە بکەنە دڵی هەر دەسەڵاتێکەوە و گەورە ببن و ببنە مایەی تێکشکاندنی هەموو دەسەڵاتەکانی تر، بە مەرجێک کە بتوانێت خەڵکیش ناچار بەو کارە بکات. بۆیە، لەم دیدەوە، من پلان و مامەڵەکانی خۆم لە سنووری ئەو ئەگەرانەدا دادەنێم کە لەو ساتەدا بۆ من کراوە و لەبارن، لە نێویاندا هەست بە ئازادی دەکەم.

لە دیدی ئازادیی پۆزەتیڤەوە بۆ ئەوەی ناچارکردن درووست نەبێ، دەبێ سەرجەمی تاکەکان و کۆمەڵگاش عەقڵانی بن، گەر ژیان بەپێی عەقڵ بڕوات ئەوا ناچارکردنیش دروست نابێت. خۆ ئەگەر عەقڵانیش نەبن دەبێت «ناچار بە عەقڵانیبوون» بکرێن و دەبێت ویست و ئارەزووە دەرەکییەکانی خۆیان وەلانێن و هەوڵ بۆ عەقڵانیبوون بدەن تا بتوانن ژیانیانی پێ ڕێک بخەن.

هەرچی «ئازادیی نێگەتیڤ»ـە، لای بێرلین، پێچەوانە و دژی ئازادیی پۆزەتیڤە، واتە دروست نەکردنی کۆسپ لەبەردەم ئەوانی دیکەدا، دەستوەرنەدان لە ژیانیان، ناچارنەکردنیان بە بڕیارێکی دیاریکراو. واتە دەستوەرنەدان لەو سنورانەی کە ئەوانی دیکە دەتوانن تێیدا هەڵسوکەوت بکەن «خۆ ئەگەر لەلایەن ئەوانی دیکەوە ڕێگریم بۆ درووست بکرێت لە ئەنجامدانی کارێک، کە ئەگەر دەستوەردانی ئەوان نەبووایە، دەمتوانی ئەنجامی بدەم، ئەوا مانای وایە

من ئازاد نیم». ئازادی نێگەتیڤ واتە نەبوونی ناچارکردن و جەبر و زۆرلێکردن. بێرلین دوو مانای لێکجیاوازی (ناچاری) لێک دەداتەوە، کە دەتوانین ناویان بنێین (ناچاریی خودیی) و (ناچاریی دەرەکی)، ناچاریی خودی واتە بوونی ڕادەیەک لە توانای لێهاتوویی خۆم و وزە و سەلیقەی خۆم پەیوەست بە هەلومەرجێکەوە بۆ کردن یان نەکردنی کارێک لە سنوورێکی دیاریکراودا. بۆ نموونە (نموونەکان هی بێرلینن) من ناتوانم لە دە پێ زیاتر باز بدەم، یاخود حەوسەڵەم نییە (20) لاپەڕە زیاتر لە کتێبەکانی هیگڵ بخوێنمەوە. بەڵام ناچارکردنی دەرەکی واتە بوونی جەبرێک بۆ کردن یان نەکردنی کردارێک، واتە ئەوەی کە (تۆ نەهێڵیت من کتێبەکانی هیگڵ بخوێنمەوە)، بۆیە «پێوەری چەوساندنەوە و زۆرلێکردن بریتییە لەو ڕۆڵەی کە ئەوانی دیکە (بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ) دەیگێڕن بۆ تێکشکاندن و کەمکردنەوەی ئارەزووەکانی من». ئازادی نێگەتیڤ نەبوونی ئەم ناچارکردن و زۆرە ملێیەیە. بۆیە لای بێرلین ئازادی نێگەتیڤ کارێک دەکات، کە تاکەکان بە دڵنیایی و بێ دڵەڕاوکێی و بە متمانەوە مومارەسەی ئارەزووەکانی خۆیان بکەن.

ئەگەرچی دیدی بێرلین بۆ ئازادی نێگەتیڤ زۆر ئاڵۆزی لە خۆ دەگرێت، کە خۆی هەوڵی چارەسەرکردنی هەندێکیان داوە، بەڵام ئێمە ناتوانین ئاماژەیان پێ بکەین. ئەو باس لەوە دەکات کە فەیلەسوفە ئینگلیزییەکانی کلاسیک ڕای جیاوازییان هەبووە لە دیاریکردنی ئەو سنوورانەدا کە دەبێت لە دەستوەردان بپارێزرێن. چونکە خۆ ناکرێت ئەو ئازادییە بێ سنوور بێت، چونکە گەر وابێت ئەوە مانای وایە مرۆڤەکان هەموو دەتوانن دەست وەربدەن لە ژیانی ئەوانی دیکەوە، بەمەش ئازادی خۆی خۆی لەنێو دەبات. لێرەوە کۆمەڵگە دەبێتە کەیاس، دەبێتە بارگژی و پشێویی. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات پێویستە دەسەڵاتێکی گشتی بوونی هەبێت. لە دیدی ئەو بیرمەندانەوە ئازادی هەندێک

لەسەر حسابی ئازادی هەندێکی تر دەبێت، وەک بێرلین دەڵێ: «ئازادی گورگەکان واتە لەناوچوونی ڕانەمەڕ». ئازادی هەندێک پشت بە سنوردارکردنی ئازادی هەندێکی دیکە دەبەستێ، لێرەدا بوونی دەسەڵاتێکی گشتی بۆ ڕێگرتن لەم دۆخە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام دیاریکردنی سنوورەکانی ئەم دەسەڵاتە گشتییەش لە بەرامبەر سنوور و ئازادییەکانی تاکدا خۆی ئیشکالێکی دیکەیە. لۆک سنوورەکانی دەسەڵات دیاریدەکات و میلیش لە دەسەڵاتی گشتی کەم کردەوە بەوەی دەست وەرنەداتە ژیانی تاکەکەسییەوە، بەڵام هۆبز لە ڕۆڵی دەوڵەت زیاد دەکات و چەکوشێکی ئاسینی دەداتە دەست بۆ ئەوەی کۆمەڵگە نەبێتەوە جەنگەڵەکەی حاڵەتی سروشتی.

ئەگەرچی پێویستە دەوڵەت هەوڵ بدات بۆ کەمکردنەوەی سنوورەکانی نەزانی و نەخوێندەواری و نەخۆشی و خواردنی خراپ و ڕەش و ڕووتی و دەبێت هاوکاری ئەو کەسانە بکات، کە پێویستییان بەو هاوکارییە، سزای ئەو کەسانەش بدات کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ماف و ئازادی و موڵک و ماڵی کەسانی دیکە، وەلێ نابێت بەمە شەرعییەتی دەستوەردان بەخۆی بدات، بەڵکو دەبێ هەلومەرجی گونجاو بسازێنێت بۆ مومارەسەی ئازادییەکانی وەک ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ، بەڵام بێ دەستوەردان و لەمەش زیاتر ڕێگریکرن لە هەر دەستوەردانێک. بەم مانایە ئازادی واتە نەبوونی دەستوەردان لەو سنوورانەی کە وەک ئازادی دانیان پێدا نراوە، واتە «ئازادی لە...».

لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردن لە ئازادی نێگەتیڤدا چالاکە و گروپەکان و تاکەکان سنوورەکانی یەکتر دەپارێزن و دەستناخەنە کاروباری یەکترەوە، دەوڵەتیش ناتوانێت تاکەکان ناچار بە کارێک بکات کە خۆیان ئارەزوویان لێی نەبێت، بەم مانایەش سنوورەکانی جیاوازی و جیاوازبوون دەپارێزرێت، هەروەها توانا و خەسڵەتە تاکەکەسییەکان و بیروباوەڕ و ڕادەربڕین و

هەڵبژاردنی میکانیزمەکان، کە زیان بەوانی دیکە نەگەیەنێت، بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، بەڵام لە حاڵەتی ئازادی پۆزەتیڤدا پێکەوە هەڵکردن لە حاڵەتی سفردایە. «پێکەوە هەڵکردن لە خاڵی سفردا» واتە تێکەڵبوونی سنوورەکان و بوونی دەستوەردانەکان و هەوڵدان بۆ زۆرلێکردن و ناچارکردنی کەسانێک بەکردنی کارێک بە ناوی بەرژەوەندییەکانیانەوە، بوونی دەسەڵاتی ناچارکردن و کۆسپ، بەڵام لەبیرکردنی و فەرامۆشکردنی وەک ئەوەی تەواو ئازاد بم، لێرەشەوە دەتوانم لەگەڵ دەوروبەردا هەڵبکەم، چونکە ئەوان هێشتا عەقڵییان وەگەڕنەخستووە و منیش دەتوانم ناچار بەم کارەیان بکەم و پێویستە ئەوانیش ئەو ناچارکردنە لەبیر بکەن، چونکە لەپێناوی خۆیاندایە. لەم دیدەوە ئەم دۆخە بەهۆی غیابی عەقڵەوەیە، عەقڵ کە هەمیشە یەکێتی دەخوازێت، گەر لە ئارادا بێت و حوکم بکات ئەوا هەمووان بێ هیچ زۆر لێکردنێک ژیانیان بەرمەبنای عەقڵ ڕێکدەخەن، بەمەش کەس ناچار نییە کەس بچەوسێنێتەوە، چونکە هەمووان عەقڵانین، عەقڵانیبوونیش واتە دووركەوتنەوە لە خواست و ئارەزووە تاکەکەسییەکان و گەیشتن بە یەکێتی عەقڵ و یەکێتی شوناس.

با بگەڕێینەوە بۆ لای میل. ئێستا دەبینین ئەو ئازادییەی کە میل بانگەشەی بۆ دەکات ئازادیی نێگەتیڤە بە دیدە بێرلینییەکەی. ئەگەر چی میل ئاماژەی بە گرنگی بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی توانا عەقڵی و جەستەییەکانی تاک داوە، کەچی ئەمە ناکاتە بنەمای ئازادی، بەڵکو بوونی هەلومەرجی ئازادی دەکاتە پێشمەرج بۆ گەشەکردنی توانا عەقڵی و جەستەییەکان، ئەوەتا ئەو دەڵێت: ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی لەسەر بۆچوونێک کۆک بوون، تەنیا یەک کەس بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو، ئەوا مرۆڤایەتی مافی ئەوەی نییە ئەو تاکە کەسە بێ دەنگ بکات. تەنیا ئەوکاتە دەشێت تاک ڕێگریی لێ بکرێت کە بەشێک لە ڕەفتار و گوفتاری زیانی بۆ بەرژەوەندی و ژیانی کەسانی دیکە هەبێت.

بۆ ئەوەی بە تەواوی لە پەیوەندی نێوان ئازادی و لێبوردەیی لای میل تێبگەین، پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بە دوو ڕەگەز لە هزری ئەودا بدەین، ئەوانیش: هەڵەکردن و جیاوازی لە ڕاو کرداردا.

وندی دونەر هەڵەکردن، لە هزری میلدا، بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە: «میل پشتیوانی هەڵەگەراییە، لای ئەو مرۆڤ بوونەوەرانێکی هەڵەکان و، لە حوکمدانیاندا دووچاری هەڵە دەبنەوە.. واتە هەر حوکم و بۆچوونێک کە دەیخەینە ڕوو، هەرچی چەندیش لە ڕاستبوونی دڵنیا بین، ئەوا هەر دەشێت هەڵە بێت». میل لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا «لەبارەی ئازادییەوە»، باس لە ئازادیی ڕادەربڕین دەکات وەک کرۆکی ئازادیی بیرکردنەوە. لە درووستبوونی «ڕاکان»دا هیچ ڕایەک ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات، کە هەڵگری تۆوی هەڵە نییە. ڕای تاکەکەس و ڕای کەمینە و ڕای زۆرینە هەرسێکیان ئەشێ بە دیوێکدا هەڵە بن، چونکە هیچ ڕایەک لە هەموو دیوەکانەوە ڕاست نییە، یان باشتر بڵێین تەواوی حەقیقەتی تێدا نییە. ترسی میل لە دۆگمابوونە لەسەر بۆچوون و قەناعەتێک. وەک ڕوونی دەکاتەوە حەقیقەت شتێک نییە، کە ڕایەک بتوانێ مۆنۆپۆلی بکات، لەباتی ئەوە دەبێت «ڕا»کان بکەونە مشتومڕ و گفتوگۆوە، و هەموو بۆچوونێک لە بۆچوونی بەرامبەرەوە ملکەچی ڕەخنەلێگرتن ببێتەوە، بێئەوەی ئەم بۆچوونەی دووەمیش بانگەشەی ڕەهاگەرایی بکات، چونکە گەر ئەمە بکات ئەوا بانگەشەی «بێ هەڵەیی» کردووە، بەوەش ئازادی ڕادەبڕین و بیرکردنەوە سەرکوت دەکات و بگرە لە ناوی دەبات. بۆ ئەوەی لەم دۆخە کوشندە ڕزگارمان ببێت، میل، «یەقینی ڕەها» دەگۆڕێت بە «متمانەی پێویست» بە بۆچوونێک، کە هەڵگری بۆچوونەکە بە متمانەوە هەوڵدەدات بۆ سەلماندنی ئەرگومێنتەکانی. بەم جۆرە پێکەوە هەڵکردنی «ڕا»کان وتوێژ و گفتوگۆ و مشتوومڕ دێنێتەکایەوە و لەم دینامیکییەتەیشدا هەم ئازادی بەرقەرار دەبێت

و هەم فیکر گەشە دەکات. کەواتە هیچ بۆچوونێک بۆی نییە بەناوی ئایین، یان سیاسەت، یان بەرژەوەندی، یان حەقیقەت، یان ڕای زۆرینەوە ڕایەکی تر سەرکوت بکات، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆیەکی بەردەوام و جەسورانەوە.

ئەبێ سەرنج لەوە بدەین کە ئەمە بەو مانایە نییە هەموو «ڕا»کان وەکو یەک و بە ئەندازەی یەکتر ڕاست و دروست یان هەڵە بن. بەڵکو هەر ڕایەک کە دەکەوێتە گفتوگۆ پشت بەو بەڵگە و سەلماندنانە دەبەستێت، کەلە ئەرگومێنتەکاندا دەیخاتەڕوو، بەوەش دەکرێت ڕایەک دروست بێت و بیباتەوە، و دەشێت هەڵە بێت و ڕەت بکرێتەوە؛ بەڵام دەشێت ئەو ڕایەی کە گەمەکەی بردوەتەوە لەلایەن ڕایەکی دیکەوە بکەوێتەوە بەر ڕەخنەوە. بۆیە لە بۆچوونەکاندا سێ جۆری «ڕا» هەیە: دەشێت ڕایەک هەڵە بێت، دەشێت ڕایەک ڕاست بێت، دەشێت ڕایەک دیوێکی هەڵەبێت و دیوێکشی ڕاست بێت. بەڵام پێیوایە ئەم سێ جۆرە لە(ڕا) هیچیان ناسەلمێنرێن ئەگەر بێنوو نەکەونە ناو گفتوگۆوە. کەواتە گفتوگۆیەکی ئازادی دور لە هەر دەسەڵات و زۆر لێکردنێک، لە هەموو بارێکدا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکان بنەمایەکی سەرەکی و پێویستە.

هەرچی «جیاوازی»یە، میل لە کۆتایی بەشی دووەم و سەرەتای بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا ئاماژە پێدەدات. ئازادی بیرکردنەوە و دەرەنجامەکانی ئازادیی کردار لێک جیادەکاتەوە، واتە پێیوایە گەر بۆچوونێک بە ڕێگەیەکی هزریی سەلمێنرا درووستە، کەچی لە بواری پراکتیکیدا زیانی بۆ ئازادی کەسانی دیکە هەبوو ئەوا دەبێت ڕەتبکرێتەوە. لای میل «فرەیی بۆچوونەکان خراپە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی تەندروستە کە بەهۆیەوە خەڵکی دەتوانن تەواوی لایەنەکانی حەقیقەت ببینین». ئەو بانگەشە بۆ جووڵە و چالاکیی لێکجیاوازی

جۆریی مرۆیی دەکات، و هەر لێرەشەوە ئازادی و هەڵکردن دەکاتە پێویست. مرۆڤەکان جیاوازن لە زەوق و سەلیقە و هەستکردنیان بە چێژ و ئازار و خۆشبەختی، هەروەها لە هەلومەرجی مادیی و ئاکاریشدا لێک جیاوازن، ئەمەش بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و گەشەکردنی لایەنە عەقڵانی و ئەخلاقی و ئیستاتیکییەکان، پاساوی هەمەچەشنی شێوازەکانی ژیان و هەڵبژاردن دەدات. بۆیە بوونی فرە چەشنی، لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردنی لایەنە جیاوازەکان بەڵگەی بوونی ئازادییە( ).

جیاوازی لە بۆچوونەکاندا نابێت تەنیا بە لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردن ڕووبەڕووی یەکتر بکرێنەوە، بەڵکو دەبێت پشتیوانیشیان بکرێت بۆ ئەوەی حەقیقەت ڕوون ببێتەوە. ئەوەتا میل دەڵێت: «جیاوازی لە ڕا و بۆچوونەکاندا، لە ڕەوشـی هەنووکەیی عەقڵی مرۆییدا، تاکە هەلە بۆ ڕوونبوونەوەی هەموو لایەنەکانی حەقیقەت». واتە نەک دروستبوونی تاکحەقیقەتی، بەڵکو دروستبوونی کۆدەنگی. خۆ ئەگەر کەسێک لەم کۆدەنگییە لەسەر حەقیقەت دەرچوو، ئەوا هەر دەبێت گوێی لێ بگیرێت، بەوەش حەقیقەت ڕەهایی خۆی لەدەستدەدات و لە مەترسی دۆگمابوون دەپارێزرێت. بە بڕوای من میل «جیاوازی» و «ئازادی» و «حەقیقەت» دەخاتە پەیوەندییەوە. بوونی جیاوازی و قبووڵکردنی جیاوازی بنەمایە بۆ ئازادی و پاراستنی ئازادیش گەرەنتۆری بەردەوامیدانە بە جیاوازییەکان لە بیروڕا و کرداردا و بوونی دینامیکییەت و لەمەشەوە دەرکەوتنی حەقیقەت. لێرەشەوە ئازادی بنەمای حەقیقەتە. بۆیە لە هەر شوێنێک ئازادی فرەیی هەبوو حەقیقەتیش خۆی مانیفێست دەکات، و پەیوەست بوونی خەڵکیش بە پرەنسیپی ئـازادی ڕادەربڕینەوە دەچێتە خزمەتی حەقیقەتەوە. لە هەر شوێنێکیش ستەمکاری هەبوو ماسک و ڕووپۆش زۆر دەبن، بەوەش ساختەیی خۆی دەردەخات. پێکەوە هەڵکردنیش پێکەوە

هەڵکردنی ماسکەکان نییە، بەڵکو پێکەوە هەڵکردنی بۆچوون و دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانە و لێبوردەییە بۆ جیاوازییەکان، بۆیە «گەیشتن بە حەقیقەت پێویستی بە جیاوازی ویستەکان هەیە».

کەواتە پێکەوە هەڵکردن و لێبوردەیی لە حاڵەتی جیاوازی و فرە شوناسی دەدوێن، نەک لێخۆشبوون، چونکە گەر ڕایەک هەڵە بێت، پێویستی بە لێخۆشبوون نییە، لەبەرئەوەی هەڵەبوون تاوان نییە و بگرە بەشێکە لە ئۆنتۆلۆژیای مرۆڤ، بەڵکو پێویستی بە ئازادیی و گفتوگۆیە لەگەڵ ڕاکانی تردا. سەلماندنی ڕاستی و هەڵەیی بۆچوونێک هەمیشە لە بەرەنجامی گفتوگۆ و مشتومڕەکانەوە ساغ دەبێتەوە، نەک بڕیارێکی پێشوەخت لەلایەن زاتێکی ترانسێندنتاڵەوە. لێرەوە میل، هەڵە لە تاوان دادەبڕێ، واتە هەڵەبوون تاوان نییە، چونکە هەڵە وەک ئەگەر هەمیشە لەبەردەم ڕاکاندا ئامادەیە و ئەمەش وا دەکات هیچ ڕایەک یەقینی ڕەهای بە خۆی نەبێت و بانگەشەی یەکپارچەیی نەکات، بۆیە فرەیی و جیاوازی وەک دوو کاتیگۆریای دیکە ڕەوایەتی وەردەگرن، و قبوڵکردنی ئەم جیاوازییانەش مافی هەر تاک و گروپێکە و دەبێت بپارێزرێت.

هەڵبەت دەبێت لە تەواوی ئەم باس و خواسەدا هەمیشە ڕێسا گرنگەکەی میلمان لەیاد بووبێت واتە «ئازادی تەواو بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەوانی دیکەوە زیانی پێ بگات، بێئەوەی زیان بە ئازادی کەسانی دیکەش بگەیەنێت». لای میل، لە حاڵەتی زیان نەگەیاندن بەوانی دیکە، نابێت هیچ ئازادییەک ڕێی لێ بگیرێت تەنیا ئازادی دەستهەڵگرتن لە ئازادی نەبێت: «بنەمای ئازادی ئەوە نییە کە مرۆڤ ئازاد بێت لەوەی ئازاد نەبێت، ئەوە ئازادی نییە کە ڕێبدەین مرۆڤ دەست لە ئازایی خۆی هەڵبگرێت بەم مانایەش لێبوردەیی لە بەرامبەر دەست هەڵگرتن لە ئازادیدا نییە.

# جۆن ستیوارت میل فەیلەسوفی بەرژوەندی و داکۆکیکاری ئازادییەکان

ئا: عەلی بیروەندی

*له ئەخلاقدا خێرو چاکەیەک هەیە کە هەندێکجار لە ئاینیشدا نییە.

فەلەسەفە لەسەردەمی نوێدا وەک چۆن لەسەدەکانی کۆن و ناوەڕاستیشدا وابوو، مەسەلەی «ئازادی» بە یەکێک لەمەسەلە گرنگەکانی خۆی دەزانێت و لەم بارەوە قسەی خۆی لەسەری هەبووە، رەنگە بیرۆکەی ئازادی ئەدەب و ئازادی سیاسی چەند جار و چەندبارە لەفەلسەفەیان خواست بێت، وە مەسەلەی ئازادی مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لە دۆزەکانی فکری مرۆییدا، هەر ئەمەش وایکردوە «هیگڵ» گفتوگۆیەکی چڕو پڕی لەبارەوە بکات.

لە هەوڵێکدا بۆ دانانی بیبلۆگرافیایەکی رێکخراو بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ئازادییەوە کراون بەشی فەلسەفەی ئەکادیمیای زانستە فکرییەکان لە دردسن لە ئەڵمانیا زنجیرەیەک کۆڕی سازکرد، لەو کۆڕانەدا گفتوگۆی ئازادی کرا لەرووی پێکهاتەی زاراوەییەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو بۆ یەکەمجار لە ئەکادیمیایەکی ئەڵمانیدا گفتوگۆی ئازادی کرا لای فەیلەسوفە بەرژوەندیگەراکان، لە سەروی هەموویانەوە «جۆن ستیوارت میل» دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیەیە.

لە کتێبەکەیدا «لەبارەی ئازادییەوە» میل پێیوایە ئازادی فکر و ئازادی کار، بە نرخترین شتێکن حکومەت بیداتە هاوڵاتییەکانی، تاک یان هەر کۆمەڵێک ئەو مافەی نییە تاستەنگی ئازادی مرۆڤ بکات، میل پێیوایە ئەوەی پەیوەستە بە رەفتاری تاکەوە سنورێکی حەرامکراوە لە ئازادی مرۆڤ و لەمانەدا بەرجەستە دەبێت:

ئازادی ویژدان و هەرچییەک پەیوەندی بە ویژدانەوە هەیە لە ئازادی فکری و بیروباوەڕ و گفتوگۆو رادەربرین بەهەموو مانا فراوانەکانییەوە دەگرێتەوە:

1. ئازادی تاک لە هەڵبژاردنی ئەوەی لەگەڵ زەوق و میزاج و بارودۆخی ژیانی دەگونجێت لەوەی پێی خۆشەو لەوەی پێی رەزامەندە، مادەم کەسانی تر ناخاتە ئازارەوە و سەرئێشەیان بۆ درووست ناکات.

2. ئازادی کۆمەڵایەتی بۆ پێگەیشتوان بەبێ زۆرلێکردن و بۆ هەر مەبەستێک بێت، بە مەرجێک زیانی بۆ ئازادییەکانی کەسانی تر نەبێت.

ئازادی تاک لە بنەڕەتدا لەو هەوڵانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تاکەکان دەیدەن بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەو جۆرەی کە دەیانەوێت بەشێوەیەک ئازاری کەسانی تر نەدات، میل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هیچ حکومەتێک مافی ئەوەی نییە تەنها مرۆڤێک لاڵ بکات و رێی ئەوەی لێبگرێت بۆچوونی خۆی دەرببرێت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی بۆچوونی کۆمەڵگەش بێت» میل وای بۆدەچێت کۆدەنگی بەڵگە نییە لەسەر پێکان و راستێتی و کەم دەنگیش بەڵگە نییە لەسەر نەپێکان و هەڵە» مەبەستی میل لەمەدا ئەوەیە کەبێ بەشکردنی تاک لە دەربڕینی بۆچوونەکانی زیان بەخشە بۆ خەڵکی، تەنانەت بۆ مرۆڤایەتیش، میل بەردەوام دەبێت لە خستنەڕووی تێڕوانینەکەی دەڵێت: »هیچ بیرمەندێک ناتوانێت داهێنان بکات، ئەگەر لە فکرەوە دەست پێنەکات، ئازادی فکری هێزو توانا و بینایی زیهنی دەبەخشێتە توێژە مامناوەندییەکان و شۆڕش بەسەر وەستاوی و مەنگیدا بەرپا دەکات و کلیلی پێشکەوتن درووست دەکات.

میل رەخنە لە دیموکراتیەت دەگرێت و پێیوایە زاڵبوونی زۆرینەیە بەسەر ئازدای کەمینەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەمینەیەش تەنها کەسێک

بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئازادی لای میل پێویستی بەبوونی ئۆپۆزسیۆن و ئاڵوگۆری بیروبۆچون هەیە بۆ ئەوەی بیروبۆچوونە ئازادەکان گەشەبکەن، بەڵام کاتێک هەموو ان تەسلیم ببن و رەخنە و لێپرسینەوە نەمێنێت، ئەوا فکر دەوەستێت و داهێنان پەکی دەکەوێت، ژیانی سیاسی لەدیدی میلدا لەسەر دوو بۆچوونی دژ بەیەک دەوەستێت و چاککردنی بارودۆخی خەڵک پێویستی بە ئازادی فکرو ململانێی بەڵگەدار هەیە.

میل پێیوایە ئەوەی پەیوەندی بە مافی تاکەوە هەیە ئەوە مافی خۆیەتی و ئەوەی کە زیاتر بێت لەوە مافی کۆمەڵگەیە لە هەموو بارێکدا پێویستە لەسەر تاک دووربکەوێتەوە لە زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەویتر و ئەمە جگە لەوەی دەبێت بەشێک لەو قوربانیانە لەئەستۆ بگرێت، کەکۆمەڵگە دەیەوێت.

میل تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەی کەنابێت کۆمەڵگە دەستوەربداتە ناو ژیانی تاکەکانییەوە تەنها لەو کاتانەدا نەبێت مافی کەسانی تر تێپەڕ دەکرێت، مرۆڤ ئازادە لەهەموو ئەوانەی کە بەخۆیەوە پەیوەستە و ئەم ئازادییە لەو شوێنەدا کۆتایی دێت، کە زیان بە مافی کەسانی تر دەگات زانینیش لەدیدی میلدا گزی و فێڵ و ستەم دەگرێتەوە. میل بڕوایوایە کە ئازادی پێدراوێکی بەدیهنەری گەورەیە بۆ مرۆڤ و موڵکی کۆی مرۆڤایەتیە، هەروەها ئازادی دامەزرێنەری شارستانییەتەو ئەوکاتەی ئازادی ئاوا دەبێت، خۆری شارستانییەتیش دەکوژێتەوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بەو رێوشوێنانەی کە حکومەت دەیگرێتەبەر بەرامبەر بە چالاکیە بازرگانی و پیشەسازییەکان لە تێڕوانینی میلدا دژیەک نییە لەگەڵ ئازادی تاکەکاندا تا ئەو کاتەی کارکردن بێت لەسەر ئەوەی زیان بەهەموو کۆمەڵگە نەگات، میل بۆ ئەمەش نموونە دەهێنێتەوە:

کاتێک کۆمەڵگە چاودێری فروتوفیڵە بازرگانییەکان لەئەستۆ دەگرێت و هەڵدەستێت بە سەپاندنی هەندێک مەرجی تەندروست بەسەر کارگەکاندا، یان کاتێک کۆمەڵگە مادە هۆشبەرەکان قەدەغە دەکات، ئەمانە هیچ کاتێک بە مانای ئەوە نایەن دەستدرێژی کراوەتە سەر ئازادییەکانی تاک.

میل، بە یەکێک پێشەنگاکانی فەلەسەفەی لیبراڵی دادەنرێت ئەم فەلسەفەیە دەداتـە جەماوەر، بە ئامانجی بونیادنانێکی تەندروست و سروشتی عەقڵییان، ئەو زانیارییانەی کە پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن بیدەنە هاوڵاتیان، پێویستە بابەتی بن، تاک لە سایەی فەلسەفەی لیبراڵیدا ئازادی رەهای خۆی هەیە و دەتوانێت هەر شتێک کە رێی پێدراوە بیکات، کەس مافی ئەوەی نییە دەستوەربداتە کاروباری ژیانی تاکێکی ترەوە، میل، دەڵێـت: «تەنانەت ئەگەر کۆی مرۆڤایەتی لەسەر بۆچوونێک کۆبوونەوە و کەسێک لەمەدا بۆچوونی جیاوازی هەبوو، ناتوانن بێدەنگی بکەن، وەک چۆن ئەم کەسەش ناتوانێت ئەوان بێدەنگ بکات، ئەگەر چی هێزو دەسەڵاتیشی هەبێت».

**سەرچاوە:**

– لە رۆژنامەی «الرایە» 29 /8/2009

# ژیان و هزری
# جۆن ستیوارت میل

وەرگێرانی: ڕەند

جۆن ستیوارت میل لە (20ی ئایاری 1806ز) لە شاری لەندەن لەدایکبووە، ناوبراو نۆبەرە کوڕی (جیمز) و (هویت بارۆمیل) بوو، باوکی (جیمز میل) یەکێک لە بەرجەستەترین فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی و کاریگەرترین کەس بووە لە ساڵانی خەملینی کەسێتی (جۆن ستیوارت میل)دا. (جیمز میل) لەپێناو پەروەردەی منداڵەکانیدا بەتایبەت کوڕە گەورەکەی واتا (میل)، کاتێکی زۆری تەرخانکرد.

(جۆن ستیوارت میل) لەڕێگەی وانەکانی باوکییەوە، لە تەمەنی (3) ساڵیدا زمانی یۆنانی فێر بوو، پاش ماوەیەک توانی ئەم زمانە بخوێنێت. لە تەمەنی (8) ساڵیدا سەرقاڵی فێربوونی لاتینی بوو، پاشان کۆمەڵێک بەرهەمی بەم زمانە خوێندەوە.

(جۆن) سەرجەم کاتژمێرەکانی ژیانی رۆژانەی بۆ خوێندنەوە، پاشان وانەگوتنەوە بە خوشک و براکانی دەبردەسەر. لە تەمەنی (12) ساڵیدا وێڕای خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکییەکانی یۆنان، وانەکانی ماتماتیک و ئەندازە و ژمێریاریی فێردەبوو. جۆن دەیوت:»یەکەمین کاری فکریم لە هەر پیشەیەکدا کە پەنام بۆ دەبرد، شیکردنەوەی پاساوە نادروستەکان و دۆزینەوەی شرۆڤە نهێنییەکانی بوو«.

ناوبراو لە تەمەنی (13) ساڵیدا، قۆناغێکی کامڵی ئابوری سیاسی لەلای باوکی خوێند، پاشان لە تەمەنی (14)ساڵیدا وانە فەرمییەکانی (جۆن ستیوارت

میل) تەواو بوون. (میل) لە ژیاننامەی خۆیەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بەهۆی کاریگەریی ئەو وانە فەرمییانەی لە باوکییەوە وەریگرتووە، کاتێک چووە نێو مەیدانی ژیانەوە، نیو سەدە لە هاوچەرخەکانی پێر کەوتەپێش. سەرەنجام ناوبراو لە (8ی ئایاری 1873ز) بەهۆی وەستانی لەناکاوی دڵەوە، لە (ئەڤینیۆن) کۆچی دواییکرد، دوا وتەشی ئەمە بوو: (دەزانم کارەکەم ئەنجام داوە).

***قوتابخانەی سودگەرایی**

ناوبراو بیرمەندی سەدەی نۆزدەهەمی بەریتانیا و نوێنەری قوتابخانەی لیبرالیزم و خاڵی بە یەکگەیاندنی قوتابخانە سیاسییەکانی لیبرالیزم و سۆشیالیزم بوو. بیرمەندانی قوتابخانەی سودگەرایی، چەمکی (پێوەر)یان لە هەموو مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ئەخلاقدا بە پێویست دەزانی، بنیاتنەرانی ئەم قوتابخانەیەش بریتین لە (جێرمی بینتام) و (جیمز میل)ی باوکی جۆن ستیوارت میل. ئەم بیرمەندانە لەو بڕوایەدان کاری باش و سودمەند هەر بە یەک کار دادەنرێن، (سودمەندیی) فاکتەری بەختەوەرییە.

بەپێی پرەنسیپەکانی ئـەوان، ئامانجی رەفتاری مرۆیی پێویستە فەراهەمهێنانی بەرزترین ئاستی خۆشگوزەرانی لەپێناو زۆرترین تاکی کۆمەڵگە بێت. (سـود) بنەمای سەرجەم فەزیلەتەکانە، ئاراستەکردنی بەهاکانمان بەرەو چێژ سنورێکی دیاریکراوی هەیە.

میل دواتر پێداچوونەوەیەکی بە پرەنسیپە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی سودگەراییدا کرد، مەسەلەی (دادپەروەریی کۆمەڵایەتی) کرد بە گرنگترین باسوخواسی سیاسی و ئابوری خۆی. پێویستە ئەوەش بهێنینەوە یاد کە کۆمەڵگەی بەریتانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گرنگترین بەرهەمەکانی میل، لەو سەروەختەدا بەریتانیا پێشکەوتووترین کۆمەڵگەی پیشەسازی جیهان بوو.

### *سودگەرایی

ناوبراو لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەناوی (سودگەرایی Utilitarianism) کە لە ساڵی (1861ز) بڵاویکردەوە، مەسەلەی (دادپەروەریی) خستۆتەڕوو، خۆشبەختی هەر مرۆڤێک بە خێروبێر دادەنێت، لەو بڕوایەدایە خۆشبەختی گشتی خێروبێرە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، زیادبوونی قازانج و بەختەوەریی و چێژیش بە پێوەرێکی ئەخلاقی بۆ رەفتاری مرۆیی دادەنرێت.

میل (چۆنایەتی)ی لەگەڵ (چەندایەتی)ی بەختەوەریی هەڵدەسەنگێنێ، لەو بڕوایەدایە (مرۆڤ خاوەنی هەستی ئەخلاقیانەیە، ئەگەرچی ئەمە کارێکی سروشتییە، بەڵام ئەخلاق لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک نابێت و پێویستە لەڕێگەی پەروەردەوە فێری ببێت).

میل چەمکی (دادپەروەری)یش لە ڕیزی ئەو هەستانەدا دادەنێت و وەک (هەستێکی هاوبەش لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا) دەینرخێنێت.

لە فەسڵی پێنجەمی ئەو پەرتوکەیدا و لە تاوتوێی پەیوەندی نێوان (دادپەروەریی و قازانج)دا، ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە، کە هەستێکی بەهێز و وێنایەکی ڕوون بۆ چەمکی دادپەروەریی، بەشێوەی غەریزە دێتە نێو هزری مرۆڤەوە.

بەپێی تێڕوانینی زۆرینەی فەیلەسوفان، هێمایەک بۆ تایبەتمەندیی ناوخۆیی هەقیقەت و بەڵگەی دادپـەروەری لەپێناو ئەوەدایە، کە کاری دادپەروەرانە پێویستە بە شێوەیەکی ڕەها لە سروشتدا هەبێت، بەڵام چ بوونی هەستی سروشتیانەی دادپەروەریی قبوڵ بکەین، یاخود وەک پێوەرێکی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتاری دروست بیخەینەڕوو، ئەوا هەردوو تێگەیشتنەکە بۆ ئەو ڕاستییە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

***کۆت و بەندی ژنان**

کۆت و بەندی ژنان پەیامێکە (جۆن ستیوارت میل) لە ساڵی (1869ز)دا بڵاویکردەوە. لەو سەروەختەدا، ژنانی بەریتانیا هێشتا لە زۆرینەی مافەکانیان وەک مافی دەنگدان بێبەش بوون، لەم ڕووە کاتێک (میل) بەرگری لە مافەکانی ژنان کرد، کەسانێک گاڵتەو گەپیان بە قسەکانی دەکرد، بەڵام ئەو لە ناخی دڵەوە لەو بڕوایەدا بوو، کە بارودۆخی ئێستای ژنان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا تەبا نییە، ژنان پێویستە لەگەڵ پیاواندا خاوەنی مافی یەکسان بن.

(میل) لە سەرتاسەری ئەم پەیامەدا هەوڵیدەدا بیسەلمێنێت کە رەفتار و هەڵسوکەوت و پێگەی ئێستای ژنان زادەی سروشت نییە، بەڵکو لە دیدگاکانی نێو کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە. پەیامەکەی (میل) بە بڕوای زۆرینەی چاودێران، یەکێکە لە باشترین ئەو بەرهەمانەی تائێستا بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان نوسراون.

*** پرەنسیپە ئەخلاقییەکان:**

**(میل) ئەخلاق بۆ دوو دەستە دابەشدەکات**

1. ئەرکی ئەخلاقیانەی تەواو: برینین لەو ئەرکانەی کە پراکتیزەکردنیان کەوتوەتە ئەستۆی خودی خۆمانەوە، وەک (بەخشندەیی، یاخود چاکەکاری).

ئەگەرچی ئەو فەزیلەتانە بە ئەرکێکی ئەخلاقی دێنە هەژمار، بەڵام هیچ کەسێک نالێت کە بەدیاریکراوی لەکوێ و لە بەرامبەر کێدا دەبێ ئەنجامیان بدەین.

2. ئەو ئەرکە ئەخلاقییە تەواوەتیانەی کە پێویستە هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا پراکتیزە بکرێن، بۆ نموونە حەزی دادپەروەریی دەچێتە ئەم خانەیەوە.

لە ڕوانگەی (میل)ەوە، جوداکاریی لەنێو هاوڵاتیاندا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی نادادپەروەریی. ناوبراو بۆ ڕوون کردنەوەی جیاوازی نێوان (دادپەروەری) و فەزیلەتەکانی وەک (بەخشندەیی، یاخود چاکەکاری)، ئەوە دەخاتەڕوو کە دادپەروەریی تەنها بەمانای ئەوە نییە ئەو کارەی هەقە ئەنجامی بدەین و ئەوەی ناهەقە خۆمانی لێ بەدوور بگرین، بەڵکو دادپەروەیی بەو مانایەیە هەر کەسە بتوانێ لەهەمبەر ئێمەدا وەک مافێکی ئەخلاقی داوای مافەکانی خۆی بکات، لەکاتێکدا هیچ کەسێ ناتوانێ لەهەمبەر ئێمەدا داوای هەقی خۆی لە بواری (بەخشندەیی و یاخود چاکەکاری)دا بکات.

(میل) وێڕای ئەو شیکردنەوانە، لەو بڕوایەدایە چەمکی (دادپەروەری نازناوی زنجیرەیەک ڕێسای ئەخلاقیانەیە، بە بەراورد لەگەڵ ڕێسا ڕەفتارییە پراکتیکییەکانی تریشدا، لەپێناو خۆشبەختی مرۆڤایەتیدا خوڵقاوە و بەشێوەیەکی نامەرجدار ئەرکی مرۆڤن.

(میل) دەستەواژەی (داخوازی هەق و مافی هەر کەسێک لە هەمبەر کەسەکانی تردا) بە ئەرکێک دادەنێت، سروشتی وێنای چەمکی دادپەروەریش لەم دەستەواژەیەدا دەدۆزێتەوە.

***ئاسایش**

(ئاسایش) لە ڕوانگەی هەر مرۆڤێکەوە لە هەموو بوارەکانی دیکە چارەنوسسازترە. مرۆڤ دەتوانێت چاوپۆشی لە زۆرینەی پێداویستییەکانی تری لە جیهاندا بکات، یاخود بە شتی تر ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێیان پێ بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت چاو لە (ئاسایش و ئارامی) بپۆشێت، چونکە تەنها لە ڕێگەی (ئاسایش) ەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە بەدبەختی بپارێزێت.

لەم دیدگایەوە ئەو ڕێکارە ئەخلاقییانەی ڕێگە لە زیان گەیاندنی مرۆڤەکان بە یەکتر دەگرێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕێکارە ڕەفتارییانەی تەنها بۆ بوارێکی

ژیان دانراون، بایەخێکی زیاتریان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆیی هەیە، چونکە پەیڕەوی لەو ڕێکارانە دەبێتەمایەی فەراهەمکردنی ئاشتەوایی. ئەگەر پەیڕەویی لەم دەستورانە بەپێی ڕێسایەک دانەڕێژرێت و هەموو لادانێکی لێ وەلانەنرێت، ئەوا هەر مرۆڤێک دوژمنەکەی خۆی لە بوونیەتی مرۆڤەکانی تردا دەبینێتەوە.

ئەرکەکانی پەیوەست بە پیادەکردنی دادپەروەریش، لە پرەنسیپی هەمان ئەو دەستورە ئەخلاقیانەوە هەڵقوڵاون.

(جۆن ستیوارت میل) پاشان مەسەلەی (دادپەروەریی دادوەری) دەخاتەڕوو، ڕایدەگەیەنێت کە ئەم پرەنسیپەی (پێویستە هەر کەسێ چی شایستەیەتی پێویستە پێی ببەخشرێ) واتا (چاکە بۆ چاک و خراپەش دەرهەق بە خراپ) پیادە بکرێت، ئەمەش نەک تەنها جەخت لەسەر چەمکی دادپەروەری دەکاتەوە، بەڵکو هاوکات هەستێکی هاوبەشی تایبەتییە لەپێناو نرخاندنی مرۆڤدا، (دادپەروەریی) لە قازانجێکی خاوێنیش باڵاترە.

***دادپەروەیی لە دابەشکردندا**

بە بڕوای میل (دادپەروەریی بریتییە لە دابەشکردن بە مۆدیلی ئەرستۆ)، بەو مانایەی پێویستە لە هەمبەر هەموو ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی یەکسان خزمەتیان بە کۆمەڵگە کردووە، بە شێوەیەکی یەکسانیش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش باڵاترین پرەنسیپی گشتی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنە.

هەموو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدانی سەرجەم هاوڵاتیان لە بەرزترین پێوەردا، دەشێت لەسەر ئەم پرەنسیپە دابڕێژرێت.

ئەم ئەرکە مەزنە ئەخلاقییە، خاوەنی ڕەگوڕیشەیەکی قوڵە، چونکە دەستەواژەیەکی لاوەکی نییە، بەڵکو لە باڵاترین پرەنسیپی ئەخلاقییەوە هەڵقوڵاوە و بەشێک لە چەمک و پرەنسیپی قازانج، یاخود بەختەوەریی مەزن لەخۆدەگرێت.

کەواتە دادپەروەریی ناوێکە لەپێناو مەسەلە دیاریکراوەکانی ئەخلاقدا، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیانە لەبەرچاوی بگرین، ئەوا لە پلەبەندی تایبەت بە قازانجی کۆمەڵایەتیدا، پلەیەکی بەرزی هەیە. لەبەر ئەم فاکتەرەش، لە ئاستێکی باڵادا پێویستی بە بەڵێنی جێبەجێکردنە. دادپەروەریی ناونیشانێکی گونجاویشە، لەپێناو ئەو بوارەی قازانجی کۆمەڵایەتیدا کە لە سەرجەم بوارەکانی تر بایەخی پترە.

**دوا وتە***

(میل) لە کرۆکی تیۆرەکانی خۆیدا چەمکی (دادپەروەری) بەکارهێناوە و لەو بڕوایەدایە: بانگەشەی هەقی هەر کەسێک لە هەمبەر کەسانی تردا، هەروەها پرەنسیپی یاسایی و ئەخلاقی مانای ئەوە دەگەیەنن کە لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپانە، هەر کەسە و مافی شیاوی خۆی وەردەگرێت.

بەو مانایەی (جۆن ستیوارت میل) چەمکی دادپەروەری وەها پێناسە دەکات، کە بریتییە لە (رەفتاری یەکسان لەگەڵ هەمووواندا) و (دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوە مادییەکان بەگوێرەی جیاوازی نێوان کەسەکانە لەگەڵ یەکتردا).

(میل) پێیوایە خەسڵەتی (ئەرکی دادپەروەریی) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە سود دەبەخشێت و بەختەوەرییەکی مەزن بۆ هەمووان دێنێتەدی.

لە ڕوانگەی (مـیـل)ەوە، هەر هاوڵاتییەک بەپێی ئەو سودەی دەیگەیەنێت، پەرە بە سودی کۆمەڵایەتی گشتی دەدات، پاشان لەو ڕێگەیەوە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەرەو زیاتر دەچێت، لە هەمانکاتدا لە دۆخێکی دیاریکراوی مێژوویی و نایەکسانی کۆمەڵایەتیشدا، ئەم خەسڵەتە دەتوانێ قازانج بە کۆمەڵگە بگەیەنێت.

لەو هەلومەرجەدا، مامەڵە لەگەڵ گشت هاوڵاتیاندا رووبەرووی کۆمەڵێت سنورداریێتی دەبێتەوە، بەڵام ناتەبایی نێوان ئاراستە جۆراوجۆرەکان

و ناکۆکییە چینایەتییەکان هەمیشە لەئارادان، سەرەنجام ئەم خەسڵەتی سودگەیاندنە بەسەر هەموویاندا زاڵ دەبێت.

بە بڕوای (میل)، ناکۆکییەکان لە چوارچێوەی سیستەمی ئابوری سەرمایەداریشدا، لەڕێگەی ریفۆرمەوە شیاوی چارەسەرن.

بەمشێوەیە (میل) لە بەرهەمەکانی خۆیدا لایەنگری ڕیفۆرمێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی لە سیستەمی ئابوری سەرمایەدارییدا دەکرد، ناوبراو خوازیاری ئەوەش بوو، کە کرێکاران لە ژیانی پەروەردەیی و فێرکاریی کۆمەڵگەدا بەشدار بن.

(میل) مەسەلەی نایەکسانی پێکهاتەی لەو سیستەمەی لەسەر بنەمای ئابوریی سەرمایەداریی بنیاتنراوە، تا ئەو شوێنە لەلای قبوڵە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بتوانن سود لەو موڵکایەتی تایبەتییە وەربگرن.

ناوبراو لە ئاقاری داکۆکییەکانی خۆیدا لە ئازادی تاکەکەس، لەپێناو گەشەی کەسێتی ئەو مرۆڤانەدا، پشتیوانیشی لە کۆدەنگی لیبڕاڵیستانەی کرێکاران، لەپێناو دامەزراندنی سەندیکا و ڕێکخراو و یەکێتییەکاندا دەکرد.

بێگومان ئازادی تاکەکەس لەلای (میل)، بەر لە هەرشتێک بریتییە لە (ئازادی ویژدان) و (ئازادی رادەربڕین). ترسی (میل) لە هاتنەئارای تۆتالیتاریزم لە مەیدانی گشتیدا، لەبەر خاترانەی ئەم ئازادییانەیە.

(میل) لەو بڕوایەدایە هەر تاکەکەسێک دەشێت بەدوای خێرو چاکەی خۆیەوە بێت، بەو مەرجەی ئەم ڕەوتە زیان بە بەرژەوەندی کەسانی تر نەگەیەنێت.

(میل) تا ئەو ئاستە موڵکایەتی تایبەت بە شیاو دادەنێت، کە نەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ بوونی ئەو هاووڵاتیانەی جگە لە هێزی کاری خۆیان، چیتر شک نابەن. بەختەوەری هەر مرۆڤێک پێویستە بە ئەندازەی خۆشبەختی هەر مرۆڤێکی تر لەبەرچاو بگرین، سەبارەت بەمەش کە هەر

کەسە و بەشێوەیەکی یەکسان خوازیاری خۆشبەختیە، بەو مانایەیەی کە هەر کەسە پێویستە خاوەنی ڕێوشوێنی گەیشتن بەو بەختەوەرییە بێت، بەدەر لە کۆمەڵێک پاساوی ئەو سنور و هێڵانە نەبێت، کە هەلومەرجی تایبەتی ژیانی مرۆیی و بەرژەوەندی گشتی بەسەرماندا دەسەپێنن.

**سەرچاوە:**

مجله معرفت نو، شماره 1، سال 1390، ص (46–53).

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |